دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٠٠

www. kurdistanukurd.com

شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٧ ـ ٢٠ی دیسامبری ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**بەیاننامە : بە بۆنەی شێستەمین ساڵرۆژی....**

سیاسی




**ڕاگەیاندراو: بە بۆنەی پێکهاتنی کۆبوونەوەی ...**

کوردستانی



**ڕۆڵی ڕێبەرانی باشووری کوردستان لە چارەسەری پرسی کورد لە باکوور**

کۆمەڵایەتی



**لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان**

# "کوردستان" زمانی خەباتێکی نەپساوە




## کورتە پەیڤێك سەبارەت بەم ژمارەیە

عەولا بەهرامی

ئەم ژمارەیە پێنجسەدەمین ژمارەی دەوری سێیەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە، ڕۆژنامەیەك کە دەوری یەکەمی ٦٣ ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بڵاوکرایەوە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەویش وەك ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە دوا بە دوای شەهید کرانی پێشەوای سەرکۆمارو هاوڕێیانی تێکۆشانی نهێنییان دەست پێ کردوە، سەرەڕای هەموو دژوارییەکانی سەر ڕێگە هەرچەند بە پچڕپچڕی لە تێگۆشاندا بووە و وەك زمانحاڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات ماوەتەوە.

یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیە (کە دوای دەورەی سەردەمی کۆمار بە یەکێك لە بەردەوامترین دەورەکانی دەژمێردرێ) لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩دا لە لایەن ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب کە لە بەغدا گیرسابوونەوە بە سەرنووسەریی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بڵاوکراوەتەوە.

"کوردستان" بەم پێیە کە زمانحاڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە لەم دەورەیەشدا لە هەموو بارێکەوە بەستراوەی ئەو هەلومەرجە بووە کە ئەوانی تێدا بوون. لەم دەورەیەدا کە تا ئێستا ٣٨ ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە، "کوردستان" (جگە لە ماوەیەکی کورت دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کە توانی بە ئاشکرا چاپ و بڵاوبێتەوە) لە تاراوگە، لە چیاو ئەشکەوتەکانی کوردستان و چاپ کراو و بە نهێنی بڵاوبۆتەوە. بە چەشنێك کە زۆر جار (ئێستاشی لەگەڵدا بێ) ئەوانەی بڵاویان کردۆتەوە و خوێندویانەتەوە لە بەندیخانەکانی ڕێژیمەکانی شا و ئیسلامی پەستێونراون.

بەداخەوە "کوردستان" ئێستاش بە ناچار لە تاراوگەدا چاپ دەکرێ‌و بە نهێنی دەگاتە دەستی خوێنەرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیە کە وەك سەردەمی کۆماری کوردستان بە ئازادی چاپ بێ و بگاتە دەستی خوێنەرانی.

دەرچوونی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دەکەینە دەرفەتێك بۆ ئەوی ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە بگرین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەم ڕۆژنامەیەدا زەحمەتیان کێشاوەو بەرێزیشەوە یادی ئەو کەسانە دەکەینەوە کە هاوکاری ئەم ڕۆژنامەیە بوون، بەڵام بەداخەوە شەهید بوون یان لە ژیاندا نەماون.

## لە سێ مانگی پاییزدا:

# زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتی کورد لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژراون و بریندار بوون یان دەسبەسەر کراون



بە پێی راپۆرتێك كە ناوەندی هەواڵی "كوردستان و كوردنیوز" بڵاوی كردۆتەوە لە ماوەی ٣ مانگی پاییزی ئەمساڵ دا زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتی كورد بە هۆكار و شێوازی جۆراوجۆر لە لایەن هێزەكانی ڕێژیمەوە كوژراو و بریندار و یان دەسبەسەر كراون.

بە پێی ئەم راپۆرتە لە پاییزی ئەمساڵ دا ٢٩ هاووڵاتی كوژراو، ٣١هاووڵاتی بریندار و٥٩ هاووڵاتی دیكەش دەسبەسەر كراون. لە كۆی ٦٠ كەس، ٤٠ كەسیان راستەوخۆ بە تەقەی هێزەكانی ڕێژیم كوژراون و بریندار بوون. زۆربەی ئەوانەی دیكەش لە كاتی راوەدونان لە لایەن ئەو هێزانەوە بە رووداوی هاتووچۆ كوژراو یان بریندار بوون و هەروەها چەند كەسێكی دیكەش بە شێوەی تیرۆر لە لایەن كەسانی سەر بە ڕێژیمەوە كوژراون كە لەوانە دەكرێ ئاماژە بە ٢ مامۆستای ئایینی مەلا ئەبوبەكری تینا و مەلا ئەبوبەكری قاریانی، ئەشرەف حوسێن پەناهی چالاكی مەدەنی و برای ئەنوەر حوسێن پەناهی چالاكی مەحكوم بە ئێعدام و هەروەها چالاكی سیاسی عوسمان ئیبراهیمی بكەین.

ئامارەكان نیشان دەدەن كە لەو سێ مانگە دا گوشارەكان بۆ سەر چالاكانی مەدەنی و سیاسی پەرەی سەندووە. هەر لەو ماوەیەدا ١٦ چالاكی مەدەنی دەسبەسەر و چالاكێكی مەدەنی دیكەش بە ناوی ئەشرەف حوسێن پەناهی لە لایەن هێزەكانی ڕێژیمەوە تیرۆر كراوە. هەروەها لەو ماوەیەدا ١٦ چالاكی سیاسی دەسبەسەر و ٢ چالاكی سیاسی دیكەش بە ناوەكانی محەممەدی عوسمانی و عوسمان ئیبراهیمی كوژراون. جێی ئاماژەیە محەممەدی عوسمانی كە لە بەندیخانەی سەردەشت بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموكراتی كوردستان حوكمی ئێعدامی بەسەر دا سەپابوو، لە كاتی گواستنەوەی بۆ بەندیخانەی مەهاباد لە ڕێگا لە لایەن خودی هێزەكانی ڕێژیمەوە شەهید دەكرێ.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ چالاكانی سیاسی دا پێویستە بگوترێ كە دانی ١٢ كەس لە دەستبەسەر كراوان تۆمەتی پێوەندی بە حیزبە كوردییەكانیان دراوەتە پاڵ.

هەروەها ئامارەكانی "كوردستان و نیوز" لە سێ مانگی پاییزدا لەمەڕ كاسبكارانی سەر سنور ئەوەمان پێ دەسەلمێنن كە ئەم توێژەی كۆمەڵگای كوردستان زیاتر لە رابردوو لە لایەن هێزەكانی ڕێژیمەوە كەوتوونەتە ژێر فشارەوە بە جۆرێك كە لەو ماوەیەدا ٢٠ كاسبكار كوژراو، ٢٧ كاسبكار بریندار و ١٤ كاسبكاری دیكەش دەسبەسەر كراون.

شایانی باسە پێشێلكارییەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لەمەڕ توێژە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆر لەوە زیاترن. "كوردستان و كوردنیوز" بۆ ئامادەكردنی ئەم ئامارانە تەنیا پشتی بەو هەواڵ و زانیارییانە بەستووە كە لە لایەن هەواڵنێرانی خۆیەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستانەوە ناردوویانە.

# بەشداریی نوێنەری حیزب لە كۆنفرانسی "ئاشتی و چەك داماڵین " لە پارلمانی ئورووپا



ڕۆژی سێ شەممە ١٩ی سەرماوەز، گرووپی سۆسیالیستی پارلمانی ئورووپا بە بەشداریی ژمارەیەكی بەرچاو لە بەرپرسانی دەوڵەتی و لێكۆڵەران و ڕێكخراوە مەدەنییەكان، كۆنفرانسێكی لە ژێر ناوی "ئاشتی و چەك داماڵین " لە پارلمانی ئورووپا لە برۆكسێل بەڕێوە برد.

لەم كۆنفرانسەدا كە لە سەر بانگهێشتی گرووپی سوسیالیستی پارلمانی ئورووپا، كاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دیموكراتی كوردستان بۆ پارلمانی ناوبراو بەشداریی كردبوو دەیان كەس لە كەسایەتی و لێكۆڵەرانی بە ناوبانگ، بابەتی كۆنفرانسەكەیان لە روانگەی جۆراوجۆرەوە تاوتوێ كرد.

شایانی باسە لە درێژەی كاری كۆنفرانسەكەدا راپۆرتێك لە سەر رەوشی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كە لە لایەن كۆمیتەی دەرەوەی حیزبەوە ئامادە كرابوو لە نێو بەشدارانی كۆنفرانسەكە بڵاو كرایەوە.

# ئەندامێكی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ڕووداوێكی دڵتەزێن دا گیانی لە دەست دا



بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری مەریوانەوە، ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەز سامان ڕەحیمی، كوڕی ڕەزا خەڵكی مەریوان لە كاتی كار كردن لە شاری تاران بە هۆی رووداوی كارییەوە گیانی لە دەست دا.

سامان ڕەحیمی ساڵی ١٣٦٦ لە ئاوایی "سەروماڵ" ی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان لە دایك بوو، تا پۆلی ٣ی ناوەندی دەرسی خوێند، پاشان دەستی لە خوێندن هەڵگرت و بۆ دابینكردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەكەی ملی لە كاركردن ناو رووی كردە شارە گەورەكانی ئێران.

سامان ڕەحیمی ساڵی ١٣٨٥ بە فەرمی پێوەندی بە حیزبی دێموكراتی كوردستانەوە گرتووو وەك ئەندامی نهێنی لە ناوخۆی وڵات بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەكانی حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی تێ دەكۆشا.

هەر بوم بۆنەوە، ڕۆژی چوار شەممە ٢٧ی سەرماوەز، لە بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستان كۆڕی پرسە و سەرەخۆشی بە بەشداریی هوشەنگ ڕەحیمی، برای سامانی جوانەمەرگ و پێشمەرگەكانی حیزب لە ناوەندی جنوبی كوردستان بەڕێوە چوو.

# چالاكیی تەبلیغی ئەندامانی ڕێكخستنی نهێنی بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی كوردستان و هەروەها ساڵرۆژی لە دایكبوونی ڕێبەری مەزنی گەلی كورد دوكتور قاسملوو، ئەندامانی سەر بە ڕێكخستنی نهێنی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ئاستێكی بەربڵاودا لە زۆربەی شارو ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان چالاكیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەم چالاكییانە بە شێوەی بڵاوكردنەوەی تراكت و وێنەی تایبەت بەڕێوەچوو. هەروەها مەقامی پێشمەرگەی كوردستان گرت. لاوانی كورد بە ناردنی SMS و لە بەركردنی جلی كوردی و پیرۆزبایی كردن لە یەكتر ٢٦ی سەرماوەزیان پیرۆز ڕاگرت.




لایەنگرانی حیزب و لاوانی نیشتمانپەروەری كوردستان لە بەرەبەری ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بۆ ڕێز گرتن لەو ڕۆژە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێزیان لە

بەشێك لەو شارو ناوچانەی كە لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە چالاكییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە:

سەردەشت: فەرهەنگیان، ترمینالی كۆن، كۆڵانی مەهابادیان، دەوروبەری ماڵی مامۆستایان، شارۆچكەی میراوێ، جادەی ئاڵوەتان ـ میراوێ و...

بانە: دەوروبەری نەخۆشخانە، موخابەراتی كۆن، قوتابخانەكانی شاهید و سەید قوتب، بانە كۆن، كەمەربەندی٢، دەوروبەری دادگا، بلواری سلێمان بەگ، گەڕەكەكانی پادگان و سەبت ئەحواڵ، فەلەكەكانی سەعات و مروەتی، مزگەوتی جامیعە، ئەماكن، گوڵشەهر، ئازادەگان، تەوحیدو پاساژەكانی خدری، نوور، ئەلماس و نگین و...

شنۆ: گەڕەكی سەلیم ئاوای خوارێ، دەوروبەری "ایران خودرو"، ئاواییەكانی سینگان، ئەمیر ئابادو شێوەسماك، چوارڕیانی كارگەر، شەهرەكی سەرو، دەریاو دیمەن...

مەریوان: جادەی كەمەربەندی ١و٢، شەبرەنگ، كوڕەی موسەوی، بیمارستانی كۆن، تەكیە، بەهاران و...

سنە: زانكۆی كوردستان، كۆلیژی ئینسانی زانكۆی ئازاد، ئامووزشگای فەننی ـ حیرفەیی، مەیدانی ئیقباڵ، كۆڵانەكانی دەوروبەری چوارڕیانی شەریف، شەقامەكانی سیروس، كوشتارگا، ١١میتری، گەڕەكی گەلەخان، پشت تەكیەی شێخ عەباس، مەیدانی نەبوەت، تەپەی پیرمحەممەدو...

پیرانشار: گەڕەكەكانی پاداش، جێژنی، مزگەوتەكانی نوور و قودس، فەلەكەی مامۆستا هەژار، كۆنەخانێ و ڕێگای شیناوێ و...

# لە یادی دەرکەوتنی ئەستێرەیەکی پرشنگدار دا

## (بەبۆنەی شەوی یەڵدا، شەوی لە دایکبوونی قاسملووی رێبەرەوە)

"شەوی یەڵدا درێژترین شەوی ساڵ، شەوی لە دایکبوونی رێبەری گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە. ئەم شەوە لە مێژە لە نێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و لایەنگرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بووە بە شەوی یاد کردنەوە لەم رێبەرە مەزن و ئازادیخواز و نەتەوەییە کە هەر لە هەرەتی لاوەتییەوە بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ (١٣٢٤) هاتە مەیدانی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەیەوە. قاسملووی رێبەر لەو ساوە تەمەنی خۆی بۆ رزگاریی و سەربەستیی نەتەوەکەی تەرخان کرد و لە کۆتاییش دا گیانی لەم پێناوە دا بەختی بارەگای ئازادیی کوردستان کرد.

بێجگە لە بەردەوامی و شێلگیری لە خەبات شتێك كە بووە هۆی ئەوەی قاسملوو هەر زوو ببێتە سیمایەکی ناسراو و رێبەرێکی نەتەوەیی، بریتی بوو لە خۆتەیار کردنی ئەو بە زانستی سیاسیی سەردەم و جێگیر کردنی گەلێك پرنسیپ و میتۆدی سەردەمیانە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دا، تایبەتمەندییەك کە ئەوی لە زۆربەی رێبەرانی پێش خۆی جیا کردبۆوە.



ئەم تایبەتمەندییانە و گەلێك تایبەتمەندیی بەرزی دیکە ئەگەر لە لایەك بوونە هۆی ناسراویی د.قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، لە هەمان کات دا سیمای رێبەرێکی کاریزمایان لەو لە بیر و زەینی خەڵکی کورد بە گشتی و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو دروست کرد.

هەر بۆیەش دەبینین رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەمیشە بەرێزەوە یادی دەکەنەوە و ناو و یادی هەردەم لە لایەن سەوز و زیندوویە.

لە یادی لە دایکبوونی قاسملووی رێبەردا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی هەمیشە زیندووی و ئاواتەخوازین لە رۆژی ئەو ئازادی و سەربەستییەی ئەو و سەرجەم شەهیدانی کوردستان بە سەخاوەتەوە گیانیان لە پێناویدا بەخشی وەك شایانی بەرزیی ئەوانە یادیان بکەینەوە.

**کارگێران و دەستەی بەرێوەبەریی کوردستان"**

### لە رێورەسمی ساڵانەی رۆژی پێشمەرگەدا:

# پێشمەرگەی کوردستان رێزی لێ گیرا

کاتژمێر ٢ی دوانیوەرۆی ئەمرۆ، سێ شەممە (٢٦ی سەرماوەز) رێورەسمی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی رێبەرایەتیی، سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگە، بنەماڵەو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکانی باشووری کوردستان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەرێوە چوو.

رێورەسمەکە بە سرودودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" دەستی پێ کرد. دواتر سەبارەت بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان و رۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی کوردستاندا فیلمێکی دیکۆمێنتی کە لە لایەن کوردکاناڵەوە ئامادە کرابوو پێشانی ئامادەبووان درا.

پاشان پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە ئامادە کرابوو لە لایەن برایم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە پێشکەش کرا. ناوبراو سەرەتا سەبارەت بە رووداوە مێژووییەکەی رۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دواو وێڕای گرنگ نرخاندنی ئەم رۆژە لە مێژووی نەتەوەکەماندا کە لەودا دوایین ئاسەواری رێژیمی شایەتی کۆ کرایەوەو بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان هەڵ کراو وتی: ئەم رووداوە ئەزموون و سەرەتایەك بوو، بۆ ئەوەی رۆڵەکانی گەل و وڵات راستەوخۆ لە شکڵی سوپای میللیدا کاروباری پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆیان بە دەستەوە بگرن، بە جۆرێك کە لە دواییدا ببنە باسکی بە هێزی گەل و پارێزەری کۆماری کوردستان کە لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد راگەیەندرا.

زێوەیی لە درێژەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە فاکتەرو هۆکارە نێوخۆیی و جیهانییەکانی رووخانی کۆماری کوردستان، نەپساوەیی خەبات و شۆڕشی نەتەوەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایە بەرباس و وتی: پاش رووخانی کۆماری کوردستان بە هۆی هۆکاری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکان، گوشارو زەبرو زەنگ کوردستانی خۆشەویستی داگرتەوە، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە خەبات و چالاکی و کۆڵنەدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان وازیان نەهێناو زۆری نەخایاند تێکۆشەرانی ئازاو بەجەرگی کورد و حیزبی دیموکرات دووڕگە بە ناو ئارامەکەی رێژیمی پاشایەتییان بە وەڕێخستنی بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ شڵەقاندو ئاڵای خەباتیان بە شەکاوەیی راگرت.









ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا ئاماژەی بە حزووری ئەمساڵی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا کردو وتی: لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا حزوورو چالاکیی پێشمەرگە بە شێوەی جاران لە گۆڕێدا نەبووە، بۆیە رێژیم پێی وابوو بە یەکجاریی دیوارێکی بەرز لە نێوان خەڵك و پێشمەرگەدا هەڵ چنراوە، بەڵام ئامادەبوونی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب دوای کۆنگرەی ١٤ ئەو خەیاڵە خاوەی رێژیمی کردەوە بڵقی سەر ئاوو هەروەك دیتیشمان لەو پێناوەدا چوار رۆڵەی لێهاتووو بەجەرگی گەلەکەمان گیانی خۆیان بەختی ئازادی و بەختەوەری نیشتمان کرد. ناوبراو لەم بارەیەوە وتی: هەرچەند حزووری کادرو پێشمەرگە لە نێو خۆی کوردستان باجی خۆی دەوێ، بەڵام ئیمان بە رێبازی حیزب و گەل، لە رویەك و لە لایەکی دیکەش چوونە سەری وشیاری و شعووری نەتەوەیی، هەستی فیداکاریو لە خۆبوردوویی رۆڵەکانی گەل دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە ئاسانی بە سەر هەموو کۆسپو لەمپەرەکان زاڵ بێ. هەروەك دیتمان چۆن ٤ رۆڵەی ئازاو قارەمانی رۆژانی تەنگانە واتە شەهیدان شێخ غەریب حەسەنی ، هەمزە عەبودڵڵایی ناسراو بە سارتکەیی قادر نەزمیو قادرقادری زۆر بە سەخاوەتەو گیانی خۆیان کردە قوربانی لە پێناو وڵاتێکی ئازادو سەربەستو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

لە دوایین بەشی وتەکانیدا ئەو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی سیاسیی ئەمرۆی ئێران ئەو قەیران و تەنگژانە کرد کە رووبەڕووی رێژیم بۆتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە میتۆدی سەرکوت کە میتۆدی هەمیشەیی و سەرەکیی رێژیمە چیدیکە ناتوانێ لە ئاست وشیاری و روو لە گەشەو ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکدا کارایی بنوێنێ. هەر لەم پێوەندییەدا پێی وابوو مانەوەی رێژیمی ئیسلامی نەك هەر لە بە هێزی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە ناگرێ بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ هێندێك فاکتەری دیکە وەك لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن و فاکتەرە دەرەکییەکان.

لە بڕگەکانی تری رێورەسمەکەدا پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تریفە سادقی جێگری ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و زورار زەرزا ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتیی لاوانەوە بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە خوێندرانەوە.

شایانی باسە چەند بڕگەی هونەری بریتی لە مەقام و گۆرانی و پەخشان نێوئاخنی رێورەسمەکە بوون کە بریتی بوون لە:

ـــ سروودی "بژی بژی پێشمەرگە" و "مەرێژن بۆم فرمێسکی خەم" (کۆڕی هونەریی حیزب)

ـ گۆرانیی "شەهید" (سارێژ حەکیم زادە)

ـ گۆرانیی "وەتەن" (فەرهاد ساڵحی)

ـ کورتە پەخشانێك لە لایەن مێرمنداڵی خاوەن بەهرە زانکۆ خاکییەوە.

لە دوایین بڕگەی رێورەسمی رۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا هونەرنەمایی تیمی کۆنگفۆی "وڵات" نواندنێکی رەزمییان پێشکەش کرد.

پێویستە بگوترێ بەشدار بووان دوای کۆتایی بەرنامەکانی رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز کە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند سەردانی پێشانگەی هونەریی محەمەد نەدیمی، سەعدیە شاکری و ئاران میهرپەروەریان کرد کە لە لایەن بەشی چاندو هونەری کۆمیسیونی لێکۆڵینەوەو پەروەردەی حیزبەوە پێك هاتبوو.

**بەیاننامە:**

# بە بۆنەی شێستەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە

لە دەی دیسامبری ١٩٤٨، وڵاتانی ئەندام لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە پاریس، بەیاننامەیەکیان پەسند کرد کە سەرەکیترین و سەرەتاییترین مافە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەنگی پێست، زمان، ئایین و جینس تێدا گونجاوە.

ئەم بەیاننامەیەکە بە "بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ" بەناوبانگە، یەکێك لە بەڵگەنامە هەرە گرنگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە پێناوی باشتر کردنی بارودۆخی مرۆڤەکان و دابین کردنی ئازادیيە فەردیو کۆمەڵایەتیيەکانی مرۆڤ بە گشتی پەسند کراوەو، بووە بە سەرچاوە و ڕێنوێن بۆ لە دایکبوونی چەندین پەیماننامە،بەیاننامە و بڕیارنامەی گرنگی پێوەندیدار بە مافە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەوە.

هەرچەند خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ لە دەی دیسامبری١٩٤٨و بە پەسند کرانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ دەست پێناکا، بەڵام پەسند کرانی ئەم بەیاننامەیە هەنگاوێکی مەزن بوو لە بەرەو پێش چوونی مرۆڤایەتی دا. ئەم هەنگاوە مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیارە پێشێل کرانی مافی مرۆیيیەکانی هێنایە ئاستێکی جیهانی و، لێپرسینەوە و پێڕاگەیشتن بە مافەکانی مرۆڤ بوو بە مەسەلەیەکی جیهانی. وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ئەم بەیاننامەیەیان ئیمزا کردوە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە بەرپرسیارن.

گرنگیی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو کاریگەریيەکانی لەسەر دنیای مرۆڤایەتی بەڕادەیەکە کە تەنانەت ئەو ڕێژیمە زۆردار وتوتالیتێرانەی بە رواڵەت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا نوێنەری وڵاتانو باوەڕیان بەو پرەنسیبانە نیە، بە ناچار ئیمزایان کردوە. هەرچەند ئەمە بە یەکێك لە کەموکوڕییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێردرێ، بەڵام نیشانەی موعتەبەر بوونیئەم بەڵگەنامە نێونەتەوەیيیە و نێوەرۆکە دنیاپەسندەکەیەتی.

ئەمڕۆ لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئازادو دێموکراتیك دا مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر وەبەرچاو دەگیرێنو ئەو مافانە ئەگەر بە تەواوەتییش نەبێ لانی کەم بەشی زۆریان دەستەبەرو دابین کراون. ئەم پرەنسیپە جیهانیيانە بوون بە بەشێك لە قانوونی وڵاتان و، دەوڵەتان دەیانپارێزن. بەڵام بە داخەوە



دوای ٦٠ ساڵ لە پەسند کرانی ئەم بەیاننامەیە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە زۆر وڵات و ناوچەی جیهان دا هەروا خراپە. ئەو ئامانجانەی لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ داهاتوون لە زۆر وڵاتی جیهان دا بەدی نەهاتوون و، ئەو بوارانەی کە بەپێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێنو لە بەیاننامەکەدا مەحکووم کراون، هەروا درێژەیان هەیە. وا دیارە دنیای مرۆڤایەتی ڕێگەیەکی درێژی تا جێگیربوونی ئەم پرەنسیپانە لە سەرانسەری جیهان دا لەپێشە.

کوشتارو ماڵوێرانیی شەڕی یەکەمی جیهانی لەپێش داو دواتریش شەڕی دووەمی جیهانی، دڵڕەقیو بێڕەحمیو بێبەزەییی ئینسانەکان لەبەرامبەر یەکتر لە ماوەی شەڕو نەبوونی ڕووحی لێبووردەییو لێخۆشبوون ، دەرس و ئەزموونێکی تاڵی دا بە بڕیاردەرانی دوای شەڕو ئەو ئەزموونانە لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ دا ڕەنگیان داوەتەوە. نرخو پلەو پایەی مرۆڤ و گیانو خوێنی مرۆڤ قەت بە ڕادەی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان دانەبەزیبوو. دەرچوونی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ ٣ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە هەتوانێك بوو دەیتوانی برینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا ڕادەیەك سارێژ بکاتەوە.

بەڵام دەیان ساڵ دوای هەوڵدان لەلایەن ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانەوە ئەو برینە هەروا تەشەنە دەکاتەوە. چاوخشاندنێك بەسەر ڕووداوو هەواڵەکان لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا بەتایبەتی ئێران، دەمان گەیەنێتە ئەو ئاکامە کە کارنامەی مافی مرۆڤ لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١ دا کارنامەیەکی مەقبوول و جێی ڕەزامەندی نیە.

ئازادیی ڕا دەربڕین، ئازادیینووسینو چاپەمەنی، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادییەکانی ئایین، سەفەرو هەڵبژاردنی شوغڵ، چالاکیی سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگی، مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتانو نەهێشتنی فەرقو جیاوازیی ڕەگەزیو ..... هتد، لەو مافە سەرەتایيیانەن کە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ دا بە ئاشکرا هاتوون و، لە کارنامەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دا بە تەواوی ونو پێشێل دەکرێن. ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە، سەدان تێکۆشەری سیاسیو مەدەنی لە سەرانسەری ئێران بەگشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی لە سەر بیروڕا دەربڕینو جیاوازیی بیروباوەڕ لە زیندان دان، ئەشکەنجەو ئێعدامو تەنانەت ئێعدامی منداڵان لە ئێران دا ڕۆژانە دووپات دەبنەوە.ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسو ماموستای کورد حوکمی ئێعدامیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ دەرچووەو، مەترسیی بەڕێوەچوونی حوکمەکەیان لەسەرە. ڕۆژ نیە چەند کەسی بێدیفاعو کاسبکار نەکەونە بەر دەسڕێژی هێزە نیزامیيەکانی کۆماری ئیسلامیو بریندار نەبن یان نەکوژرێن. چالاکیی سیاسی لە کوردستان دا بە تەواوی قەدەغەیەو کارێکی ترسناکە. دەوڵەتی ناوەندی پیلانێکی سیستماتیك بە مەبەستی سڕینەوەی زمانو فەرهەنگی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەبا کە بەیاننامەی مافی مرۆڤ ، پاراستنیانی بە مافی بێ ئەم لاو ئەو لای مرۆڤەکان دا ناوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە دەبێ بڵێین بە داخەوە مافەکانی مرۆڤ وەك پرەنسیبێکی جیهانیو نێونەتەوەیی لە زۆر شوێنی جیهان سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. هەرچەند ئەمە لە نرخو بایەخی مافەکانی مرۆڤ و هەوڵی پڕ لە فیداکاریی داکۆکیکەرانی ئەم مافانە کەم ناکاتەوە. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەم پرەنسیبانە تەنیا لایەنی تەوسیەو تکاو داوایان لە وڵاتانی دیکتاتۆر هەبێو هێزی ئیجرایيیان لە پشت نەبێو، ڕێوشوێنی عەمەلیو کردەییان لەگەڵ نەبێ، بارودۆخی مافی مرۆڤ لەوە باشتر نەبێ. تا ئەو کاتەی دەوڵەتە دیکتاتۆرو دژی گەلیيەکان بەناوی نوێنەرانی گەلان لەسەر کورسیی نوێنەرایەتیی ئەوان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دانیشن، مافی مرۆڤ بەرەو پێشچوونێکی زۆر بەخۆوە نابینی. هەر لەم بۆنەیە دا جێی خۆیەتی دان بەو ڕاستیيەش دابنرێ کە هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤو بەڕێوەبردنو پاراستنیان، هەر تەنیا ئەرکی دەوڵەتان نیە. هەموو تاکەکانو ئەندامانی کۆمەڵو لە پێشەوەی ئەوانیش، ئەو حیزبو ڕێکخراو و دامەزراوانەی نوێنەرایەتیی بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵ دەکەن،بە تایبەتی ئەوانە کە دژی دیکتاتۆری خەبات دەکەن و بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی هەوڵ دەدەن، دەبێ تێکوشان بە مەبەستی برەوپێدانی مافەکانی مرۆڤو ڕێزگرتنو بەڕێوەبردنو پاراستنیان بکەنە سەر لەوحەی ئامانجەکانیان. لە ڕاستی دا ئەم جۆرە حیزب و ڕێکخراوو دامەزراوانە، پێویستەبۆخۆیان نموونەی پابەندی بە مافەکانی مرۆڤ بن و، تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگای ئەوانەوە ماف و ئازادییەکانیان هەرچی باشتر بناسن و، فێری چۆنیەتیی ڕێز لیگرتن و پاراستنیان بن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ٦٠ ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا،بەڕێزەوە یادی هەموو ئەو خەباتکارانە دەکاتەوە کە ژیانی خۆیان بۆ خەبات لە پێناوی دابینکردن و قووڵکردنەوە و جێگیر کردنی مافەکانی مرۆڤ تەرخان کردوە. بە تایبەتی ڕێز لەچالاکانی مەدەنی و پارێزەرانیمافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی ئەوانەوە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەگرێ کە بە تاوانی دەنگ هەڵبڕین دژی پێشێلکرانی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، ڕەوانەی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون و ئازار و ئەشکەنجە دەبینن.

بە هیوای جێگیر بوونی ئاشتی، ئازادیو پەرەگرتنی گیانی لێبووردەیی، پێکەوە ژیانو ڕێزگرتن لە پلەو پایەو نرخی مرۆڤ لە کوردستانو لەنێو نەتەوەکەمان دا.

بەو ئاواتەی، کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو مافو ئازادییەکانی یەکە یەکەی مرۆڤەکان، لە دەیەی تازەی تەمەنی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ دا، پتر لە پێشوو ڕێزیان لێ بگیرێو، لەم ریگایەوە بناغەکانی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی لە جیهاندا پتەوتربێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کومیسیۆنی ڕاگەیاندن**
**١٠ ی دیسامبری ٢٠٠٨**
**٢٠ ی سەرماوەزی ١٣٨٧**

# شەپۆلێکی دیکەی ڕەشبگیری

**مستەفا مەعرووفی**

لە مێژووی ٣٠ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا قەت رۆژێك نەبووە گرتە و زیندانی کردنی خەڵك بە هۆی تێکۆشانی سیاسی و هەبوونی بیرو باوەڕی جیاوازی تێدا نەبێ. بەڵام جاری وایە شەپۆلێك لە گرتن و زیندانی کردنی خەڵك وەڕێ دەکەوێ کە حەددی "معمول" تێ دەپەڕێ و وەکوو قەیرانێك بۆ خەڵك خۆی دەنوێنێ.

لەم چەند مانگەی دواییدا کۆماری ئیسلامی شەپۆلێکی دیکەی لە دەسبەسەرکردنی خەڵك وەڕێ خستوە. لەو ماوەیەدا سەدان کەس لە خەڵکی کوردستان لە لایەن مەئمووڕانی ڕێژیمەوە گیراون و ڕەوانەی زیندانەکان کراون. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەئموورانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم خەریکی چاوەدێری و کۆنتڕۆڵی جموجۆڵی خەڵکن و دەستیان لە گرتن و دەسبەسەر کردنی خەڵکدا ئاواڵایە. ژمارەیەکی زۆر لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك، ئایینی، بازاڕی، کاسبکار، خوێندکار، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی لە کونجی زیندان پەستێوراون. بەڵام هێرشی ڕەشبگیریی کۆماری ئیسلامی زیاتر بۆ سەر ڕووناکبیران، ڕۆژنامەنووسان، خوێندکاران و چالاکانی مەدەنییە.

ئەزموونی ٣ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ڕەشبگیری و زیندانی کردنی خەڵك وا دەرخستوە کە ئەم ڕێژیمە هەرکات تووشی قەیرانێکی نێوخۆیی یان ناوچەیی بووە، دەست بۆ ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە دەبا بە خەیاڵی ئەوەی کە لە ڕاست ڕەخنەو ناڕەزایەتیی خەڵك بێ خەم دەبێو چاوترسێنیان دەکا. هەر دوو مەرجی نێونەتەوەیی لە پێوەندی بە چالاکیی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیدا و هەڕەشە لە ئیسرائیل و کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدا وڵاتانی دەرەوەی نیگەران کردوەو ئەوانی لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا لە هەرکات یەکدەنگ و یەکگرتووتر کردوە. حوزووری نیزامیی ئەمریکا لە دەوروبەری ئێران هەلومەرجێکی دژوارتری بۆ کۆماری ئیسلامی پێك هێناوە. لە نێوخۆشدا نەفرەت و ناڕەزایەتیی خەڵك هەروا لە پەرەگرتن دایە، دوای چەندین ساڵ سەرکوت و پیلانی جۆراوجۆری ئەم ڕێژیمە لە دژی کوردو بزووتنەوەکەی، ئەمساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان حزوورێکی هەمەلایەنەو فەعالی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیەو گیانێکی نوێی وەبەر بزووتنەوەی کورد ناوەتەوە. ئەم هەلومەرجە فشارێکی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی هێناوەو ترسێکی زۆری وەبەر ناوە.

کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجەدا دژکردەوەی جۆراوجۆر لە خۆی نیشان دەدا کە یەکێکیان ڕەشبگیری و وەڕێخستنی شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و زیندانی کردنی خەڵکە. مەبەستی کۆماری ئیسلامی پێشگیری لە پەرەگرتنی ناڕەزایەتیی خەڵك و چاوترسێن کردنی ئەوان و پێشگیری لە هەڵسوڕانی چالاکانی مەدەنی و ڕووناکبیرانە کە کاریگەریی موسبەتیان لە سەر خەڵك هەیە. بەڵام ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی جگە لە ئازارو ئەزیەتدانی بەندکراوان و بنەماڵەکانیان هیچ دەسکەوتێکی سیاسی نەبووەو نابێ و بەم کردەوەیەی ناتوانێ هەلومەرجی خراپی سیاسی بە قازانجی خۆی بگۆڕێ. جگە لەوەی تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵك لەو ڕێژیمە زیاتر دەبێ و مەودای نێوان ڕێژیم و خەڵك لەوە زیاتر لێك دەترازێ، شەرمەزاریی و مەحکوومییەت لە نێو کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بۆ خۆی دەگێڕێ، هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نابێ. ئەگینا ئەزموونی هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرو تەنانەت ئەزموونی ٣٠ ساڵ گرتن و زیندانی کردنی تێکۆشەران و خەڵکی ئازادیخواز ئەوەی سەلماندوە کە ئەو حکوومەتانە بەم کردەوانە بتوانن شتێك بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. گرتن و زیندانی کردنی سەدان و تەنانەت هەزاران کەس ڕەنگە ئیمکانی هەبێ، بەڵام گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵانی ناڕازی و بێزار لە ڕێژیم نە ئیمکانی هەیەو نە لە توانای هیچ ڕێژیمێك دایە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا جێی نیگەرانییە تەنیا بارودۆخی خراپی بەندکراوان و زیندانییانە. چونکە زیندانییانی بەندکراو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ چەشنە مافێکی زیندانی و ئینسانییان نیە. ئەشکەنجەو ئێعدامی ناڕەوا لە کۆماری ئیسلامیدا باوە، نەبوونی دادگایەکی عادڵانە، پێڕانەگەیشتن بە وەزعییەتی لەشساغیی زیندانییان، تێکەڵکردنی زیندانییانی سیاسی لەگەڵ قاچاغچی و تاوانباران هەڕەشە لە زیندانییانی سیاسی دەکا.

بۆ پێشگیری لە ڕەشبگیریی کۆماری ئیسلامی و شەپۆلی نوێی گرتن و زیندانی کردنی خەڵکی کوردستان لە پێشدا لە سەر هێزە سیاسی و ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە وشیار کردنەوەو ئاگادارکردنەوەی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی سەرانسەری جیهاندا یەکدەنگ و چالاك بن بۆ ئەوەی دنیای دەرەوە بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن دەست لەو کردەوە دژی ئینسانییانە هەڵ بگرێ. پاشان لە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە لە بەرامبەر گرتن و دەسبەسەر کرانی ڕۆڵەکانیاندا بێ تەفاوەت نەبن و بە ڕەخنەو ئیعترازی مەدەنی، فشار بۆ دامودەزگاکان و بەرپرسانی ڕێژیم بێنن و پێش بە درێژەکێشانی ئەم ڕەشبگیرییە بگرن. ڕابردوو نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای زەبرو زەنگ و سەرکوت لە بەرامبەر ئیرادە و حەرەکاتی جەماوەریدا پاشەکشە دەکا و بە ئاسانی ناتوانێ درێژە بە کردەوە دژی ئینسانییەکانی بدا.

## راگەیاندراو:

# بە بۆنەی پێکهاتنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییەوە

بە ئاگاداریی تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، خەڵکی خەباتگێری کوردستان و سەرجەم ئۆگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەیەنین کە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب، رۆژانی ٢١ و ٢٢ی سەرماوەز (١١ و ١٢ی دیسامبری ٢٠٠٨)، بە بەشداریی ئەندامان و جێگرانی کومیتەی ناوەندی لە کوردستان، کۆ بۆوە. ئەم کۆبوونەوەیەی کومیتەی ناوەندی لە ماوەی دوو رۆژ باس و دیالۆگی زیندوودا، کۆمەڵێك پرس و بابەتی گرنگی هێنایە گۆڕێ و بڕیاری پێویستی لە بارەیانەوە دا.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کاتژمێر ٩/٣٠ی پێش نیوەڕۆی پێنج شەممە ٢١ی سەرماوەز، بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدان، بە تایبەتی تێکۆشەرانی شەهیدی حیزب لە ماوەی نێوان پلینۆمی پێشوو و کۆبوونەوەی ئێستادا، کارەکانی دەست پێ کرد. لە سەرەتای کاری کۆبوونەوەکەدا، دەستووری کاری کۆبوونەوە کە پێشتر بەشدارانی لێ ئاگادار کرابۆوە، خرایە بەر باس. یەکەم بڕگەی دەستووری کاری کۆبوونەوە، باسێکی سیاسی بوو کە لە لایەن وتەبێژی کومیتەی ناوەندییەوە پێشکەش کرا. بەڕێز خالید عەزیزی لەو باسەدا ئاسۆی پێوەندییەکانی ئێران و رۆژئاوا، بە تایبەتی پێوەندیی ئێران و ئەمریکا بە سەرنجدان بە هەڵبژێرانی سەرکۆماری نوێ لەو وڵاتەدا، هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی ئەمڕۆی ئێران، ریزبەندی و ململانێی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات لە رێژیمی ئێرانداو، خۆ ئامادە کردنیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری، خەبات و بەربەرەکانێی خوێندکاران، ژنان، چالاکانی مەدەنی و نارەزایەتیی کرێکاران و توێژە کەم داهاتەکان بەرامبەر بە ستەم و بێ مافی و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی دایە بەر سەرنج. وتەبێژی کومیتەی ناوەندی لە درێژەی باسەکەیدا پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هێز و رێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان و، رۆڵی حیزبی ئێمە لە کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان و پێگە و جێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو ئۆپۆزیسیونی کورد و ئێرانی دا، روون کردەوە. بەڕێز عەزیزی هۆکارەکانی بایەخدانی ناوەندە سیاسی و دیپلۆماسییەکان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەست نیشان کرد و ئاماژەی بەو بوار و لایەنانەی تێکۆشان کرد کە حیزبی ئێمە دەبێ بایەخی پتریان پێ بدا.

لە بڕگەی دووهەمی دەستووری کاری کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا، کارو تێکۆشانی سیاسی و ئامادە بوونی تێکۆشەرانی حیزب لە قووڵایی رۆژهەڵاتی کوردستاندا و، پێشوازی و هاوکاریی خەڵکی حیزبدۆست و پێشمەرگەپەروەری کوردستان لەو حەرەکەتە، هەڵ سەنگێندرا. لەم بەشەی کاری کۆبوونەوەدا، خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ئەو حەرەکەتە، کاردانەوەی ئەو تێکۆشانە لە بوار و ئاستی جۆراوجۆردا و دەستکەوتە سیاسی و تەشکیلاتییەکان و زیانە گیانییەکانی، لە لایەن ئەندامانی رێبەریی حیزبەوە قسەیان لە سەر کرا. کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی رێزی لە ئامادەیی و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی حیزب بۆ چوونە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان گرت و، شانازیی بەو پۆلە رۆڵە بە نرخانەی حیزبەوە کرد کە لەم پێوەندییەدا گیانیان بەخشی.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، ئەزموونی هەڵسووڕانی ئەمساڵی بە سەرمایەیەکی بە نرخ بۆ تێکۆشانی داهاتوو دانا. کومیتەی ناوەندی وێڕای دانی راسپاردەو رێنوێنی و پێشنیاری پێویست بە دەفتەری سیاسی لەم پێوەندییەدا، گرتنە بەری رێوشوێنی گونجاو بۆ بایەخدان بە شێوەکانی دیکەی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان و، چالاك کردنی خەباتی مەدەنیی بە پێویست زانی. لەم پێوەندییەدا هەیئەتێك لە ئەندامانی رێبەریی راسپارد گەڵاڵە و پرۆژەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەن و بیدەن بە دەفتەری سیاسی.

بڕگەیەکی دیکەی دەستووری کاری کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، تەرخان کرابوو بۆ باسی گیرو گرفتە نێو خۆییەکان و کەم و کوڕییەکانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب. لەم بەشەی کۆبوونەوەدا، وێڕای ئاماژە بەو کارانەی رێکوپێکی و بەرەوپێشچوونیان بە خۆیانەوە دیوە، زۆر بە راشکاوی قامك لە سەر گرفتەکان، لاوازییەکان و، هۆکارەکانیان دانراو، شێوە و جۆری رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیان هاتنە بەر باس. کومیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی راسپارد لە بەر رووناکایی بۆچوونە رەخنەگرانە و رێنیشاندەرانەکانی بەشدارانی کۆبوونەوە، هەنگاو بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان و لاوازییەکان و بەهێز کردنی نەزم و دیسیپلین لە نێو حیزبدا، هەڵ بگرێ.

لە دوا بڕگەی دەستووری کاری ئەم کۆبوونەوەیەدا، ئەو مەسەلە پێویست و گرنگانە دەست نیشان کران کە دەبێ لە پلینۆمی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندیدا، باسیان لە سەر بکرێ و بڕیاریان لە بارەیەوە بدرێ. بۆ ئەم مەبەستەش هێندێك لە ئۆرگانەکان و چەند هەیئەتێك دیاری کران، تا لە ئێستاوە کار لە سەر ئەو پرس و بابەتانە بکەن و، بە ئامادەییەوە بهێنرێن بۆ پلینومی داهاتوو.

لە روانگەی دەفتەری سیاسییەوە باس و بڕیارەکانی ئەمجارەی کومیتەی ناوەندی رۆڵێکی بەرچاویان لە رێکوپێك کردنی کاری حیزبی و بەرەو پێشبردن و بەرینتر کردنەوەی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەبێ. دەفتەری سیاسی هیوادارە هەموو رێکخراو و کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و، سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب لە ژێر رووناکایی بڕیار و راسپاردەکانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی و، دڵگەرم بە دەسکەوت و ئەزموونەکانی تێکۆشانی ئەمساڵ، پتر لە پێشووش کار بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیك و ئینسانییەکانیان بکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٧/٩/٢٣**
**٢٠٠٨/١٢/١٣**

# روانینێك لە بزووتنەوەی خوێندکاری

## (بە بۆنەی ١٦ ی سەرماوەز رۆژی خوێندکارەوە)


**بێژان**

قسەیەکی پڕ نێوەرۆك هەیە زۆر جار گوتراوە و بەجێیە لێرەش بێتەوە کە دەڵێ: لە وڵاتێك کە ئازادی نەبوو هەموو شتەکان سیاسین. کاتێك باس لە زانستگەکانی ئێران دەکرێ بیری مرۆڤ بەر لەوەی بۆ لای داهێنان و دۆزینەوە زانستییەکان و پلەو پایەی زانستگەکان بچێ، بەرەو بزووتنەوەی خوێندکاری، واتە بیرێکی سیاسی دەچێ.

زانستگەکانی ئێران بزووتنەوە خوێندکارییەکان بەناوبانگترە لە لایەنە زانستییەکەی. چونکە لە سەر هەست بوون و وشیاریی زانستگە لە بەرامبەر دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا کەشوهەوای سیاسی بە سەر زانستگەدا زاڵ کردوە و زانستگەی کردۆتە مەیدانی ململانێی خوێندکارانی پێشکەوتنخوازو ئازادیخواز لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرو کۆنەپەرست.

مێژووی ئەم ململانێیە بۆ سەرەتاکانی دامەزرانی زانستگە، واتە نزیك بە ٦٠ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام یەکەم رووداوی بەرچاو و لە بیر نەکراو رووداوی ١٦ ی سەرماوەزی ١٣٣٢ ی هەتاوی(١٩٥٣ز) بوو. لە و رۆژەدا خوێندکارانی زانستگەی تاران بە ئێعتراز لە سەفەری نیکسۆن جێگری سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا و ئێران و موحاکەمەی ناقانوونی و ناعادیلانەی د. موسەدیق خۆپێشاندانێکیان وەڕێ خست، کە لە لایەن هێزەکانی رێژیمی پاشایەتییەوە تەقەیان لێ کراو ٣ خوێندکار گیانیان لە دەست دا. ئەم رووداوە بوو بە سەرەتایەکی نوێ لە بزووتنەوەی خوێندکاران و تەنانەت ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پاش خۆی. ئەم سەرکوتە خوێناوییە لە جیاتی ئەوەی زانستگەکان بێدەنگ بکاو لە چالاکیی سیاسی بیان گێڕێتەوە، بوو بە هۆی ئەوەی زانستگەکان لە جاران زیاتر ببنەوە مەیدانی تێکۆشانی سیاسی و چەند کەسایەتیی رەوتی سیاسی لە زانستگەکان سەریان هەڵ دا و تەنانەت کار گەیشتە بزووتنەوەی چەکدارانەش. لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا زانستگەکان بوون بە ناوەندێکی هەرە چالاك لە رێکخستنی خۆپێشاندانەکان و زانستگە بوو بە ناوەندێکی گرنگی سیاسی.

بە هاتنە سەر کاری رێژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی زانستگەکان بوونەوە بە مەیدانی ململانێی بیرو باوەڕە سیاسییەکان. داگیرانی سەفارەتی ئەمریکا لە لایەن ژمارەیەك خوێندکاری پێڕەوی خەتی خومەینی نیشانەی هەوڵی دەسەڵاتدارانی تازە بۆ بەهێزکردنی لایەنگرانیان لە زانستگەکانداو دەستبەسەر داگرتنی زانستگەکان بوو. چونکە ئەوکات دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هێشتا بە تەواوی دەسەڵاتیان لە پاوانی خۆیان نەنابوو. سەرەڕای هەوڵی پاوانخوازانەی دەسەڵاتدارانی تازە، زانستگەکان هێشتا سەنگەری پێشکەوتن و ئازادیخوازی بەرامبەر کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوادا بوون. هەربۆیە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی شکاندنی قەڵای زانستگە لە بەهاری ١٣٥٩ دا هێرشی کردە سەر زانستگەکان و بە هەزاران خوێندکارو مامۆستای ئازادیخوازی کوشت و دووری خستەوەو لە زانستگە دەری کردن. کۆماری ئیسلامی ئەو هەنگاوە کۆنەپەرەستانەو وەحشیانەیەی لە ژێر ناوی " شۆڕشی فەرهەنگی " دا بەڕێوە برد. رێبەرانی دوگم پەرستی کۆماری ئیسلامی بە وەرگرتنی خوێندکاری بەسیجی و



مامۆستای لایەنگری خۆیان و کەسانی دڵنیا، پێیان وابوو دەتوانن زانستگەکان بکەنە زانستگەی ئیسلامی بەو جۆرەی ئەوان لێی حاڵین و یەکیەتی لە نێوان رۆحانی و خوێندکاردا پێك بێنن و زانستگە ببێتە بەشێك لە سەنگەرە سیاسی و مەزهەبی یەکانیان. رێبەرانی کۆماری ئیسلامی رەنگە بیریان لەوە نەدەکردەوە کە گەشەکردن و پێشکەوتنی زانست سنوور و بەربەستی سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکان ناناسێ. جگە لەمەش بە زۆربوونی حەشیمەت ئیمکانی نیە هەموو ئەو کەسانەی دەچنە زانستگە بەسیجی و سوێندخواردووی رێژیم بن. هەر بۆیە بەرەبەرە پێکهاتەی زانستگە گۆڕاو بەو رادەیەی رێژیمی دەسەڵاتدار بەرەو بەرتەسك کردنەوەی مەودای سیاسی و کەشوهەوای سیاسی دەڕۆیشت، بەو رادەیەش زانستگە بەرەو کرانەوە و فرەچەشنی و ئازادیخوازی دەڕۆیشت. لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا زانستگە لە رووی سیاسییەوە هاتەوە سەر دۆخی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ و بەهاری ١٣٥٨. داخرانی رۆژنامەی "سەلام" و ئیعترازی خوێندکارانی زانستگە لە داخرانی ئەم رۆژنامەیە جارێکی دیکە زانستگەی کردەوە بە مەیدانی ململانێی نێوان کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری لە لایەك و پێشکەوتن و ئازادیخوازی لە لایەکی دیکەوە. خۆپێشاندان و نارەزایەتیی خوێندکاران زانستگەکانی سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. لەو خۆپێشاندانەدا کە ٦رۆژی خایاند ویست و داخوازە سینفییەکانی خوێندکاران بوون بە ویست و داخوازی سیاسی وبزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئامانج و دروشمی سینفی و رێفۆرمیستییەوە بەرەو ئامانج و دروشمی سیاسی رادیکاڵانە برد. بە چەشنێك کە زانستگە بوو بە سەنگەری بانگەشە بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی و هاتنە سەر کاری رێژیمی سکۆلارو دێموکرات. چاوخشاندنێك بە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری و ئەزموونەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا پێمان دەڵێ سەرەڕای هەڕەشە و زەبرو زەنگ و بگرەو بەردەی ئێستا لە سەر زانستگە و بێدەنگیی نیسبیی زانستگە دوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نەژاد، پوتانسیەلی راپەڕینێکی مەزنتر و بەربڵاوتر لە راپەڕینی ٦ی پووشپەڕی ١٣٧٨ لە زانستگەکاندا بەدی دەکرێ. کەوا بوو پێویستە هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران و کوردستان حیساب بۆ ئەو پۆتانسیەلە بکەن و بە چاوی هیواوە لێی بڕوانن.

# پرسی ژنان لە "کوردستان"دا

کوێستان فتووحی

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە پەیامێکی بۆ ژنان پێبوو کە بریتی بووە: (پێویستە ژنانیش لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا نەخشیان هەبێ، بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە). بەڵام ئایا حیزب تا چەند لە لە پێناو پەیامەکەی خۆیدا ئاوڕی لە پرسەکانی ژنان داوەتەوە؟

رۆژنامەی کوردستان ئاوێنەی بالانوێنی بیرو ئەندیشەی حیزبی دیموکراتی کوردستان تا چەند بایەخی بە پرسی ژنان داوە؟ پرسی ژنان پرسێکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی کوردستانە بۆیە پێوەندیی بە لایەنی خەباتی حیزبی دیموکراتیشەوە هەیە. حیزب لە هەر سەردەمێکدا لە پرۆگرامی خۆیدا ژنانی لەبیر نەکردوە، بەڵام لە پراکتیکدا ئەم پرسە یەکێك بووە لە پرسە پاشکۆ و پەراوێزخراوەکان لە ژیانی سیاسی حیزبدا.

ئەگەر بێلایەنانە سەرنج بدرێتە راگەیەنەکانی حیزب و بەتایبەت رۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، بە روونی ئەم بۆچوونە دەسەلمێ. هەرچەند ئەم بابەتە لایەنی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی نیە. چونکە زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی "کوردستان"م لەو کاتەدا لەبەردەستدا نیە تا ئەم لایەنە بە باشی هەڵسەنگێنم، بەڵام وەك کەسێك کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە خوێنەری رۆژنامەی کوردستانم، هەموو کات سەرنجم داوەتە لاپەڕەکانی و ئەگەر هیچیشم لەم بارەوە لەدەست نەهاتبێ، بەڵام پرسی ژنان یەکێك بووە لە خەمە سەرەکییەکانم. بۆیە ئەوەی لێرەدا دەینووسم دید و بۆچوونی تایبەتی خۆمە بەپێی ئەو ئاشنایەتییە کە لەگەڵ ئەم رۆژنامەیەم هەیە.

***

زاڵبوونی عەقڵیەتی پیاومەزنی لە هەموو بوارەکانی کار و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رابردوودا وای کردوە کە پرسی ژن لە گوتاری حیزبدا لە نزمترین ئاست دا بێ. دیارە ئەمە مێژوویەکە ناکرێ تەنیا لە حیزبی دیموکرات دا ببینین. رۆژنامە یان هەر راگەیەنێکی دیکەی هەر حیزبێك، سیاسەت و رۆشنبیریی ئەو حیزبە لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بۆ خوێنەر یان بەردەنگەکانیان دەردەخا. لێرەدا ناڵێم رۆژنامەی کوردستان لە سەر پرسی ژن قسەیەکی پێ نەبووە، بەتایبەت لە دەورەکانی پێشووتری ژیانی ئەو رۆژنامەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان کە فەرهەنگێکی عەشیرەیی و دواکەوتوانەی بووە. بەوحاڵەش ئەگەر لە بۆنە جۆراوجۆرەکانیشدا ئاوڕێکی لە مەسەلە و کێشەکانی ژنان دابێتەوە گرنگ و جێگەی پێزانینە. بەڵام ئەگەر رەوتی ئەم ساڵانەی دوایی رۆژنامەی "کوردستان" لەو بارەیەوە هەڵسەنگێنین بەلەبەرچاوگرتنی خواست و دەرفەتەکان بۆ ژنان لەم سەردەمەدا رەخنەی لەسەرە. ناکرێ بەوندە قەناعەت بکەین کە رۆژنامەی "کوردستان" تەنیا لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەك ٨ی مارس، دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، ٢٥ی نوامبر و... وەبیر کێشەکانی ئەم توێژە بێبەشەی کۆمەڵگەکەمان بکەوێتەوە.

هەرچەند رۆژنامەی کوردستان بەو خسڵەتە تایبەتیەیەوە کە تا ئەمڕۆ هەیەتی وەك: گرنگیدان بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، هاندانی خەڵك لە دژی دوژمنانی داگیرکەر و هەواڵ و زانیاری لەسەر خەباتی نەتەوەیی و دواتر لە شاخ و تاراوگە دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە، رەنگە زۆر چاوەڕوانی ئەوەی لێنەکرێ بەباشی بپرژابێتە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردە و..... بەڵام کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەدا گرنگە و بەتایبەت بۆ حیزبێکی نەتەوەیی و مۆدێرن و پێشکەوتنخواز دەبێ بەشێك بێ لە خەباتەکەی. بە باوەڕی من هەر حیزبێك لە هەر دەورانێك و سەردەمێك دا ئەگەر لایەنێك یا بەشێك لە کومەڵگەکەی خۆی لەبیر بکا و کێشەکانیان نەکاتە خەمی خۆی، بە دڵنیاییەوە ئەگەر رۆژێك سەریش کەوت و چووە نێو دەسەڵاتەوە، ئەو بەشە لە کۆمەڵگە لە ژێر سایە و دەسەڵاتی ئەو حیزبەدا رەوشێکی تەندروست و ئاسایی نابێ. پرسی ژنان وەك کێشەی ژنان لە دنیای پیاوسالاریدا پێناسە کراوە. رۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر مافەکانیان لەم دنیا پیاوسالارییەدا پێشێل دەکرێ، بۆیە بێدەنگ بوون لەوبارەیەوە، شەرعییەت دانە بەم کولتوورە.

لێرەدا بۆیە باس لە حیزب دێتە گۆڕێ چونکە رۆژنامەی کوردستان ئورگانێکی حیزبییە و سیاسەت و بیرو روانگەکانی حیزب و کەسایەتییە حیزبیەکانی تێدا بڵاوبۆتەوە، هەربۆیەش چاوەڕوانییەکە لە حیزبی دیموکراتە کە بوارێکی دروست بکردایە کە نووسەران و بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکە لە رابردوودا پرسی ژنانیشیان بە گرنگ بزانیایە و بیانکردایەتە یەکێك لە خەمەکانی خۆیان. راستە کێشەی سیاسیی کورد، پرسی سەرەکیی راگەیەنی حیزبێکی سیاسیی کوردە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە حیزبی سیاسی کێشەی نیوەی کۆمەڵگاکەی پشت گوێ بخا، بە ناوی ئەوەی کێشەی تایبەتی ژن کێشەی خۆیانە! ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێ نادروستە. کێشەی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەدا پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگەکەوە هەیە .

ئەمە خاڵێکی گرنگە هەر میدیایەك پەیامێکی بۆ کۆمەڵ یا تاکەکان تێدایە. رۆژنامەی کوردستانیش بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان پەیامەکەی وەردەگرن. ئەگەر نێوەرۆکی پەیام بۆ ئەو خەڵکانە گرنگە، ئەدەبیاتێکیش کە ئەو پەیامەی پێ بەیان دەکرێ کاریگەریی لەسەر بیر و ئەندیشەی وەرگرانی پەیامەکە هەیە. ئەگەر دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکییان لە بێئیرادە کردنی ژناندا هەبووە، بێگومان ئەدەبیاتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش رۆڵی لە پەراوێزخستن و نادیار نیشاندانی ژنان دا هەیە. ئەوە ئەدەبیاتی پیاوسالارییە رۆڵی ژنانی لە خەباتی نەتەوەییدا شاردۆتەوە.

ژنی کورد لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا هێزێکی بەرچاو و کارا و خاوەن نەخش بووە، کەچی بەداخەوە لە ئەدەبیاتی کەسایەتییەکانی حیزبیشدا لەم بارەیەوە ناحەقی بەرانبەر بە ژنان کراوە. بۆ نموونە لە نووسینی کەسایەتییە بەرپرسەکانی حیزبدا کە باس لە خەباتی رۆڵەکانی کورد لە مەیدانی ئاشکرا و نهێنی و زیندانەکاندا کراوە پیاوسالاری زۆر زەق بە گوتارەکانیانەوە دیارە و تەنیا ددان بە بەشداریی پیاوان لەم خەباتەدا دەنێن. وەك "پێشمەرگە، کوڕی رۆژی تەنگانە"، کوڕانی بەتوانای گەل"، "کوڕانی تێکۆشەری گەل" و..... ئەم ئەدەبیاتە بە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستان یشەوە دیارە و تەنانەت لە بیرکردنەوەی تێکۆشەرانی دیموکراتیشدا ئەم ئەم پیاوسالارییە بەدی دەکرێ. بێگومان کەسانێك کە لەم دەربڕینانەیاندا، رۆڵی ژنان لە سەنگەری پێشمەرگە، لە خەباتی جەماوەری، لە بەندیخانەی کۆنەپەرستی و لە بوارەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشان دا نابینن، هەر ئەوانەن کە ئەو کاتەش باسی خزمەتی ژنان بە جوولانەوە دەکەن، تەنیا مەبەستیان نانکردن و جلشۆری و ئاشپەزیی ئەوان بۆ پێشمەرگەیە.

. هەرچەند بەخۆشییەوە ئێستا بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی بەرابەریخوازەوە ئەم ئەدەبیاتە خەریکە لە رۆژنامەی کوردستان و راگەیەنەکانی حیزبدا کەمڕەنگ دەبێتەوە.

ئەم بۆچوونانە تەنیا بۆ ئەوە نیە بڵێم "کوردستان" هیچی بۆ ژنان پێنەبووە، بێگومان پێی بووە، چونکە ژنی کورد کێشەی نەتەوەییشی هەیە، بەڵام هەر توێژ و چینێك خواستی و ئامانجی تایبەت بە خۆشیان هەیە بۆیە "کوردستان" پێویستە ئاوڕ لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بداتەوە. قسەی پێبێ بۆیان.

هیوادارم رۆژنامەی کوردستان لەمەودوا، زیاتر بچێتە نێو پرسی ژنان و لێکۆڵینەوە لەبارەی گرفتەکانی ژیان و، راپۆرت و نووسین لەبارەی بوارەجۆراوجۆرەکانی ژیانی ژنان و بزووتنەوەی ژنان لە "کوردستان"دا، بە رێکوپێکی هەبێ.

**ئەگەر نێوەرۆکی پەیام بۆ خەڵك گرنگە، ئەدەبیاتێکیش کە ئەو پەیامەی پێ بەیان دەکرێ کاریگەریی لە سەر بیر و ئەندیشەی وەرگرانی پەیامەکە هەیە. ئەگەر کولتووری دواکەوتووانەی کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکییان لە بێئیرادە کردنی ژناندا هەبووە، بێگومان ئەدەبیاتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش رۆڵی لە پەراوێزخستن و نادیار نیشاندانی ژناندا هەیە.**

# "کوردستان" و مافی مرۆڤ

ڕەحمان سەلیمی

پێشەکی:

مێژووی رۆژنامەوانی کوردی بۆ دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێك لە روناکبیران و ناسیۆنالیستەکانی کورد بە مەبەستی چڕکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لە نێو گەلی کورداو وشیار کردنەوەی تاکەکان لە مافە زەوت کراوەکانیان و هاندانیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ستەم و چەوسانەوە یەکەم رۆژنامەی کوردییان بڵاو کردەوە (بۆ وێنە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨دا شێعری ئاگری حاجی قادری کۆیی بڵاو بۆتەوە کە هەڵگری پەیامێکی تەواو ناسیۆنالیستییە). لە ماوەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی و راگەیاندنی کۆماری کوردستان کە تێیدا شەپۆلێك لە رۆژنامەو بڵاڤۆکی کوردی سەریان هەڵ دا، چەندین بڵاوکراوەی کوردی دیکە بە تایبەت لە باشووری کوردستان دەرچوون، کە بە چاو خشاندنێکی کورت دەردەکەوێ کە ئاراستە بەخشین بە داخوازییە نەتەوەییەکان توخمی سەرەکیی نووسینەکانیان بوون.

بە دامەزرانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغێکی گرینگ و پڕدەسکەوتی رۆژنامەگەریی کوردی دەستی پێ کرد کە لەو نێوەدا چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی "کوردستان" وەك بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرفەتە هەرە گرینگەکەی گەشە کردنی میدیاو راگەیاندنی چاپی دەژمێردرێ.

لێرە دایە کە میدیای چاپی ئاوێتەی گشت رەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لانیکەم خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دەبێ و زانیارییەکانی نێو دەزگا حیزبی و حکومی و بە گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد پانتاییەکی بەرینترو ژمارەیەکی زیاتر لە تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە.

مافی مرۆڤ، چەمکێکی گشتگیرو بایەخێکی جیهانی

لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا پرسێك بە ناوی مافی مرۆڤ لە لایەك و پێشێل کردنی ئەو مافانە لە لایەکی دیکەوە بوونی هەبووەو هەیە. لە قۆناغە جیاوازەکاندا، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ مافی مرۆڤ کراوەو زۆر جاران بە لای بەرژەوەندی چین، رەگەز، ئایین یا گرووپێکی تایبەتدا شکاوەتەوەو لە بەشی هەرە زۆری خەڵك زەوت کراوە. بە دوای دامەزرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەرچوونی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا، ئەو چەمکە سنووری رەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتییەکانی بەزاندو بوو بە چەمکێکی گشتگیرو بایەخێکی جیهانی و لانیکەم بە نووسراوو بە شێوەیەکی ئابستراکت هەموو گەلانی جیهانی خستە ژێر ئالای خۆی. دەرکردنی ئەو جاڕنامەیە دەسکەوتێکی گەورەی گەلانی جیهان دەژمێردرێ، بەڵام ٦٠ ساڵ دوای پەسند کردنی لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە، وێدەچێ ماوەیەکی زۆر درێژتر بۆ بەکردەیی کردنی بەندەکانی جاڕنامە لە پێش دایەو مرۆڤەکان پێویستیان بە خەباتێکی درێژخایەن و قوربانیدانی زیاتر هەیە.

رۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا

هەرچەند لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەوڵ درا بنچینەکانی دێموکراسی وەك سیستمێك کە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بکا، بە هێز بکرێ، بەڵام چەندین هۆکار بوونە رێگر لە بەردەم ئەوەی "کوردستان" وەك راگەیەنێکی گرینگی سەردەم هەنگاوی بەرزتر بهاوێ. لە لایەك تا ئەو کات لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و کوردستانیش وەك بەشێك لەو ناوچەیە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی سیستمە دیکتاتۆرەکان و لە بەرژەوەندیی ئەواندا پێناسە کرابووو "ماف" وەك بابەتێکی سەرەکی بۆ خەڵکی کوردستان دەر نەکەوتبوو. لە لایەکی دیکەش رۆژنامەی "کوردستان"، رۆژنامەیەکی سەر بە دەسەڵاتی سیاسی لە کۆماری کوردستان بوو کە هەوڵەکانی زیاتر وشیاریدانی نەتەوەیی لە خزمەت پاراستنی کیانی سیاسی نەتەوەیی وەگەڕ خستبوو.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە لاپەڕەکانی رۆژنامەی "کوردستان" دەبینین کە بەشی هەرە زۆری رۆژنامەکە بە قسەکانی پێشەواو رێبەرانی کۆمارو شێعری نەتەوەیی و پێداهەڵگوتن بە یەکیەتیی سۆڤیەت و هێندێك کاروباری ئیداری پڕ دەکرایەوە.

گرینگی رۆژنامەی "کوردستان" لە بایەخدان بە مافی چارەی خۆنووسین وەك پرەنیسیپێکی پەسند کراوی جیهانی بەرچاوترە لە لایەنی مافی تاکەکەس لە کۆمەڵدا. لە راستیدا ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر "کوردستان" دانابوو.

کوردستان لە قۆناغی نوێدا

"چاپەمەنی لەگەڵ رەچاو کردنی بنەما ئەخلاقییەکانی رۆژنامەنووسی و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ مەسەلەکان لە ئاستێکی بەرزدا، دەبێ ئازاد بێ و نابێ رۆژنامەنووسان هیچ سنوورو سەراوەردێکیان بۆ دابنرێ." ( ژمارە ٢١١، لە وتەکانی د. قاسملوو)

"کوردستان" لە وێنا کردنی سیمای مرۆڤی دێموکراتدا لە ژمارە (٧٠ ) لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ دا دەنووسێ! "مرۆڤی دێموکرات لایەنگری ئازادی ودێموکراسییەو بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراتی هەیە و لە کردەوە دا سەبارەت بە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵاتی خەڵك لە و پڕنسیپە ئیلهام دەردەگرێ."

مەحکووم کردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە قاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمەوە لە رۆژنامەی " کوردستان" دا جێگای سەرنج و لێ ورد بوونەوەیەوە، بۆ وێنە لە ژمارە(١٨١) بەفرانباری ساڵی ١٣٧٠ دا رۆژنامەی " کوردستان لە بەشێك لە راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نوێیەم بڵاوکردۆتەوە کە تایبەتە بە مافی مرۆڤ و تێیدا هاتوە! "سەرەڕای پەسندکرانی بەیاننامەیەکی جیهانی بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ کە زۆربەی دەوڵەتانی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان دا بە توندی پێشیل دەکرێن. دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان خۆیان لە پشت سەنگەری ( دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان) حەشار داوە و بێ ئینسانیی هاونیشتمانەکان دەخەنە ژێر پێ."

لە درێژەی ئەو راپۆرتەدا وێڕای مەحکووم کردنی ئەو سیاسەتە داوا دەکا کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و لە پێش هەموویاندا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکان وەدەنگ بێن و بە دەخالەتی نێونەتەوەیی پێشی سەرەڕۆیی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بگرن. هەروەها سەبارەت بە لە قاودانی زەوت کردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ژمارە (١٨٣ ) رەشەممەی ١٣٧٠ ی رۆژنامە کوردستان بە ناوی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە بانگەوازێك هاتوە کە داوا لە خەڵك دەکا زانیاری لە سەر کات وشوێن و وەزعی گیراوان، تەبعیدکراوان و ئیعدام کراوان رەوانەی ئۆگانەکانی حیزبی دێموکرات بکەن.

بەشێك لە مێژووی نوێی رۆژنامەی " کوردستان " هاوکات بوو لەگەڵ شەڕێکی توندو خوێناوی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و رێژیمدا، شەڕێك کە هێزەکانی رێژیم بەو پەڕی بێ رەحمییەوە خەڵکی کوردستانی کردبووە ئامانج و بە هەزاران بوونە قوربانی. لە گەرمەی ئەو شەڕە نابەرابەرەدا رۆژنامەی " کوردستان" بەرگری لە مافی دیل کراوان هێزەکانی دوژمن دەکا. لە و پەیوەندییە دا رۆژنامەی " کوردستان " لە ژمارە (١٨٩) خەرمانانی ١٣٧١دا داوا لە هێزەکانی پێشمەرگە دەکا کە رەفتاری ئینسانی لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بکەن و لە هەر چەشنە توندوتیژییەك خۆ بپارێزن.

بە گشتی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەك پڕنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر لە زۆربەی ژمارەکانی " کوردستان" دا بە شێوازی جۆراجۆر رەنگی داوەتەوە، وەك یاد کردنەوەی رۆژی جیهانیی دەرکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ، پشتیوانی کە کۆنوانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ ، بڵاوکردنەوەی پەیام و بابەت و وتارو هتد. بەڵام ئاستەمە بتوانین سنوورەکانی کاریگەریی " کوردستان" لە ئاست مافی مرۆڤ دەستنیشان بکەین. لە لایەك سەقامیگر کردن و جێگیر کردنی ئەو پرنسیپانە لە کۆمەڵگایەکدا بە دەرە لە توانای رۆژنامەیەك، بە تاییەت کۆمەڵگایەك کە بە درێژایی مێژوو لەگەڵ چەوسانەوەو ستەم بەرەڕوو بووەو فرچکی بە کولتووری داپڵۆسین و پێشێلکاریی مافەکانی گرتوە، لە لایەکی دیکە جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ بەبێ هەوڵ و پشتیوانیی سیستێمکی سیاسیی دیموکرات و کۆمەڵگایەکی مەدەنی زۆر زەحمەت و بگرە نەلواوە.

ئەگەر رۆژنامەی " کوردستان" وەك ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتری وەك ئەندامانی حیزبی هەڵ سەنگێنن، بەرەوڕووی کەم و کووڕی دەبینەوە. ئەندامانی حیزبی وەك بەردەنگی راستەوخۆو بەردەوامی رۆژنامەی " کوردستان" لەگەڵ پێوەرەکانی کەسایەتیی دێموکرات و پارێزەری مافی مرۆڤ مەودایەکی زۆریان هەیە. بێگومان بەرەبەرە رۆژنامەوانی بە تایبەت رۆژنامەوانیی ئیلیکیترۆنی لە مۆنۆپۆلی حیزبەکان دێتە دەرێ. هەرچەند بە وتەی دوکتور سەعیدیش ئەو رەوتە لە رۆژهەڵاتی کوردستان درەنگتری دەست پێ کردوە، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان چەمکی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ لە رۆژنامە غەیرە حیزبییەکاندا دەبینرێ و رەنکدانەوەیەکی بەرچاوتری هەیە.

# ڕۆڵی ڕێبەرانی باشووری کوردستان لە چارەسەری پرسی کورد لە باکوور

حسێن ئەحمەدپوور

لەم چەند ساڵەی دواییدا کاتێك لە تورکیەو لە ئاستی نێونەتەوەییدا باس لە پرسی کورد لە باکووری کوردستان دەکرێ، بە جۆرێك پێی ڕێبەرانی کورد لە باشووری کوردستان دەکەوێتە نێو کێشەکەوەو وەکوو لایەنێکی کاریگەر کە دەتوانن ڕۆڵی گرینگ بگێڕن، باسیان لێوە دەکرێ. دیارە بە پێی سیاسەتی وڵاتان و لایەنە پێوەندیدارەکان سەبارەت بە کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستان، چاوەڕوانییەکان لە ڕێبەرانی کورد بە تایبەت هەر دوو سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان جیاوازە.

کاریگەریی ڕۆڵی بارزانی و تاڵەبانی بۆ دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق و بەشداری چالاکانەی کورد لە دەسەڵاتی عێراق و دروست کردنی قەوارەیەکی یاسایی بەڕێوەبەری لە ژێر ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هاوئاراستە بوون لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە عێراق و ناوچەدا دەگەڕێتەوە. بە جۆرێك کە ئەمڕۆ بۆ تورکیە گرنگییەك کە باشووری کوردستان و ڕێبەرانی هەیانە، نە تەنیا کەمتر لە وڵاتانی دراوسێ نیە بەڵکوو لە هەندێك ڕووەوە زیاتریشە، ئەمە لە کاتێك دایە کە لە ڕابردوودا تورکەکان بە چاوێکی سووك و تەنانەت وەك داردەستێك چاویان لە دوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان دەکرد کە نە تەنیا بە شێوەیەکی ڕەسمی دانیان بە هەرێمی کوردستاندا نەدەنا، بەڵکوو وەکوو دوو سەرۆك عەشیرە چاویان لە بارزانی و تاڵەبانی دەکرد کە کۆمەڵێك چەکداریان بە دەورەوەیەو دەتوانن بە پێدانی هەندێك سەرەتیی ئابووری ئەوان بۆ شەڕی کورد بە کورد بەکار بێنن. ئەگەر چی خڵتەی ئەم ڕوانگەیە ئێستاش لە نێو هەندێك لە ڕێبەرانی پارتە سیاسییەکان و ژەنراڵەکانی تورکدا ماوە، بەڵام ئەوڕۆکە ئەوە ڕوانگەی ڕەسمیی دەسەڵاتدارانی تورك نیە.

هەڵسوکەوت و سیاسەتی تورکیە لە هەمبەر باشووری کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە تورکیە بە پێچەوانەی ڕابردوو بەرەبەرە لەو قەناعەتە نزیك بۆتەوە کە نە تەنیا وەکوو مەترسییەك چاو لە باشووری کوردستان نەکا کە هاندەری هەستی جیاییخوازی لە نێو کوردەکانی باکووری کوردستانە، بەڵکوو وەکوو لایەنێك لە چارەسەری کێشەی کورد (دیارە بە ئەدەبیاتی خۆیان چارەسەری پرسی pkk) سەیری باشووری کوردستان بکا. ئەم گۆڕانی ڕوانگەیەی تورکیە لە مەڕ باشووری کوردستان لە لایەن ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپاو تەنانەت دەوڵەتی عێراقیشەوە پێشوازی لێ دەکرێ. ئەگەری بەهێز بوونی ئەم ڕوانگەیە لە سەردەمی دەسەڵات بەدەستەوە گرتنی باراك ئۆباما لە ئەمریکا زیاتر دەبێ. ناوبراو لایەنگری دانیشتنی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی کوردو تورکەو لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنیشدا چەندین جار بە ئاشکرا جەختی لە سەر ئەم بابەتە کردەوە.

زەقبوونەوەی کێشەی pkkو بەهێز بوونی خەبات لە باکووری کوردستان لە لایەك لە بەرژەوەندیی هەرێمی باشووری کوردستانەو لە لایەکی دیکەشەوە لەم قۆناغەدا کێشەی بۆ ساز کردوە.

ئەوە کە بەهێز بوونی خەباتی ڕزگاریخوازانەو نزیك بوونەوە لە چارەسەری لە هەر پارچەیەکی کوردستان لە بەرژەوەندی هەموو گەلی کورد دایە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرەو باشووری کوردستانیش وەکوو بەشێك لە نەتەوەی کورد ئەمە لە بەرژەوەندیی خۆی دەزانێ، بەڵام زەقبوونەوەی کێشەی pkk و پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری لە باکوور لەم قۆناغەدا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕێبەرانی باشووری کوردستان ڕەخساند کە وەکوو فاکتەرێکی کاریگەر خۆیان پێناسە بکەن و مانۆڕ بدەن. هەروەها ڕێبەرانی باشووری کوردستان لەم قۆناغەدا بە نیشاندانی تواناییەکانی خۆیان بۆ چارەسەری، لەم کێشەیە وەکوو دەرفەتێك کەڵك وەردەگرن کە تورکیە بە فەرمی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بنێ و لەم چوارچێوەشدا هەوڵ دەدەن کە پێوەندییەکی دۆستانە لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیە ساز بکەن، بە چەشنێك کە بە زەرەری بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان تەواو نەبێ. هەوڵی ڕێبەرانی باشووری کوردستان بۆ کەڵك وەرگرتن لەم دەرفەتە بەوە ڕانەوەستاوە، بەڵکوو پێوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك و پشتیوانیی ئاشکرا لە شێوازی خەباتی ئەم حیزبەو بە تیرۆریست نەناسینی pkk و لەهەمان کاتدا داوا کردن لەو حیزبە بۆ چەکدانان و هەروەها جەخت کردنەوە لە سەر ئەوە کە تورکیە ناتوانێ بە ڕێگەچارەی نیزامی پرسی pkk و کورد چارەسەر بکا، پێگەی ئەوانی لە نێو ڕای گشتی باکووری کوردستان و تەنانەت ڕێبەرانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی باکووری کوردستان بەهێز کردوە.

سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە مەڕ تورکیەو پرسی کورد لە باکووری کوردستان پێگەی ئەوانی تا ڕادەیەك بەهێز کردوە کە لە لایەك تورکیە بە بەشداریی ئەوان لە چارەسەریی پرسی pkk ڕازی بێ و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێبەرانی کورد لە باکووری کوردستان بە هەردوو باڵی pkk و DTP داوایان لێ بکەن کە توانای دیپلۆماسی خۆیان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بخەنە گەڕ. سەردانی شاندی پایەبەرزی DTP لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ هەرێمی کوردستان و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەك لە جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و ... هەروەها داواکارییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ڕێبەرانی دیکەی pkk لەو دوو ڕێبەرەی باشووری کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوودا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە سەرکردایەتی باشووری کوردستان لەم قۆناغەدا زیرەکانە لە مەڕ ئەم پرسە جووڵاونەتەوە.

سەرەڕای سەرکەوتوویی سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ تورکیەو پرسی کورد لەو بەشەی کوردستان، ئەو پرسە بۆ باشووری کوردستان ئەوەندەش هەستیارە کە دەکرێ لە ئاکامدا زۆر بە زەرەری هەرێمی کوردستان بشکێتەوە. بۆ وێنە هەندێك لێدوانی توندی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا جگە لەوەی کە لە تورکیە کاردانەوەیەکی توندی بە دژی هەرێمی کوردستان لێ کەوتەوە، ئەمەش هەندێك لایەنی عەڕەب و تورکمەن لە عێراقدا کە لە بنەڕەتدا دژی حکوومەتی هەرێمن و بە ئاشکرا لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە بۆ پیلانگێڕی بە دژی هەرێم هان دەدرێن، دڵخۆش کرد.

ئەگەر بەهێزبوونی بزووتنەوەی کورد لە باکوورو بەهێزبوونی pkk وەك لە سەرەوە باس کرا هەندێك دەرفەتی بۆ ڕێبەرانی باشووری کوردستان دروست کردەوە، ئەوا ئەگەر بێتوو سەرکردایەتی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستان بە وریاییەوە نەجووڵێنەوەو تێبینی بارودۆخی یەکتر نەکەن، پێگەی کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەت لاواز دەبێ. چونکە جگە لەوەی کە بەشی سەرەکیی پێوەندییە بازرگانییەکانی هەرێم لە ڕێگەی سنووری تورکیەوە دەکرێ و تەنانەت بەشی زۆری پێوەندییە بازرگانییەکانیشی هەر لە گەڵ ئەو وڵاتەیە، تورکیەش ئەوەندەی توانا هەیە کە بە بێ لەشکرکێشی و بەکار هێنانی هەڕەشەی نیزامی حکوومەتی هەرێم ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفتی جیددی چ لە نێوخۆی و چ لە ئاستی عێراقدا بکاتەوە، کە دەتوانین لەوانە ئاماژە بە هاندانی نەیارانی کورد بەگشتی لە عێراقدا و بە تایبەتی تورکمەنەکانی لایەنگری خۆی و هەروەها داخستنی سنوورەکان بکەین. لایەنێکی دیکەی هەستیاریی کێشەی کوردی باکوور بۆ حکوومەتی هەرێم ئەوەیە کە لە ئەگەری لاواز بوونی بزووتنەوەی کورد لە باکوور، ئەوە باشووری کوردستان و سەرکردایەتییەکەی گرینگی خۆیان بۆ تورکیە لە دەست دەدەن، ئەو کات تورکیە ئاسانتر دەتوانێ سیاسەتی دژە کوردی خۆی لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکا. هەر بۆیە باشووری کوردستان نابێ بکەوێتە ناو کایەیەکەوە کە بەرەو دامرکانەوەی جۆش و خرۆشی خەبات لە باکووری کوردستان بڕوا. ڕێك ئەو مەبەستەی کە ئێستا تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ باشووری کوردستان بەدوایدا دەگەڕێ.

ئێستا بەو پێیەی کە لە سەرەوە باس کرا لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێبەرانی باشووری کوردستان لە هەمبەر تورکیەو پرسی کورد لە باکوور سیاسەتێکی دروست و گونجاویان گرتۆتە بەر. بەڵام گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئایا سەرکردایەتیی pkk لە داهاتوودا چ سیاسەتێك دەگرێتە بەر کە زەربە لە بەرژەوەندییەکانی باشوور نەداو لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی باکوور بەرەو دامرکانەوە نەڕوا. چونکە ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم دۆخە ناکرێ تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێ بە شێوەیەك کە pkk هەروەك ڕابردوو لە کوێستانەکانی باشووری کوردستان وەکوو بنکەیەك کەڵك وەرگرێ و چالاکییە نیزامییەکانیشی دژی تورکیە درێژە پێ بدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە لەم قۆناغەدا کورد لە باشوورو لە باکوور بە بێ هەست بە بەرپرسیارەتیی pkk ناتوانێ پاپۆڕەکەی بە سلامەتی لە دەریای نائارامی سیاسەتی ناوچەکە بپەڕێنێتەوە.



## پانۆراما

### مام جەلال پرۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم دەکا

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پرۆژەیەکی چاکسازی پێشکەش بە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکوومەت کرد.

پرۆژەکە هێشتا بۆ ڕای گشتی بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام دەوتری بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە دەستێوەردانی حیزب لە حکوومەت پێشکەش کراوە. لەم بارەیەوە ئازاد جوندیانی بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند کە پرۆژەکە لە لایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت پشتیوانی لێ کراوەو پاش بڵاو کردنەوەی بۆ ڕای گشتی دەبێتە سەرەتایەکی پراکتیکی بۆ چاکسازی.

### عەلی حەسەن مەجید لە سەر دۆسیەی هەڵەبجە هیچ قسەیەك ناکات

عەلی حەسەن مەجید تاوانباری سەرەکی لە دۆسیەی هەڵەبجە کە بڕیارە ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٨/١٢/٢١ دادگایی بکرێت، ئامادەنییە لە سەر دۆسیەکە هیچ قسەیەك بکا. لەمبارەیەوە گۆران ئەدهەم یەکێك لە پارێزەرانی قوربانیانی هەڵەبجە ڕایگەیاند کە عەلی کیمیایی لە سەر دۆسیەی هەڵەبجە وڵامی هیچکام لەو پرسیارانەی نەداوەتەوە کە ئاراستەی کراوەو پێدەچێ کە ڕۆژی دادگایی کرانەکەش هەر هەمان هەڵوێستی هەبێ.

حەسەن مەجید ماوەیەك لەمەوبەر لە سەر دۆسیەی سەرکوتی ڕاپەڕینی ١٩٩١ شیعەکان حوکمی ئێعدامی بۆ دەرچوو، کە ئەمەش ناڕزایەتی لە لای هەندێك لە چالاکانی مافی مرۆڤی کورد لێ کەوتەوە، بەو تێبینیە کە ڕێژیمی بەعس زیاترین ستەمی دەرحەق بە کورد کردووەو ئەنفال و هەڵەبجە گەورەترین کارەساتە لە مێژووی عێراق دا، هەربۆیە دەبووا سەدام و عەلی کیمیایی سەرەتا لە سەر ئەم دۆسیە دادگایی کرابان.

چالامانی مافی مرۆڤی کورد پێیان وایە ئەمە هەوڵێکە لە لایەن لایەنەکانی عەرەبەوە لە دەسەڵاتی عێراق بۆ کەم بایەخ نیشان دانی ئەنفال و هەڵەبجە.

### تەلەویزیۆنی TRTی کوردی ڕۆژی یەکەشەممە بەخشی ئەزموونی خۆی دەست پێ دەکا

ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیە لە زمانی بەڕیوەبەری تەلەویزیونیTRT ی بڵاویان کردەوە کە ڕۆژی یەکەشەممەی داهاتوو ٢١ی دیسامبر ئەم تەلەویزیۆنە پەخشی ئەزموونی خۆی دەست پێ دەکا و بڕیاریشە بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینییەوە بە ئامادەبوونی ڕەجەب تەیب ئەردوغان بەرنامەکەی خۆی دەست پێ بکا. بەڕێوەبەرانی ئەم تەلەویزیۆنە لە دوو مانگی ڕابردوودا هەوڵیان داوە کە لە بەناوبانگترین ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کورد بۆ کار کردن لەو تەلەویزیۆنە بانگهێشت بکەن کە بەپێی هەواڵەکان چەند هونەمەرندێکی کورد وەڵامی ئەرێنی یان داوەتەوە.

تەلەویزیۆنی TRT سەرەتا بە زاراوەی کرمانجی سەروو بەرنامە بڵاو دەکاتەوە، بەڵام بڕیارە لە داهاتوودا بەرنامەی بە زاراوەکانی کرمانجی نێوەراست و خوارورش هەبێ.

هەر لەم پێوەندییە دا پارتی کرێکارانی کوردستان ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردۆتەوە کە لەودا بەتوندی هێرشی کردۆتە سەر ئەو تەلەویزیۆنە و نووسیوویەتی: ئەم کاناڵە شتێکی جیاواز لە کاناڵەکانی سەدام نیە هەر لەو کاتەدا کە سەدام کوردی لە هەڵەبجە قەتلوعام دەکرد تەلەویزیۆنی بە زمانی کوردی هەبوو و گۆرانی کوردی بڵاو دەکردەوە.

### سەدام حوسێن بە بینینی فیلمی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە خۆشحاڵ بووە

ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراق ئاشکرای کرد کە بەر لە بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، سەدام حوسێن وێنەگری تایبەتی خۆی ناردۆتە هەڵەبجە، تاوەکوو دیمەنی بۆمباران و کوشتاری خەڵك وێنە بگرێ.

ئەو ئەفسەرە کە ناوی "عەبدول ڕەشید"ە وتی سەدام بە بینینی دیمەنی بۆمباران زۆر کەیف خۆش بووەو وتوویەتی ئەگەر بمانتوانیبایە بەم چەکە لە شارەکانی ئێران بدەین، ئاڵای عێراق لە هەموو ناوچەکە دەشەکاوە.

# ڕەخنەیەکی میتۆدیك لە خەباتی شوناسخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مانێشت ئیلامی

(بەشی یەکەم)

و: سۆران شێرزاد

هەروەك هەموو دەزانن رووبەری سیاسی و جوغرافیایی ئێران لە خاکی نەتەوە جۆربەجۆرەکان کە خاوەنی شوناسی نەتەوەیی جیاوازن پێك هاتووە، ئەم نەتەوانە بە درێژایی مێژووی بوونیان لەم سەرزەوینانە بوونیان هەیە خاوەنی راستەقینەی سەرزەوییەکەیان. بەر لەوەی مەشروتەخوازی و گەشەی ئیدئۆلۆژیی نەتەوەیی لە چوارچێوەی شوناسی ئێرانی فارسدا، نەتەوە جۆربەجۆرەکان لە چوارچێوەی ناوەندە خێڵەکی و عەشیرەییدا لە سەرزەوییەکانی خۆیاندا خاوەنی حاکمییەتی رێژەیی بوون. هەرچەند ئەم چەشنە حاکمییەتانەش لە چەشنی ئاغا و رەعیەتی و خان خانییەکەیدا بۆ خۆی جۆرێك زوڵم و زۆری ناوچەیی بوو کە لە نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێران دەکرا، بەڵام بە جۆرێك دابەش کردنی دەسەڵات لە تەواوێتی ئۆتۆریتەی زاڵ بە سەر ئێراندا بووە، دوا بە دوای دەرکەوتن و پێناسە کرانی ناسیۆنالیزمی فارس ـ ئێرانی لە دەورانی پەهلەوی و زنجیرە بنەماڵەی قاجار و سیستمە خان خانییەکان لە ئێراندا، شوناسی نەتەوەیی زاڵ بە سەر ئێراندا، پێناسە کراو ئەم هێزە دەسەڵاتدارە بە گرتنە بەری سیاسەتی هاوشێوەسازی شوناسییانەو نەتەوەیی و بە کارهێنانی ئامرازە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات، هەوڵی کز کردن و تەنانەت لە نێوبردنی شوناسەکانی دیکەی لە چوارچێوەی ئێرانی داوە و تیۆری ئیدئۆلۆژیی نەتەوە دەوڵەت کە لە سەر تاك شوناسی دامەزرابوو بوو بە رێنوێن و ستراتیژی فکری پێکهاتەی سیاسیی زاڵ بە سەر ئێراندا. لەو کاتەوە تا ئێستاش ئەم سیاسەتە لە چوارچێوەی ئامانجێکی ستراتژیکی گشتیدا بە شێواز و مێتۆدی جۆراوجۆر دەسەڵاتی قۆناغە سیاسییەکانی ئێراندا بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوە نافارسەکان لە رۆژەڤی دەسەڵاتەکانی قۆناغە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا بووە هەرچەند ئەم سیاسەتە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا بە جۆرێك نەتەوەی کردۆتە ئامانجی خۆی و شوناسی نەتەوەی فارسیش لە بەرامبەر تیۆریی شوناسی گەورەتر واتە "ئوممەتی ئیسلامی" دا تووشی دژواری و قەیرانگەلی کولتووری و نەتەوەیی و شوناسی بووە، بەڵام سەبارەت بە شوناسە نەتەوەییەکانی دیکەی نێو ئێران ئەم سیاسەتە بە چەشنێکی، بەرەو پێش چوونی نەوەستاوەو بێ پسانەوە درێژەی هەبووە. لە خاڵی بەرانبەری پیادەکردنی ئەم سیاسەتانەدا گەشەی وشیاریی مەیلە نەتەوەییەکان و مەیلی دوورکەوتنەوە لە ناوەند لە نێوان شوناسە پەراوێزەکان و هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی شوناسی راستەقینە و بۆ مەبەستی وەدەستهێنانی بەشێك لە دەسەڵات هەرچەند بە شێوەی ناوچەیی لە گۆڕێدا بووە. دیارە ئەم خەباتە چەند لایەنە لە شوێنی جۆراوجۆر لە ئێران دژی ئۆتۆریتەی ناوەند هاتۆتە ئاراوە، لە بەر زۆر هۆکار بە تایبەت لەبەر نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا دەسکەوتی ئەم بزوتنەوانە یان سەرکوتکران بووە یان ئەگەر دەسکەوتێکیشیان هەبووبێ، هەم لە لایەنی جوگرافیای شوێندانەری و هەم لە لایەنی بەردەوامیی ژیانی سیاسییەوە زۆر کورت ماوەو سنووردار بوون. دیارە لە ماوەی سەدەی رابردوودا نەتەوەکانی ناو ئێران دوو جار لە چوارچێوەی کەڵك وەرگرتن لە کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکان و هێنانەمەیدانی جەماوەر لە دەورانی مەشروتەخوازی و شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ دا بە هۆی رێبەریی هێزە سیاسییە ناوەندپێگەکان و لە ژێر کارتێکەریی شوناسی زاڵ(فارس ـ ئێرانی)دا توانیویانە توانای خۆیان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە ئێراندا تاقی بکەنەوە، هەرچەند ئەو هەوڵە ئازادیخوازانەیە لە بەر هۆکارگەلێکی وەك نەبوونی رێبەریی خۆماڵی و وەرگرتنی رێبازی ئەو هێزە سیاسییانەی نوێنەرایەتیی شوناسی باڵادەست دەکەن و خەت وەرگرتن لە لایەن هێزە سیاسییەکانی نوێنەری شوناسی دەسەڵاتدار دووبارە بۆتە هۆی ستەمی زیاتری شوناسی و نەتەوەیی و درێژەکێشانی توانەوەی شوناسە نەتەوەییە پەراوێزییەکان لە ئێراندا.

وەك نموونەی خەباتی شوناسخوازی یان سەروەریخوازانە دەتوانین ئاماژە بە نموونەی خوارەوە بکەین کە لە کۆتایی سەردەمی قاجارەوە تا سەردەمی هاوچەرخ رووی داوە:

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز، بەرگری والییەکانی لورستان و ئیلام لە بەرانبەر ڕەزاخاندا، راپەرینی داودخانی کەلهوڕ لە کرماشان، تەڤگەری سەردار ئەسعەدی بەختیاری، قەدەم خێر، راپەرینی سمایل ئاغای سمکۆ، "صولت الدولەی" قەشقایی، جوڵانەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە پێشەنگیی حیزبەکانی دێموکرات و کۆمەڵە لە دەیەکانی رابردوودا، جووڵانەوەی بی بی مەریەم و عەلی مەردان خانی بەختیاری لە چوارمەحاڵ و بەختیاری، جوڵانەوەی گەلی لۆهراسپ باتوڵی بویر ئەحمەد، مەلا غولام حوسین سیاهپوور و ئاغا محەممەد تەقی خوبانی لە کەهگیلۆیەوبویر ئەحمەد، شێخ خەزعەل لە خوزستان، جوڵانەوەی گەلی بەلوچستان، جوڵانەوی تورکەمەن سەحرا و گەلێك بزاڤی ئازادیخوازانەو شوناسخوازی لە شوێنەجۆربەجۆرەکانی ئێراندا.

مێژوو نیشانی داوە کە هەرکات گەلانی ژێر چەپۆك یەکگرتووانە بە دژی هێزە باڵادەستەکان راپەڕیون بە بێ ئەملاولا، سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. ئەم باسە سەبارەت بە نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێرانیش راستە، ئەگەر جوڵانەوەی گەلانی ئێران بە دژی سیستمە باڵادەستەکان بە درێژایی سەدەی رابردوو لە لایەن رێبەرانی ناوخۆیی و خۆماڵی و بیانییەکان بە لاڕێدا نەبرایە ئەگەر ئەو کات رێبەرییەکی هاوبەش و هاوئاهەنگ لە سەر بنەمای رێبازێك کە ویستی هەموو گەلانی ئێران بایە لە پێناوی پاراستنی شوناس و بەرژەوەندیی هەموو شوناسەکانی نێو ئێران پێناسە کرابایە و پێك هاتبایە، بە دڵنیاییەوە ئەورۆکە نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی ئێران لە دۆخێکی زۆر جیاوازتردا دەژیان .

نەتەوەی کورد وەك شوناسێکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە درێژایی خەباتەکەی لە نەبوونی هاوئاهەنگی لە خەباتدا لە نێوان نەتەوەکانی ئێران زۆرترین خەسار و زیانی وێ کەوتوە، ئێستاش خەباتی گەلەکەمان بە بێ یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بەردەوامە.

درێژەی خەبات تەنیا بە شێوەی تاك تەوەرانە و یەك لایەنە لە چوارچێوەی ستراتیژی بەرگریی رەوادا سنوردار بووە و مەیدانی کاریگەریی خەبات تەنانەت هەموو بەش و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناگرێتەوە. ئەگەر تەڤگەری ئازادیخوازی نەتەوەکەمان تاکتیك و ستراتیژی نەگۆڕێ و هەر ئەم رەوتە بگرێتە بەر، بێگومان گرفتی زۆری لە پێشدا دەبێ، تەنانەت ئەگەر هێندێك کاریش بکا راستە کە دروست کردنی قەیران لە ئێراندا دەورێکی گرنگی دەبێ، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە راستەقینە لە پراکتیکدا تەنیا دەبێتە هێزێکی قەیرانسازو داهاتووەکەی نادیارو بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم بزاڤە تەنیا لە ئاستی یەکێك لە نەتەوەکانی ئێران پێك هاتووە دەکەوێتە بەرامبەر پرۆسەیەکی درێژماوەو ناچارەوە کە جووڵانەوەی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان نموونەی هەرە بەرچاوێتی، کە سەرەڕای بوونی خەبات و بەرگری و هەوڵی بێ وچان لە هەموو ئاستەکاندا دوای سێ دەیە ئێستاش لە نێوخۆی تورکیەشدا رەوایی پێویستی پەیدا نەکردوە چ بگا بە ئاستی نێونەتەوەیی و، لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە تووشی کۆسپ و کێشەو قەیران بووە. کۆسپ و گرفتی وەك:

- نەبوونی پشتیوانیی بیروڕای گشتی و سیاسیی کورد و یان نەتەوەی دیکەی نێو تورکیە.

- دانپێدا نەهێنانی هێزو دەوڵەتەکانی ناوچەیی و بان ناوچەیی بەم جووڵانەوە هەقخوازانەو دژە ستەمەدا.

- خرانە نێو لیستی تیرۆرەوە !

ـ گرفتی دیپلۆماتیك و بەهرەمەند نەبوون لە پشتیوانیی دیپلۆماتیك.

- بێ پێگەیی لە هاوکێشە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا.

نەبوونی کاریگەریی پۆزەتیڤ و پێویست لە سەر نەتەوەکانی دیکەی نێو تورکیە لە پێناوی شکاندنی چوارچێوەی کەمالیسم و شوڤێنیسمی تورکداو پێکهاتەی میلیتاریستی دەسەڵاتداری لە تورکیە وەك گرینگترین کۆسپی سەرڕێی هەنگاونان بەرەو دێموکراسی و زۆر هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی دیکە. لە گەڵ ئەوەدا، پێکهاتەی حکوومەتی و دەوڵەتیی ئێران زۆر لە سیستمی زاڵ بە سەر تورکیەدا جیاوازە، نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران تەنیا لە ژێر گوشاری جۆرە ستەمێکدا نین، ستەمی نەتەوایەتی، بەڵکو بێجگە لە دەسەڵاتداری و دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی (فارس) کە بۆتە هۆی کەم رەنگ بوونەوەی شوناسە نەتەوەییەکانی دیکە لە ئێراندا، دەسەڵاتداریی ئیدئۆلۆژیك و شوڤینیسمی مەزهەبی شیعەی سیاسی کە بەشی دووەمی ئەم ستەمە یان باشتر بڵێین توێژی دووەمی ئەم دەسەڵاتدارییە ستەمکارەیە کە هەوڵ دەدا کەسایەتییەکی ئاوێتە لە فاکتۆرە باڵادەستەکان واتە ئێرانی بوون و شیعە بوون بەرهەم بێنی، کە دەکرێ ئەم شوناسە بە ئێرانی (فارس) شیعە پێناسە بکەین.

لەگەڵ ئەمەدا ئەگەر نەتەوەی کوردو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی تاك رەهەندی و یەك لایەنە، درێژە بە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بدەن (هەروەك تا ئێستا کردوویانە)، یەکەم: هەروەك بە درێژایی چەندین دەیە خەبات دیتوومانە، لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بە ناوو ناتۆرەی وەك دژی شۆڕش، دژی شیعە، ئاژاوەچی، کافر، داردەستی بێگانە، جوداییخواز یان و... دەدرێتە پاڵ. بۆ دەوڵەتی حاکم هەروەك رابردوو بە سانایی دەتوانێ بێجگە هێزەکانی بەستراوە بە خۆی لە هێزو پوتانسیەلی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت بەشێك لە جەستەی نەتەوەی کورد بە دژی ئەم بزاڤە وەگەر بخاو کەڵکیشیان لێ وەرگرێ کە واتا کردەوەیەکی ئەوتۆ بریتییە لە قەیرانسازی نەك پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە سیستمی ناوەندیدا و ئەگەر ئەم قەیرانسازییە سەدەیەکی دیکەش درێژەی هەبێ ئەوەی کە زیاتر کەڵکی لێ وەردەگرێ سیستمی باڵادەستە نەك نەتەوەی کورد، چونکە بە قەیران خولقێنی ناکرێ چوارچێوەی سیستمێك بە شێوەی بنچینەیی بگۆڕدرێ و چاوەڕوان بین گۆڕانی تێدا پێك بێت.

دووەم : ئەگەر خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەیی تەنیا لە چوارچێوەی شوناس خوازیی نەتەوەی کورد دابێ نەك لە لایەنگریی زۆربەی هێزەکانی نێو ئێران بە تایبەت نەتەوەکانی دیکە، هێزە رێفۆرمخوازەکان، میللی مەزهەبییەکان، نێهزەتی ئازادی، جبهەی میللی، کۆمەڵگای مەدەنی، هێزە ئازادیخوازەکان، پان ئێرانیستەکان و نەتەوەخوازانی فارس و... بەڵکوو بە بیانووگەلێکی وەك جیاییخوازی و دروشمگەلێکی لەم چەشنە لەگەڵ بەرهەڵستکاریی بەربڵاو رووبەروو دەبێ و زیاتر تەریك دەکەوێتەوە.

سێیەم:ئەم خەباتە ئەو جۆرەی کە پێویستە لە لایەن هێزە کاریگەر و دیاریکەرە نێونەتەوەییەکانەوە پشتیوانی لێ ناکرێ و تەنیا ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ ئێران کێشەیان هەیە و بە پێی پێویستییە کاتییەکان و بەرژەوەندییەکانیان، روانگەیەکی ئامرازی(تاکتیکی) و نەك ستراتیژیکمان سەبارەت بەوە دەبێ، بۆیە لە کاتی پێویستدا بە مەبەستی سود لێ وەرگرتنی سیاسی و دیپلۆماتیك و ئابووری... خۆیان لە سەر بنەمای پێویستییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، پشتیوانیی کاتی لێ دەکرێ. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتە عەرەبەکانی دراوسێی ئێران، تورکیە، رووسیە و تەنانەت دەوڵەتانی ئەورووپایی بکەین لە بەر ئەوەی سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب و تورکیە بەرانبەر بە کێشەی کورد نەرێنی بووە و دژبەرێکی سەرسەختی پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی و یان پێناسەکرانی شوناسی نەتەوەیی بۆ کوردەکان بوون و دەبن.

چوارەم: دژایەتی هێزە ناوچەییەکان لە گەڵ دەستراگەیشتنی ئەم نەتەوەیە بە دەوڵەتی سەربەخۆش لە هۆکارەکانی گوشار و کۆسپ خوڵقاندن بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بە شێوەی تاك لایەنە.

ئەو دەوڵەتانەی لە سەر پرسی شوناس و نەتەوایەتی کورد هاوبەرژەوەند و هاو ڕان بە واتایەك پرسی گەلی کورد بە خەتی سووری خۆیان دەزانن وەك، ئێران، تورکیە، سوریە، عێراق و بە درێژایی سەدەی رابردوو هەمیشە دیتراوە کە ئەو وڵاتانە لەوپەری قەیراندا بووە، رکابەرایەتی و ناکۆکییان بووە لە بەرامبەر کێشەی گەلی کوردا هاوڕاو هاودەنگ و هاوئاهەنگ بوون و دژی بزوتنەوەی گەلەکەمان لە ئێران نە تەنیا ناتوانێ پشت بە پشتیوانیی ئەم دەوڵەتانە ببەستێ بەڵکوو دەبێ ئاگاداری ئەوە بێ کە لە پشتەوە خەنجەری لێ نەدەن، چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی سست بوونی هێزە سیاسییەکان و خەباتی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە بووە کە کەوتووینەتەوە داوی کایە سیاسی و دیپلۆماتیکییەکانی نێوان ئەم وڵاتانە.

---

## پەیڤ

## "لە نێو خانەی پارادۆکسدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان، سۆسیالیزم یا سەرمایەداری"

یوسف ئیبراهیم خاص (ئارام)

"تیۆری زیاتر بە ئاراستەیەکی لێل و نادیار تێپەڕ دەبێ نەك ئاسۆیەکی رووندا بەرەو داهاتوو". (نیکۆلاس لۆمان)

ئەگەر بمانەوێ خوێندنەوەی نوێ بۆ مەسەلەیەك بکەین، هەموو رۆژێك دەتوانین بە شێوەیەکی جیاوازو نوێ بە پێی هەلومەرج باسی لێ بکەین و دیالۆگ و راگۆڕینەوە لە بارەیەوە بکەین، بەڵام بەو مەرجە کە کاکڵ و نێوەڕۆکی ئەو چەمکەی باسی لێوە دەکەین لە خانەی خۆی دەرنەچێ و نەچێتە قاڵبێکی جیاوازو تەنانەت پاڕادۆکسیکاڵەوە.

ماوەیەك لەمەوبەر لە ژێر ناوی خوێندنەوەیەکی نوێ لە سۆسیالیزمی دێموکراتیك زۆر سادەو ساکار بەهاو نرخەکانی سۆسیال دێموکراسیمان لە سەر ئەم چەمکە پیادە کرد. بە پاساوی ئەوە کە لە جیهان پتر لە ٢٠٠ جۆر سۆسیالیزم هەیە (وەك سۆسیالیزمە خۆجێیی کراوەکانی چین و ویتنام و وڵاتانی ئەمریکای لاتین و هتد) دیارە ئەوە لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەسانێك کە لە نێو بزووتنەوەدا بەرهەمهێنەری فیکر بن و لە لایەکی دیکەوە لەو روانگە کۆنسێرڤاتیانەوە سەرچاوە دەگرێ کە سۆسیالیزمی دێموکراتیك میراتی دوکتۆر قاسملوویە بۆیە تەنیاو تەنیا بۆ پێشگیری لە تۆرانی خەڵك و رێگە گرتن کەڵکی ئامرازی وەرگرتنی هێندێك رێکخراویتر لەو مەسەلەیە لە پێڕەوی "حدك" دا گونجا.

هەر بەو پێیە هاتووین لە ژێر ئەو ناوە (سۆسیالیزمی دێموکراتیك)و پێناسەیەکی بەناو نوێمان هێناوەتە ئاراوە کە بە تەواوی پێناسەو کاکڵ و نێوەڕۆکی سۆسیال دێموکراسی لە خۆ گرتووە.

بۆ نموونە لە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب (پەسندکراوی کۆنگرەی ١٤)دا باس لەوە دەکرێ کە: "ئامانجی درێژخایەنی حیزب پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك لە سەر ئەساس و بنەمای بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیك کە تێیدا پێڕەوی لە سیستمی بازاڕی ئازادی چاوەدێری کراو دەکرێ".

بەڵام ئەگەر بەراوردێکی خێراو کورتمان لە نێوان سۆسیالیزمی دێموکراتیك و سۆسیال دێموکراسی هەبێ ئەم جۆرە پێناسەیە دەکەوێتەوە خانەی کامیانەوە؟

ئەو جۆرە لە دێموکراسی (سۆسیال دێموکراسی) رێگایەکی سێهەمە بۆ دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان سۆسیالیزم و لیبرالیزمدا، واتە سۆسیال دێموکراسی جۆرێك لە جۆرەکانی دێموکراسیی لیبراڵییەو لە سەر ئەرکی دەوڵەت لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێداگری دەکاو هاوکات بە پارێزەری سەرمایەداریی کۆنترۆڵ کراو دێتە ئەژمار. (واتە ئەو شتەی پێی دەڵێن بورژوازی میللیی کۆنترۆڵ کراو).

واتە سۆسیال دێموکراسی یا دێموکراسیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە: رێفۆرم و چاکسازی لە نێو سیستمی بورژوازیدا بە پێداگری کردن لە سەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت نەك لە نێوبردنی دەسەڵاتی چینی بورژوا. سۆسیال دێموکراسی باوەڕی بە ئازادییەکانی تاك ئۆلنتاریسم (اختیار باوری)و پتانسیەلەکانی مرۆڤ هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا باوەڕمەندی بە دێتێرمینیسم و ماتریالیزمی مێژوویی هەیە کە تەواو دژ بە یەك رادەوەستن. لە سۆسیال دێموکراسیدا سیستمی بورژوازی بەردەوام خۆ نوێ دەکاتەوەو شۆڕش روو نادا، هەر بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی دێموکراسی و دەسەڵات بەشدار بن، بەڵام لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا، لە ئاکامدا چینی پرۆلیتێر دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و حکوومەتی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دادەمەزرێ و سۆسیالیزم وەك ئاسۆی حکوومەتی کۆمۆنیستی سەیر دەکرێ. لە سۆسیال دێموکراسیدا، دێموکراسی وەك بەها سەیر دەکرێ و هیچ کات ناکرێتە قوربانیی سۆسیالیزم، بەڵام لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا، دێموکراسی وەك ئامرازێك سەیر دەکرێ لە پێناو دابین کردنی کەش و هەوای لەبار بۆ شۆڕش بە دژی نیزامی سەرمایەداری. بەو پێناسەیە سۆسیالیزمی دێموکراتیك و سۆسیال دێموکراسی دوو شتی تەواو لێك جیاوازن و وەك شەهید د.قاسملوو دەڵێ: "سۆسیالیزمی دێموکراتیك تەواو لە گەڵ سۆسیال دێموکراسی جیاوازی هەیە، سۆسیال دێموکراسی رێبازێکی رێفۆرمیستییە بۆ پاراستنی سیستمی سەرمایەداری کار دەکا". ئەگەر وایە ئێمە چۆن دەتوانین بەهاکانی سۆسیال دێموکراسی وەك رێبازێکی رێفۆرمیستی لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیك پیادە بکەین. ئەگەر مەبەست پرۆژەیەکی نوێ و سەردەمییانەیە با بە فیکرو داهێنانێکی نوێ بۆی بچین و کاری لە سەر بکەین، نەك تێزێکی مۆنتاژ کراو تەحویلی خەڵك بدەین کە ئەوە بەرنامەی دوا رۆژی ئێمەیە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و بڵێین ئەو خوێندنەوەیەکی نوێیە. من پێم وایە سۆسیالیزمی دێموکراتیك وەك میرات و تابۆیەکی بڤە بۆمان ماوەتەوە کە لە گەڵ هەموو بارە زانستییەکە لە باری ئابووری ـ سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەردەمێك بە کەڵك بوو، نەك بۆ ئێستای سیستمی نوێی جیهانی و بازاڕی ئابووری ئازاد. رێك وەك ئەو شتەی کە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات باسی لێ دەکەین. ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە روانگەی تیۆریسیەنەکانی ئەو بوارەوە بڕوانینە مەسەلەکە تووشی ئەو تێزەی ئێدوارد برنشتاین دەبین کە رەخنە لە تیۆری رووخاندنی نیزامی سەرمایەداری دەگرێ و ماتریالیزمی مێژوویی دەخاتە ژێر پرسیارو باشترین رێگاچارە بە پێی بۆچوونەکانی ناوبراو سۆسیال دێموکراسییە. هەروەك بۆ خۆی دەڵێ: "سۆسیالیزم تەنیا بە واتای پەرەپێدانی بارنەی ئەم ئازادییانە دێ کە بە هۆی دێموکراسی و لیبرالیزم بەرهەم هاتوون".

ئەگەر ئەو خوێندنەوە نوێیەی ئێمە کردوومانە، لە روانگەی هێندێك تیۆریسیەنی سێکت و پەراوێز کەوتووی گۆڕەپانی چەپی ئێرانی بۆ نموونە وەك مێهرداد پویەندیەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی وایە سۆسیالیزمی دێموکراتیك فۆنداسیۆنی بنیاتنەری سۆسیال دێموکراسییە ئەوە مەسەلەیەکی جیایە، بەڵام کاتێ تۆ وەك حیزبێکی سەربەخۆی نێو بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامانجی دوارۆژی خۆمان دیاری دەکەین، پێویستە لە سەر بنەمایەکی عیلمی بەرنامەیەك دابرێژین کە بتوانێ وڵامدەری داخوازەکان و ویست و خواستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ. خوێندنەوەی نوێی سۆسیالیزمی دێموکراتیك زۆر پڕ نێوەڕۆك بوو بەڵام ئەو شتەی کە بەو شێوەیە باسی لێ دەکرا سۆسیال دێموکراسی بوو کە بە ناوی سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە لە بەرنامەو پێڕەوی نێو خۆی حیزب چەسپا. هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کرد ئەو دوو چەمکە زۆر لێك جیاوازو دوورن. بە رای من ئیتر لە سەردەمی دەسەڵاتداریی رەهای لیبرالیزم و هاتنە ئارای پرۆژەی دەوڵەتی ریفاه لە سەر بنەمای سۆسیال دێموکراسی (دێموکراسیی کۆمەڵایەتی)دا کە زۆر لە وڵاتانی ئورووپاییدا پیادە کراوەو، کاتی ئەوە هاتووە خۆمان لەو ئاڵۆزییە فیکرییانەی کە بە سەرماندا زاڵ بوون رزگار بکەین.

لە کۆتاییدا دەڵێم بارودۆخی جیهان ببینین و رێئالیست بین، با تێ بگەین، سۆسیالیزم دیاردەیەکی شکستخواردووی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و لە هەمووان گرینگتر ئابوورییە کە بە کوردی ژێردەستی بەش بەش کراو کە تەنانەت خاوەن یەکەیەکی یەکگرتووی سیاسی نیەو ئێستاش لە قۆناغێکی نیوە بورژواییدا دەژی، دانامەزرێ. با حیزبی دێموکرات لە رەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرن کردنی خۆیدا رۆشنگەری کە لایەنی فیکری مۆدێرنیتەیە پەراوێز نەخاو بە فیکرێکی نوێوە بڕوانێتە پرسەکان و تابۆشکێن بێ تا بتوانێ وڵامی پرسیارگەلی لەو دەستە بداتەوە: حیزبی دێموکراتی کوردستان سۆسیالیزم یان سۆسیال دێموکراسی، کامیان؟

# ئازادیو بەرپرسایەتی لە فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیسمدا

**سامان کۆنەپۆشی**

پرسی ئازادی هەر لە سەردەمە کەونەکانەوە یەکێك لە پەژارە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتیو یەکێکیش لە پڕگرێکوێرەترینو کێشەخولقێنترین پرسەکانی مێژوو بووە. ئەم پرسیارەی کە داخوا مرۆڤ، لە بنەمادا، بوونەوەرێکی ئازادە یان نەو، ئەگەر ئازادە چلۆن ئازادەو ئازادییەکەی تا چ رادەیەکە؟ هەر لە یەکەمین پشکوتنەکانی هزرینی فەلسەفییانەوە مێشکی فەیلەسووفانی بە خۆیەوە سەرقاڵو ماندوو کردوە.

ئێگزیستانسیالیسم یەکێك لەو فەلسەفانەیە کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی رێبازو قوتابخانە جیاوازو پێکدژە فەلسەفییەکان، لە سەدەی بیستەمدا بە دەستی ژان پۆل سارتەری فەرەنسی هاتە ناو دونیای فەلسەفەوە. دیارە سارتەر زۆرێك لە بنەما فکرییەکانی خۆی لە مارتین هایدگەری ئاڵمانییەوە وەرگرت، بەڵام بە چەشنێك دای رشتنەوەو مانای پێ بەخشین کە نازناوی فەیلەسووفێکی پڕاوپڕیان بە هەق بۆ سارتەر بە دیاری هێنا. یەکێك لە کارەکانی تری سارتەر ئەوە بوو کە زمانی فەلسەفیی قووڵو دژواری هایدگەری گۆڕی بۆ زمانێکی روونو شەفاف، بە چەشنێك کە لە دەرەوەی پسپۆڕانو خوێنەرە جیددییەکانی فەلسەفەدا، کەسانێکی دیکەش بتوانن لە وتەکان تێبگەنو کەڵکیان لێ وەربگرن. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیسم بە خێرایی بە ناو خەڵکی ئاساییو سڤیلدا بڵاو بێتەوەو، سارتەر ببێتە یەکێك لە ناسراوترینو شوێندارنەرترین فەیلەسووفەکانی سەردەمی خۆی. هەر لە سێبەری ئەم روونبێژییەدا بوو کە فەلسەفەی بوونایەتیو ئینتیماو باوەڕە سیاسییەکانی سارتەر توانییان ببنە دیسکۆرسی زاڵی سەردەمی خۆیانو پاڵ بە دیتر باوەڕو ئینتیماکانەوە بنێنو لە پەراوێزیان بخەن. کاریگەریی سارتەر لە سەر کۆمەڵی روناکبیریی فەرەنساش بە رادەیەك قووڵو هەمەلایەنە بوو کە قۆناخێکی زەمەنی مێژووی روناکبیریی فەرەنسا بە ناوی قۆناخی سارتەر دەناسرێتەوە، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە (ساڵی ١٩٤٥) هەتاوەکوو سەرهەڵدانی هزری ٦٨و هاتنەمەیدانی بیرمەندانێکی لە چەشنی فۆکۆ، دێریدا، دیلۆزو لیوتارد درێژ دەبێتەوە.

ئێمە لە ئەنتۆلۆژیای ئێگزیستانسیالیستیدا رووبەڕووی ئینتیمایەکی نیهیلیستی دەبینەوە. نیهیلیسم بە مانای هەڵوەشاندنەوەی هەر چەشنە سەدەمێکی هۆشەکیی ئاگامەندی سەرەتایی بۆ بناخەی بوون. بوون دیاردەیەکە هەر بووەو دەشبێتو هیچ سەدەمێکی هۆشەکیی ئاگامەند لە سەرەتای ئەم بوونەدا نیە، کە رۆڵی ئەفرێنەرو پاڵنەرو رێنوێنیکاری رەخسکانی جیهانو گەردوون بگێڕێت. کاتێك ئەفرێنەر دەست بۆ ئەفراندن دەبات، پێشەکی مەبەست لە ئەفراندنو کارو ئەرکی تایبەتی ئەفرێنراو لە زەینی خۆیدا وێنا دەکات، فۆرمو نێوەرۆکەکەی دیاریو پاشان هەنگاوەکانی بەئۆبژێکتیڤکردنی جێبەجێ دەکات. کەواتە ئەگەر بوونی سەدەمێکی هۆشەکیی ئاگامەندی سەرەتایی بۆ بناخەی بوون لە بەرچاو بگرین، دەبێ دان بەم ئاکامە لۆژیکییەشدا بنێین کە بوون بە گشتیو مرۆڤیش بە مەبەستێکی تایبەتو بۆ کارێکی تایبەت ئەفرێنراونو، بۆ هێنانەدیی ئەو کارو مەبەستانەش جەوهەرێکی پێشتر پێدراویان پێ بەخشراوە. بۆ وێنە دروستکەری پێنووس پێشەکی مەبەست لە دروستکردنو کارو ئەرکەکانی پێنووسی لە زەینی خۆیدا وێنا کردوەو پاشان هێناویەتیە بوونەوە. بەم پێیەش پێنووس ناتوانێت شتێکی دیکە بێت جگە لەو نێوەرۆکەی ئەفرێنەر بۆی دەسنیشان کردوە. بەڵام روانگەی نیهیلیستی پێی وایە جیهانو گەردوون دیاردەگەلێکن کە بە شێوەیەکی سەرمەدی بوونو دەشبنو بوونەوەرێك بە ناوی مرۆڤیش ئاکامی رەوتێکی رەخسکانی سروشتییە. ئەم بوونەوەرە تاکانە بوونەوەرێکە کە خۆی چیەتیی خۆی دیاری دەکات. واتە مرۆڤ لە ساتی لەدایكبووندا جەستەیەکی پەتیو پووچەڵو نێوئاخن بۆشەو، ئەمە لە رەوتی ژیان دایە کە وێنەی ئامانجەکانی ژیانو نێوەرۆکی خۆی دەکێشێت. بە دەربڕینێکی دیکە، مرۆڤ کە دێتە دونیا لە چەشنی تێنووسێکی سپییە کە دەبێ لە ماوەی بوونی لە جیهاندا خۆی بنووسێتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێك نیە کە چیەتییەکی پێشترپێدراوی پێ بەخشرابێتو خاوەن جەوهەرێکی دەسنیشانکراوو نەگۆڕ بێت. کەواتە بەم ئاکامە دەگەین کە بوونی مرۆڤ لە پێش چیەتیی مرۆڤەوەیە. مرۆڤ پرۆژەیەکە، پرۆژەیەکی سەربەستو رووەو رەخسکان. پرۆژەیەکی ئاگامەند کە خۆی دیاریکەری ئامانجەکانی ژیانو نێوەرۆکی خۆیەتیو، لە رێگای "کار"ەوە هەنگاو بۆ هێنانەدییان هەڵدێنێتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادو سەربەستەو بە ئازادی لە دایك دەبێت. بە باوەڕی ئێگزیستانسیالیستەکان مرۆڤ بوونەوەرێکە مەحکوومە بە ئازادی. چونکە تاکانە بوونەوەرێکە کە دەبێ خۆی چیەتیو جەوهەری خۆی داڕێژێتو مەحکوومییەتەکەشی لەوێوە دێت کە مرۆڤ بە پێی ویستی خۆی نایەتە دونیا.

ئازادیی مرۆڤ لە جیهاندا ئازادییەکی بێکۆتو بەندو رەهایە. بەشێکی جیانەکراوەیە لە بوونی مرۆڤ لە جیهاندا.

بەڵام گومانێك کە زۆرجار دەخرێتە سەر ئەم بۆچوونەی ئێگزیستانسیالیستەکان ئەمەیە کە گوایە جەبرو ناچارییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە بیر کردوەو گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادەن. لە کاتێکدا کە جەبرە کۆمەڵایەتییەکان ئازادییەکانی مرۆڤ سنووردارو بەرتەسك دەکەنەوەو لە زۆر شوێنیشدا رێی پێ دەگرن. بەڵام تۆ بڵێی سارتەرێك کە زۆرترین کاریگەرییەکانی لە هایدگەرەوە وەرگرت، زاراوەی دازاین یاخود بوون لە جیهاندای وی لە بیر کردبێت؟ دیارە کە دەبێ ئاورێك لە ژیانی سارتەرو سەردەمی ژیانی بدەینەوەو راڤەیەکی دیکە بۆ ئەم تێگەیشتنانە بکەین. نابێ لە بیرمان بچێت کە سەردەمی سارتەر ساتەوەختێکی مێژوویی بوو بۆ سەرهەڵدانی رێژیمە تۆتالیتارەکان. چەندین میلیۆن مرۆڤ لە جەنگەکانی یەکەمو دووەمی جیهانیدا ببوونە قوربانی زێدەخوازییەکانی رێژیمە تەواوییەتخوازەکان. سەردەمێك کە زۆرترین خوێنەکانی بۆ ئازادی تێدا رژا. سارتەریش فەیلەسووفێك نەبوو لە کونجی کتێبخانەکاندا دانیشێتو کاری خۆی تەنیا بە کارێکی فکریو لێکدانەوەو شیتەڵکاریی چەمکە ئەبستراکتەکان بزانێت، بەڵکوو ئەو فەیلەسووفێکی خاوەن ئینتیمای سیاسی بووو پشتیوانی لە بەرەی چەپی سۆسیالیستی ئەوکات دەکرد. دیارە کە پشتیوانییەکی رەخنەگرانە. سارتەر هەمووکات خۆی تێکەڵ بە هەراو هوریاکانی دونیای دەرەوەو تێکەڵ بە کێشمەکێشو ململانێ سیاسییەکان دەکردو، گەورەترین ئامانجیشی بریتی بوو لە وەدیهاتنی ئازادی بۆ مرۆڤایەتی. پرسیارێك هەیە کە داخوا ئەگەر سارتەر، لە فەلسەفەکەی خۆیدا، رەهابوونی ئازادیی مرۆڤی وەك یەکێك لە سەرەکیترین تێگەیشتنەکانی خۆی بە گریمانە نەگرتایەت، بیتوانیبایە لە دونیای راستەقینەی دەرەوەدا داکۆکی لە مرۆڤو ئازادیی مرۆڤ بکردایە؟ لێرەدا بەرەها نەگرتنی ئازادیی مرۆڤ بە مانای کردنەوەی دەلاقەیەکە بۆ ئەوەی نەیارانی ئازادیو رێژیمە تۆتالیتارەکان بتوانن لەوێوە رەوایەتی بە کارو کردارە دژەمرۆیانەکانی خۆیان ببەخشن.

سارتەر شارەزاییەکی چڕو پڕی لە سەر فەلسەفەو بیرۆکەکانی هایدگەر هەبووو دەیزانی کە مرۆڤ لە بۆشاییدا ناژی، بەڵکو لە جیهاندا، لە کۆمەڵگەداو لەگەڵ ئەوانیتردا دەژی. مادام مرۆڤ لە جیهاندا بژی روونیشە کە رووبەڕووی جەبرەکان دەبێتەوە. بەڵام لە سەردەمێکدا کە رێژیمە تۆتالیتارەکان یەك لە دوای یەك بەهێزەوە هاتبوونە مەیدانو هەڕەشەیان لە مرۆڤایەتی کردبوو، نەدەبوا هیچ دەلاقەیەك بهێڵرایەتەوە بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانن هێرش بکەنە سەر ئازادییەکانی مرۆڤ.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە فەلسەفەی سارتەر فەلسەفەی بەئازادزانینی مرۆڤە، دەبێ بوترێت کە ئەم ئازادییە تا سەر ئێسقان ئاوێتەیە بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن. مرۆڤ بەرپرسیارە. بەرپرسیار لە هەمبەر تێکڕای ئەو کردارانەی لە خۆی دەنوێنێت. ئەو تاکانە بوونەوەرێکە کە خۆی چیەتیی خۆی دیاری دەکات، کەواتە لە هەمبەر چلۆنایەتیی ئەم چیەتییە خۆداڕێژراوەدا بەرپرسیارەو دەبێ وەڵامدەر بێت. لای سارتەر ئەم بەرپرسایەتییە تەنیا هەست بە بەرپرسایەتی نیە لە هەمبەر خۆدا، بەڵکو بەرفراوانتر دەبێتەوەو دەبێتە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە هەمبەر مرۆڤایەتیدا. کردارەکانی مرۆڤ شتێك نین تەنیا پەیوەندییان بە تاکەکەسی مرۆڤ خۆیەوە هەبێت، بەڵکو هەر کردارێك کە مرۆڤ لە خۆی دەنوێنێت بە مانای نیشاندانی ئۆلگوویەکە بە دەوروبەرییەکان. وەك ئەوەی هەموو مرۆڤەکان چاویان لە تاکەکەس بڕیبێت بۆ ئەوەی نموونە لە کارو کردارو هەڵبژاردنەکانی هەڵ بگرنەوە. کەواتە مرۆڤ نەك تەنیا لە هەمبەر خۆیدا، بەڵکو لە هەمبەر تێکڕای مرۆڤەکانی سەر ئەستێرەی خاکیدا بەرپرسیارە. لەم رووگەوەیە کە سارتەر لە پشت تریبوونەکانەوە دەنگ هەڵ دەبڕێتو دەڵێت، هەتا ئەو کاتەی مرۆڤێك لە گرتووخانەدا بێت، ئازادی بە مانای تەواوی وشە نەهاتۆتە دیو لە ئارادا نیە.

لە فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیسمدا مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە لە بەرامبەر خۆی، کردارەکانیو ئەوانیتردا هەست بە بەرپرسایەتی بکات. چونکە لە بنەمادا ئازادی خۆی جۆرێکە لە بەرپرسایەتی.



## مرۆڤەکان لە جیهاندا

### لە رووگەی بوون لە کاتو شوێندا

**ئاکار**

زاراوەی "دازاین" یاخود "بوون لە جیهاندا"، ئاکامی هەوڵێکی ئەنتۆلۆژیکە بۆ خستنەڕووی تێگەیشتنێك لە مرۆڤو بوونی مرۆڤ لە گشتیترین ئاستی خۆیدا. مرۆڤ بوونەوەرێکە بوونی لە جیهان دایە. لە سۆنگەی ئەم راستییە ئەنتۆلۆژیکەوە دەبێ بڵێین کە بەسترانەوەی ژیان بە کاتو شوێنەوە شتێکە بوون (هستی) بە سەر مرۆڤیدا دەسەپێنێت، چونکە شیمانەی بوونی مرۆڤ لە دەرەوەی جیهاندا لە گۆڕدا نیەو، بە گشتی، ئەوەی هەیەو روو دەدات لە جیهاندا، یان بە دەربڕینێکی دیکە، لە کاتو شوێندا هەیەو روو دەدات. لە هەرێمی پانو بەرینی بووندا، ئەمە تەنیا نەبوون (نیستی)ە کە دەتوانێت لە دەرەوەی کاتو شوێندا مانا بە بوونی خۆی ببەخشێت. هەروەها رەنگە هیراکلیتوس لە تیۆری ناتەباییەکانی خۆیدا، هەتا ئەو شوێنەی باس لەوە دەکات کە هەموو شتێك لە گۆڕانی بەردەوام دایە، زۆریش بە هەڵەدا نەچووە. ئەمە خاڵێکی ئەزموونکراوە کە بوون لە کاتو شوێندا ئاماژە بۆ گۆڕان، وەرچەرخانهەڵگریو بوونی جیاوازی دەکات. کەواتە، هەموو ئەو چشت، دیاردەو گیانلەبەرانەی لە جیهان دان، شایانی گۆڕانو وەرچەرخانن - ئێستا ئەم گۆڕانو وەرچەرخانانە داخوا بە ئاراستەی گەڕانەوە بۆ دواوە دان یان رووەو پێشەوە، ئەرێنین یاخود نەرێنی، باسێکی دیکەیە.

مرۆڤیش لە هیچ چاخو سەردەمێکدا لەم تایبەتمەندییە بێبەش نەبووە. بەڵام لەو دەمەوە کە مرۆڤ لە رەوتی رەخسکانی سروشتیدا دەبێتە بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، ئەم گیانلەبەرە دەبێتە گیانلەبەرێکی جیاواز لەوانیتر. واتە مرۆڤ چیتر بوونەوەرێك نیە کە بێتە بوونو بێ ئەوەی وشیارییەکی سەبارەت بە بوونی خۆی هەبێت، ماوەیەك لە جیهاندا بژیو پاشان نەمێنێت. بەڵکوو مرۆڤ لێرە بە دواوە لە مەڕ بوون بە گشتی، بوونی خۆی لە جیهانداو چلۆنایەتیی بوونی لە جیهاندا دەهزرێتو راڤەی دەکات. سەردەمە جیاوازەکانو شوێنە جیاجیاکانی سەر گۆی زەوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پرۆسیسی بیرکردنەوەی مرۆڤ ناتوانێت بۆ تاکانە جۆرو مێتۆدێك کورت بکرێتەوە. بەڵکو گۆڕینی مێتۆدی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بە پێی گۆڕانی کاتو شوێن دیاردەیەکە ناکرێت حاشای لێ بکەین. کەواتە نێوئاخنی مانایی چەمكو واتاو دیاردەکان شتێکی داخراو نیە، بەڵکوو ئەمە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە کە نێوئاخنی مانایان دیاری دەکاتو، لە شوێنو کاتی جیاوازیشدا راڤەو شرۆڤەی جۆراوجۆرو جیاوازیان بۆ دەکرێت. بە دەربڕینێکی دیکە دەکرێت بڵێین، چەمك، واتاو دیاردەکان خۆیان لە خۆیاندا خاوەن مانا نین، بەڵکوو ئەمە مرۆڤە کە مانایان پێ دەبەخشێت. بۆیەشە دەتوانێت لە رێگای جۆراوجۆرو لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێیان رابمێنێتو مانایان بۆ دەسنیشان بکات. ژیانو چۆنیەتیی بردنەسەریشی لەم خەسڵەتە بەدەر نیەو، ئەمە هاتنەئارای بیرو بۆچوونی جیاواز لە مەڕ چلۆنایەتیی بوون لە جیهان دایە کە فاکتەری بنەواشەیی سەرهەڵدانی رێگاو رێچکەی جیاوازی ژیانکردنە لە نێو مرۆڤەکاندا. بەم جۆرە مرۆڤ نەك تەنیا بوونەوەرێکە جیاواز لەوانیتر، بەڵکوو "بوونی مرۆڤ لە جیهاندا" دەچێتە ژێر پرسیارو دەبێ باس لە "بوونی مرۆڤەکان لە جیهاندا" بکەین.

# لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان

(بەشی دووەم و کۆتایی)

و. لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

خوێندکارانی ئێرانی لە دەورەکانی کارناسی بەرز و دوکتورا لەم سێ ساڵەی دوایی دا بە جۆرێك ئۆگری ئەوەن کە باسەکانیان لە سەر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان بنووسن کە ئەمساڵ هێندێك لە زانکۆکان ناچار بە خوێندکارانیان ڕاگەیاندوە کە لە هەڵبژاردنی ئەو باسە بۆ پایاننامەکانیان (نامەی کۆتایی) خۆببوێرن. ئێستا زۆر لە خوێندکاران و لێکۆڵەران لە سەرانسەری ئێراندا خەریکی کارکردن لە سەر ئەو مەسەلەیەن. ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە لە سەرنجدانی لێکۆڵەرەانی ئێرانی لە سەر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان دەبێ بە شتێکی باش ببینرێ، بەڵام تا هێشتا چێژی شیرینیی ئەو ڕووداوە باشە ناکەی کە بیرت دێتەوە: ئەو هەموو لێکۆڵینەوە جێی ئیعتبارە یان بوونەتە بڕوانامەی کۆتایی خوێندن کە لە گۆشەی کتێبخانەکانی زانکۆکاندا خۆڵیان لە سەر دەنیشێ یان دەبنە ڕاپۆرتی نهێنی (محرمانە) بۆ بەرپرسانی وڵات. ڕاپۆرتە ئەستوورەکان یان لە دەفتەری کاری ئەو بەرپرسانە یان لە کتێبخانە دەوڵەتییەکاندا جێیان خۆش کردوە و کەم کەس چاوی پێیان دەکەوێ. بێگومان ئەو لێکۆڵەرانە ئارەزوویان بووە بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و کۆکراوە زانستییەکانیان و هەڵسەنگاندنی دروستی بابەتەکە، بەرنامەداڕێژان و بەرپرسانی وڵات بتوانن بە شێوەیەکی دروست و لە چوارچێوەیەکی دروستی زانستیدا لە بەرنامەداڕێژیی کۆمەڵایەتیدا کەڵکیان لێ وەرگرن. ئەوان دەیانویست ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان کردنەوەی ڕێگایەك بێ بۆ نەهێشتنی شکڵە جۆراوجۆرکانی توندوتیژی دژی ژنانی کۆمەڵگە. خاڵێکی دیکە کە شیرینیی بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی لێکۆڵینەوە لە بارەی توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران کەم دا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێستا ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە زۆر بە کەمی بۆ هەموو خەڵك بە گشتی و کارناسانی ئەو بوارە چاپ کراوە.

یەکێك لە گەورەترین و گرینگترین لێکۆڵینەوەکان لە بارەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران، گەڵاڵەیەکی نەتەوەییە کە چەند ساڵ لەوە پێش بەڕێوەچوو. لێکۆڵینەوەیەك کە ژمارەیەك لە کۆمەڵناسانی ئێرانی وەك مەحموود قازی تەباتەبایی، عەلیرەزا موحسنی تەبریزی و سەید هادی مەرجایی، بەڕێوەیان دەبرد و هێندێك لە مامۆستایانی زانکۆکانی ئێران وەك شکوهی نەوابی نەژاد، نەسرین مێسفا، شەهلا موعەزەمی، شەهرام ڕەفیعیفەر، مەقسود فەراستەخا، ئەحمەد ڕەجەب زادە و... هاوکارییان کردوە. هەروەها سەدان لێکۆڵەر و پرسیارکەر لە چوارچێوەی ئەو گەڵاڵەیەدا لە ٢٨ پارێزگای وڵات هەڵسەنگاندنیان لە سەر دیاردەی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە دژی ژنان کردوە.

لێکۆڵینەوەیەك کە ئەنجامدانی فازی خوێندنەوەی ئەو، دروست کردنی پرسیارنامەکان، کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێکوپێك کردنی ڕاپۆرتی کۆتاییەکەی زیاتر لە سێ ساڵی خایاند. ڕاپۆرتی کۆتایی ئەو گەڵاڵەیە دەرکەوتێکی ڕاچڵەکێنەری لە بارەی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە دژی ژنان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران نیشان دا، کە لە نیوەڕاستی ساڵی ١٣٨٣ ئامادە کرا.

ڕاپۆرتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئێستاش بۆ هەموو خەڵك چاپ نەبووە، بەڵام لە کتێبخانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی نێوخۆ ڕۆژنامەنووسان، لێکۆڵەران و خوێندکاران دەستیان پێی ڕادەگا.

داڕێژەری ئەو گەڵاڵەیە، دەفتەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەزارەتی نێوخۆیە و شەریکی لێکۆڵینەوە و بەرنامەدانانی فێرکردنی بەرزیش هاوکاری کردوە.

ئەو گەڵاڵەیە شوورایەکی سیاسەتدانانیشی بووە کە عەبدولواحید موسەوی لاری وەزیری پێشووی نێوخۆو هێندێك لە جێگرەکانی لەگەڵ ئەو شوورایە بوون. مەحموود قازی تەباتەبایی بەرپرسی ئەو گەڵاڵە نیشتمانییە بۆ ناساندنی لایەنەکانی توندوتیژیی نێوماڵ لە دژی ژنان، جۆرەکانی توندوتیژی بە هەشت دەستە دابەش کردوە: توندوتیژیی زمانی، دەروونی، فیزیکی، حوقووقی، جینسی، ئابووری، فکری و پەروەردەیی و مەترسییەکانی. ئامارەکانی گەڵاڵەی نیشتمانی نیشان دەدا کە لە سەدا ٦٦ ی ژنانی ئێرانی، لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا، لانیکەم جارێك لەگەڵ توندوتیژی ڕووبەڕوو بوونەتەوە. بەو حاڵەش ڕادەو جۆری توندوتیژیی نێوماڵ لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران تێکەڵاوییەکی جۆراوجۆری مانادارییان هەیە.

ژنانی بەندەرعەباس لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە تا ئێستا، زیاتر لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران کەوتوونەتە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژ. بەڵام لە نێو ژنانی توندوتیژی دیتوودا ئەوە ژنانی زاهیدانین کە زۆرترین و توندترین توندوتیژییەکانیان ئەزموون کردوە.

ژنانی بەندەرعەباس لە ماوەی یەك ساڵدا زۆرتر دەکەونە بەر ڕەفتاری توندوتیژیی نێوماڵ بەڵام ژنانی یاسوجی کەمتر لەوان توندوتیژییان لەگەڵ کراوە. ڕاپۆرتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە پڕە لە خشتەی ئاماریی جۆراوجۆرو ئاکادیمی کە پێناسەکانی توندوتیژیی نێوماڵ کە لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە و لە ماوەی یەکساڵ دا بە جیاجیا باس دەکا.

**توندوتیژییە جەستەیی و دەروونییەکان**

دوکتور قازی تەباتەبایی و هاوکارانی کە لە دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ ناساندنی دەستەیەك لە توندوتیژییەکانی نێوماڵ لە دژی ژنان کەڵکیان وەرگرتوە:

**توندوتیژیی جەستەیی (فیزیکی)**

ئەو توندوتیژییە وەك گاز لێ گرتن، گرتن و بەستنەوە، زیندانی کردن، پڕ پێدا کردن و کێشانی قژ، دەرکردن لە ماڵ، کوتەککاریی زۆر، بێبەش کردن لە خواردن و... دەگرێتەوە. لەو بارەیەوە ژنان لە خوڕەم ئاباد لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە ژنانی دیکەی جێگاکانی دیکەی ئێران توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێ و ژنانی شاری کوردیش کەمتر دەکەونە بەر توندوتیژیی یەکەم. لێکۆڵەرانی گەڵاڵەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی دیاردەی توندوتیژیی نێوماڵ زللە، شەق و مست لێدان، ڕاکێشان و فڕێدان، توند پێکدادانی دەرکا، تێکدان و شێواندنی سفرەو مێزی نان خواردن و شکاندنی کەلوپەلی نێو ماڵ هەموو ئەوانە بە توندوتیژیی جەستەیی جۆری دووەم لە قەڵەم داوەو دۆخی ژنانی ئێرانیان لە ٢٨ ناوەندی پارێزگا لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندوە. لە نێو ئەو ژنانەی کە کەوتوونەتە بەر توندوتیژیی جۆری دووەم دیسان ژنانی بەندەرعەباس زۆرجار زیاتر ئەوەیان ئەزموون کردوە و ژنانی کرمانی لە



ماوەی ساڵێکدا کەمتر کەوتوونەتە بەر ئەو توندوتیژییە.

**توندوتیژییە دەروونی و زارەکییەکان:**

جۆرێکی دیکە لەو توندوتیژییانەی کە لە نێو ماڵدا لە دژی ژنان بەڕێوەدەچێ ، بریتییە لە: بەکارهێنانی قسەی ڕەق و جنێو، بیانو پێگرتنی پەیتا پەیتا، هاتوهاوار و هەڵسوکەوتی خراپ، سووکایەتی، هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانە و حوکم کردن و دەستووردانی پەیتا پەیتا، دەنگ داگۆڕین و قسەنەکردن و.... لەو بابەتانە ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە ژنانی بووشەهری و کەمتر لە ژنانی شوێنەکانی دیکەی ئێران دەکەونە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییە.

بە پێی دەرکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی توندوتیژیی نێوماڵ، ژمارەیەك لە پیاوانی ئێرانی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە و پێکهێنانی بەربەست بۆ هاوسەرەکانیان مەترسییان بۆ دروست کردون. ئەو هەڵسوکەوتانە، وەك هەڕەشەی کوشتن، هەڕەشەی تەڵاقدان و یان هێنانی ژنی دووەم، خۆبەخاوەنکردن، شاردنەوە و لەنێوبردنی بەڵگەنامە کەسێنییەکانی وەك ناسنامە، دەفتەری "پاشەکەوت" و....بێگاری پێکردن بە ژن لە بەڕێوەبردنی ئەرکێکدا کە پێوەندیی بەوەوە نییە وەك: پێڕاگەیشتن بە خەزوور و خەسوو (باوك و دایکی مێرد) نەخۆش و هەروەها لە ژێر چاوەدێری گرتن و کۆنتڕۆڵ کردنی تەلەفون و هاتوچۆی ڕۆژانەی ژن، ژنانی بەندەرعەباس، زاهیدان و خوڕەم ئاباد زیاتر لە ژنانی شوێنەکانی دیکەی ئێران لە لایەن مێردەکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ، بەڵام ژنانی سیمنان، ساری و یاسووج کەمترین هەڕەشەیان ئەزموون کردوە. هێندێك لە پیاوانی ئێرانی بە کەڵك وەرگرتن لە هۆکاری ئابووری و ماڵی بەرامبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن. ئەو پیاوانە لە سەربەخۆیی ماڵیی هاوسەرەکانیان ڕێگری دەکەن و دەست بە سەر تایبەتییاندا دەگرن و خەرجی ماڵیان پێنادەن و دەیانخەنە تەنگانەی ماڵییەوە. ئەگەرچی ژنانی زاهیدانی و بووشەهری لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زۆرترین توندوتیژییە ئابووری و ماڵییەکانیان ئەزموون کردوە، بەڵام لە نێو ئەو ژنانەی قوربانی ئەو جۆرە توندوتیژییەن، ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر کەوتوونەتە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ژنانی سیمنانی و یاسووجی کەمتر لە لایەن مێردەکانیانەوە خراونەتە تەنگانەی ماڵی و ئابوورییەوە.

لێکۆڵەرانی گەڵاڵەکە توندوتیژییە یاساییەکانی پێوەندیداریش بە تەڵاقەوە لەو ٢٨ پارێزگایەی وڵاتیان خستۆتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندن. ئەو لێکۆڵەرانە ئەوانەیان بە توندوتیژی زانیوە: خۆبواردنی مێرد لە جیابوونەوە بە پێچەوانەی پێداگرتنی ژن بە پێکەوە سازان، ژن هێنانی دووبارەی مێرد و نەسپاردنی منداڵ بە ژن لە کاتی جیابوونەوەدا .

ئەگەرچی ژنانی بەندەرعەباسی لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زیاتر لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران کەوتوونەتە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە، ژنانی زاهیدانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر ئەو توندوتیژییانەیان لەگەڵ کراوە. و ژنانی ڕەشتیش کەمتر لە ژنانی دیکەی بەشەکانی دیکەی ئێران بەرەوڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییانە بوونەتەوە.

لێکۆڵەرانی ئێرانی هێندێك جۆری دیکەی توندوتیژییان خستۆتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندن کە بریتین لە: ڕێگرتن لە گەشەی کۆمەڵایەتی، فکری و فێرکاری، ڕێگرتن لە پێوەندییە خزمایەتییەکان، ڕێگرتن لە خوێندن و کار پەیدا کردن و...

**توندوتیژیی نێوماڵ یانی چی؟**

کاتێك لە چوارچێوەی پێوەندییەکی نزیکی نێوان دوو کەسدا هەڵسوکەوتی پیاو لەگەڵ ژن توندوتیژ و دەسەڵاتدارانە بوو، ئاکامەکەی دەبێتە توندوتیژیی نێوماڵ. ئەم توندوتیژییە دەکرێ جەستەیی، جینسی، دەروونی و سۆزداری بێ. کەڵکی خراپ وەرگرتنی ماڵی و ڕێگرتن و سنووردار کردنی کەسێك لە لایەنەکانی دیکەی توندوتیژیی نێو ماڵە. توندوتیژی دەتوانێ بە کردار یان تەنیا بە هەڕەشە بەڕێوە بچێ، هەروەها بە شێوەی بەردەوام یان کاتی بەڕێوە بچێ. توندوتیژیی لە نێو بنەماڵە، لە نێو هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، تەمەنە جۆراوجۆرەکان، نەژاد، ڕەگەز، ژیانە جۆراوجۆرەکان و... پەیرەو بکرێ. توندوتیژی نێوماڵ دەتوانێ لە هەر دەورانێکدا چ لە سەرەتای ژیانەوە بێ و چ لە دوای تێپەڕینی چەند ساڵ لە پێوەندی نێوان دووکەسدا بەڕێوە بچێ. منداڵانیش لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژیی نێوماڵ ــ چ لە کورت ماوەدا و چ لە درێژماوەدا بێبەش نین.

هەموو جۆرە توندوتیژییەك ـ دەروونی، ئابووری، سۆزداری و جەستەیی ـ لە مەزنیخوازی و دەسەڵاتخوازیی کەسی ئازارگەیەنەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە توندوتیژیی نێو خێزان ژنان و منداڵان وەك قوربانییانی سەرەکی و پیاوان وەك کەسانی سەرپێچیکار ناویان هاتوە. چونکە بە پێی ئامارە جیهانییەکان نزیکەی لە سەدا ٩٠ی قوربانییانی توندوتیژیی نێوماڵ ژنان و نزیکەی لە سەدا ١٠یان پیاوانن. پیاوانیش دەکەونە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ژنان، بەڵام بەشێکی زۆری توندوتیژیی نێوماڵ، بە تایبەت ئەوانە وا مردن یان مەترسییان بەدواوە دەبێ لەلایەن پیاوانەوە دژی کچان و ژنانی بنەماڵە بەڕێوە دەچێ.

چ تاڵە لە ساڵ دا ڕۆژێك هەبێ بە ناوی ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی لە دژی ژنان کە بە داخەوە ڕۆژێك بەو ناوەوە هەیە (٢٥ی نوامبر) چونکە ئێستاش توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەموو جێیەکی دنیادا شانسی ژیانی ساغ و سڵامەت و ئارامی لەوان سەندۆتەوە.

سەرچاوە: سایتی ڕادیۆ دویچەولە

---

# سۆژنە

## گاڵتەی تاڵی مرۆڤی کوردو مافەکانی

عەلی بداغی

٦٠ ساڵ لەوەپێش و بە پەسندکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بزووتنەوەیەکی هەراو ڕەوتێکی بەربڵاو و جیهانگیری مرۆڤ بایەخانە دەستی پێ کرد. هەوڵی سەرەکی لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەوە بووە کە پێناسە لۆکاڵی و نەریتییەکان لە مرۆڤ جێ پێی لەق بکرێ و لە پێناسەیەکی سەرتاپاگیری جیهانیدا مرۆڤ و مافە سروشتی و ڕەواکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە. هەوڵەکان لەو پێناوەدا ئەگەر چی تەواو سەر نەکەوتوون، بەڵام دەسکەوتەکانی ئەو خەباتە سەرەڕای هەموو ڕێگریو بەرگیرییە نەریتی، ئایینی و کولتوورییەکان و سازی ناسازی نیزام و سیستمە چەقبەستوو و کۆنە پارێزەکانەوە جێی پەسن و شانازین و ئێستاش تا گەیشتن بەوەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە جاڕنامە را بۆ یاسا بگۆڕدرێ، ڕێگە سەخت و پڕکەندو لەندو گەوە.

لە جێدا بە پرەنسیپ بوونی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا وای کردوە کە ڕێژیمێکی نادێموکراتیك و دژە مرۆڤی وەك کۆماری ئیسلامییش لافی لە بەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بدا، بەڵام بەردەوامیی مەحکوومکرانی ڕێژیمی ئێران لە سێ دەیەی ڕابردوو دا لە لایەن کۆمیسیون و شووراکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئورووپا و ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییە بێسنوورەکانی پارێزەری مافی مرۆڤە ئاماژە بە گاڵتەی تاڵی مافی مرۆڤ و مرۆڤ و بەهاکانی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا دەکەن. پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران سیستیماتیك و بە بەرنامەو پلان و بە شێوەی یاسایی و یاسامەند بەڕێوە دەچن، کە لە سەرکوت و پێخوست کردنی مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، دەرکردن و بەڕێوە بردنی حوکمی ئیعدام و لە سێدارەدان، شاڵاوی گرتن و بەندکردنی سەرەڕۆیانەی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدنییەکانی ژنان و خوێندکاران و منداڵان، ئیعدامی منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ، دژایەتیکردن و سەرکوتی بزاوتە کریکاری یەکان و هتددا خۆی دەبینێتەوە. دیارە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان جیاوازتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشە. کوردەکانی ئێران کە سێهەمین پێکهاتەی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دەهێنن، لە هەر چەشنە مافێکی سیاسی و کلتووری و مرۆیی خۆیان بێ بەشن و یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە بە حاشا لێ کردن لە" تنوع" و جۆراوجۆری و فرەیی زمان و کلتوور و نەتەوە لە ئێراندا هەموو جۆرە سیاسەتێکی هەڵاواردن و جیاوازیدانان و سەرکوتێکی بۆ بەڕێوەبەرانی وڵات بە ڕەسمی و بە ڕەوا ناسیوە.

ئەوەی جێی تێڕامانە کە تا ئێستاش سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و پێشیلکاریی رووت و دژەمرۆییانەی مافەکانی ئەو گەلە، دوور لە بینین و سەرنجدانەکان و بێ کەمترین کاردانەوەو دژکردەوەی لێبڕاوانەی کۆڕ و کۆمەڵەکانی پارێزەری مافی مرۆڤەوە بەرەورووو بووە. لە کوردستانێکدا کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی لە چالاکی بەربەست و نایاسایی کراون، خەڵکەکەش کەمترین دەرفەتی بەشداریی لە کایەی سیاسی پێ نەدراوە، ڕێکخراو و ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی بە توندترین شێوە کەوتوونەتە بەر توندوتیریی و باجی بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆڵەکانی گرتن و ئەشکەنجەدان و حوکمی لە سێدارەدان یان زیندانیی درێژخایەن بووە، مافی مرۆڤ و بایەخەکانی مرۆڤی کورد لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە، گاڵتەجاڕ و سووك و چرووك سەیری کراوە.

دیارە زاڵبوونی کەشی سانسۆڕ و خەفەکانی و ئەمنییەتی کردن کێشەکانی کوردستان وای کردوە کە وێنەی ڕاستەقینەی توندوتیژی و سەرکوت و پێشیلکارییەکانی مرۆڤی کورد لە کوردستان بۆ بیروڕای گشتی و چالاکانی ئەم بوارە دەرنەکەوێ و پێویستی ناردنی هەیئەت یان گرووپێکی ناحکوومیی نێونەتەوەیی بە مەبەستی لێکوڵینەوەو بەدوا داچوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و پێشیلکاریی یەسیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە لە هەر کاتێك پتر بێتە بەر چاو.

## ڕووداوی فەرهەنگی

## گیڤارا چووه سەر شاشەی سینەمای ئەمریکا

فیلمی گیڤارا، تازەترین بەرهەمی ستیوان سودربێرگ، دەرهێنەرو وێنەهەڵگری ئەمریکی که باس له ژیان و مردنی گیڤارا، مەزنە شۆڕشگێڕی ئەمریکای باشووری دەکات، بۆ ماوەی هەوتوویەك له شارەکانی لۆس ئانجلێس و نیۆیۆرك پیشان درا. ناوبانگی جیهانیی ئەم فیلمه دوای نمایشکرانی له ئەمریکا دەستی پێ کرد.

فیلمی گیڤارا، که بلیتەکانی سانسی یەکەمی به خێرایی له هەر دوو شاری نیۆیۆرك و لۆس ئانجلێسدا فرۆشران، له ماوەی دوو ڕۆژی کۆتایی هەوتوودا توانی پتر له ٦٠ میلیۆن دۆلار بفرۆشێت.

له شەوی دەست بەکار بوونی فیلمی گیڤارادا ستیوان سودربێرگ سەبارەت به چۆنیەتیی هەڵبژاردنی بەشگەلێك له ژیانی گیڤارا گوتی: "گیڤارا مرۆڤێکی ئێجگار چالاك بوو. من پێم باشتر بوو ماوەیەکی کورت له ژیانی وی به وردەکارییەکانەوه بگێڕمەوه تاوەکوو هەموو ژیانی به وردەکارییەکی کەمترەوه".

## تووڕەیی ڕاگەیەنەکانی ئێران له فیلمێکی هالیوود

ڕۆژنامەی گاردیەن، به بڵاو کردنەوەی وتارێك، ڕاپۆرتی داوه که فیلمی هالیوودی "زۆرانباز" بۆته هۆی تووڕەیی ڕاگەیەنەکانی ئێران.

پێشتر ڕۆژنامەی "جام جم" نووسیبووی ئەم فیلمه بێڕێزی به ئێرانییەکان دەکات و هیوای خواستبوو بەرپرسانی کەلتووریی ئێران کاردانەوەیەکی جێی پەسند بەم پرسه له خۆیان بنوێنن و، بەر له بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمه له ئاستی جیهاندا پێش بەم بێڕێزیه بگرن.

فیلمی زۆرانباز چیرۆکی وەرزشوانێکی "کوشتی کەچ"ه که دوای ساڵانێك دووری له وەرزش، لەگەڵ ئەوەی که تەمەنی لاوێتییشی تێپەڕ کردوه، جارێکی دیکه دێتەوه سەر ڕینگ هەتا دوایین سەرکەوتنی خۆی تۆمار بکات.

بەڵام بەو جۆرەی که ڕۆژنامەی گاردیەن بڵاوی کردۆتەوه، ڕاگەیەنەکانی ئێران، بۆ وێنه ڕۆژنامەکانی جام جم و قودس، بەم چەشنه لەم فیلمه ناڕواننەوەو زۆرانباز به فیلمێکی نوێ له کۆی ئەو فیلمه هالیوودییانه دەزانن که دەیانەوێ بێڕێزی به ئێران بکەن.

# باخ له لایپزیکدا

و. تەها ڕەحیمی

بەشی یەکەم

له لایەکەوه کانتۆر، خۆی به ڕێبەری موسیقای کلیسەیی شار دەزانی، له لایەکی دیکەشەوه خاوەن پێگه خۆجێییەکانی ئەنجومەنی شار، تەنیا به بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەیان دەزانی و دەیانەویست له قوتابخانەو کلیساکاندا وەك جاران جەخت له سەر موسیقای وردو پرۆفشناڵی نەکەنەوه. ئەنجومەنی شار قەت ئەو مووچه دەست و دڵئاواییەی (١٠٠٠ تایتر له ساڵێکدا) که له یەکەم چاوپێکەوتندا "لانگ"بەڵێنی به باخ دابوو، نەدایه. بەڵام، وێڕای مووچەیەکی کەمتر، خانووبەرەیەکی باشیان بۆ حەسانەوەو ئاسایشی بنەماڵەکەی پێ دا، که له کۆتایی بینای قوتابخانەکه هەڵ کەوتبوو. ئەو باڵەخانەیه به تێچوویەکی زۆر له ساڵی ١٧٣٢دا نۆژەن کرایەوه.

لەو کاتەدا بەرپرسایەتیی باخ بێجگه له وتنەوەی ئاوازبێژی و لاتین به قوتابییانی قوتابخانەی سنت توماس، دەبا حەوتووانه موسیقاو ڕێبەری تیپی موسیقای یەك شەمەی دوو کلێسەی سەرەکیی لایپزیك (سێنت توماس و ستن نیکولاس)ی دابین کردبایه. هەروەها دەبوو له دوو کلێسەی تری شاری لایپزیك ـ کلێسەی نوێ و کلێسەی سێنت پیتر ـ یشدا چاوەدێری چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری پێوەندیدار به موسیقای بکردبایه. به هۆی پشکوتنی سەرسوڕهێنەری توانای داهێنانی، توانی له ماوەی شەش ساڵی یەکەمی مانەوەی له لایپزیك، پێنج زنجیره کانتاتی ساڵانه، که هەر کامیان نزیك به شەست کانتاتیان لەخۆ دەگرت، دانێ (دارێژێ)،(که وێدەچێ دوو لەو پێنجه ون بووبێتن). زۆربەی ئەو بەرهەمه کۆنسێرتییانه بۆ ڕێوڕەسمی ئینجیل خوێندنەوەی ڕۆژەکانی یەکشەمەو ڕۆژەکانی جەژنی ساڵی لۆتری دانرابوون و کۆمەڵێکی زۆریشیان به سروش وەرگرتن له ئاوازه ڕۆحانییه نەریتییه کلێسەییەکانی وەك " ڕابه، پەیامی یەزدان بانگمان دەکات"( به ئاڵمانی stimme wachet auf !) و "هەنووکه تەنیا ڕزگاریدەری کافران دێ"(به ئاڵمانی Ruft uns die nun komm der Heiden He iland) نووسراون.

وێدەچێ باخ له کاتی پرۆڤەو بەڕێوەبردنی ئەو بەرهەمانه له کلێسەی سێنت توماسدا، له پشتی پسیکورد دانیشتبێ و یا له بەرانبەر گرووپی (کۆر) له باڵکۆنی نزمتری سەری ڕۆژئاوای هۆڵەکه ڕاوەستابێ، به جۆرێك که پشتی له ئامادەبووان بووبێ و سەرووی کەوتبێته ئەوسەری لای ڕۆژهەڵاتییەوه. هەروەها توانیوێتی به سەرهەڵبڕین ئۆرگەکه ببینێ که دیوێکی بچووکدا بوو که چوارمیتر بەرز بوو. له لای ڕاستی ئۆرگەکەوه، له بەر هەیوانێکی چەپەکدا، ئەو سازانەی به فوو لێ دەرین، برینجی و تمپیانییەکان و له لای چەپی ئۆرگەکەشەوه سازی ژێداری دادەنران. یەکێك له سەرچاوەکانی ئەو گرژییانەی له نێوان ئەنجومەنی شار و کانتۆردا دەهاته پێش ئەوه بوو که ئەو ئەنجومەنه تەنیا هەشت ژەنیاری تاهەتایی خستبووه بەر دەستی باخ، له حاڵێکدا دەبوو (باخ) ئەو بیست کەسەی دیکەی، که بۆ بەڕێوەبردنی پارچه موسیقای نێونجی و گەوەر پێویستی پێیان بوو، له کەسانی سەرقاڵی خوێندن له زانکۆ یا قوتابخانه یان خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگه دابین کردبایه. وێدەچێ، ئۆرگ یان هارپسیکۆرد له لایەن ئاوازدانەر (ئەو کاتانەی بۆ ڕێبەرایەتی به پێوه ڕانەوەستابێ)، ئۆرگژەنی کلێسه یان یەکێك له کوڕه گەورەکانی باخ، فردریك یان ئیمانوئێل ژەنرابێ.

باخ گۆڕانیبێژانی کۆر سوپێرانۆو ئاڵتوی له نێو قوتابییانی قوتابخانه هەڵ دەبژاردو گۆڕانیبێژەکانی (تنور و باس)ی له نێو قوتابییان یاخود کەسانێکی دیکه که له لایپزیك بوون. شایی و زەماوەند و کۆڕی ناشتن (به خاکسپاری) داهاتێکی زۆرتری بۆ گۆڕانیبێژان تێدا بووو وێدەچێ هەر له بەر ئەوەش بێ باخ به لانیکەمەوه شەش "موتت"ی نووسی، بۆ تیپی (کۆر) موتتەکانی زۆرتر دوودانەیی نووسی. بۆ پرۆڤه و پەروەردەی قوتابخانەش کەڵك لەم موتتانه وەردەگیرا. بەشێك له کاره ڕۆژانەکانی باخ له کلێسەدا، بەڕێوەبردنی موتتەکانی ڕێبازی ڤێنیز و ئاڵمان، بۆ وێنه بەرهەمەکانی هانریش شوتز بوون. باخ وەك سەرچەشنێکی ستایلی بۆ موتتەکانی خۆی کەڵکی له بەرهەمەکانی ئەو ئاوازادنەره وەردەگرت.

باخ که زۆربەی ساڵەکانی دەیەی ١٧٢٠ به دانانی کانتاتەکانەوه خەریك بوو، ڕێپراتوارێکی مەزنی موسیقای کلێسەی بۆ دوو کلێسەی سەرەکیی لایپزیك به دیاری هێنا. هەنووکه پێی خۆش بوو له دانانەکان (تصنیفات) و بەڕێوەبردنی موسیقا له سنووری ئایینی تێپەڕێنێ. مانگی مارسی ١٧٢٢، به ڕێبەریی "کۆلیژی موسیقا" ـ گرووپی ژەنیارانی موسیقای نارۆحانی که له ساڵ ١٧٠١دا له لایەن هاوڕێی باخەوه "گێئۆروگ فیلیپ تلمان"، بنیات نرابوو ـ هەڵ بژێردرا. ئەو گرووپه به یەکێك لەو دوازده گرووپه دەژمێردرا که لەو شارانەی زۆرینەی ئاڵمانی زمان بوون پێك هاتبوون و قوتابییه چالاکەکانی بواری موسیقادا تێیدا بەشدار بوون. ئەم گروپانه ڕۆڵێکی گرینگ و ڕوو له هەڵکشانیان له ژیانی موسیقا له نێو ڕەشایی خەڵکدا دەگێڕاو زۆرتر له لایەن بەرجەستەترین موسیقازانانی پرۆفشناڵی هەر شارێکەوه ڕێبەرایەتیی دەکران. کەواته به پێی بۆچوونی کریستۆف وۆڵف، ڕێبەرایەتیی ئەو گروپه لەلایەن باخەوه (چاوەدێری تەواوی باخ به سەر ئەو دامەزراوه سەرەکییانەی، له شاریی لایپزیك له بواری موسیقادا چالاك بوون پتەو کرد). زۆرینەی کاتەکان گروپی کۆلیژی موسیقای لایپزیك حەوتووانه جارێك له قاوەخانەی زیمێرمەن له شەقامی کاترین، کەمێك دوورتر له گۆڕەپانی سەرەکیی شار، دوو کاتژمێر بەرنامەی بەڕێوه دەبرد. خاوەن ملکی قاوەخانەکه تەلارێکی گەورەی بۆ ئەم کاره تەرخان کردبوو و سازگەلێکی جۆراوجۆریشی دابین کردبوو. وێدەچێ زۆربەی بەرهەمەکانی باخ له ماوەی ساڵەکانی دەیەی ١٧٣٠، ٤٠ و ٥٠دا بۆ ڕاپەراندنی ڕێورەسمەکانی ئەو گروپه نووسرابێتن. به دڵنیاییەوه له نێو ئەو بەرهەمانەدا که له لایەن گروپی کۆلیژەوه جێبەجێ کران، بەشگەلێکی "پرۆڤەی کلاویه" و زۆرێك له کۆنسێرتۆکانی ویۆلۆن و هارپسیکورد هەبوون.

لەو ماوەیەدا بوو که "مێس له سی مینۆر"ی تەواو کرد. له پرۆسەی تەکمیلکردنی ئەو بەرهەمەدا ئەو مومانانەی تازه دانرابوون لەگەڵ بەشگەلێکی بەرهەمەکانی پێشوودا تێکەڵ بوون.

ساڵی ١٧٣٥، ڕایش (نسخه)ی دەستنووسی ئەو بەرهەمەی پێشکەش به هەڵبژاردەی دەرباری ساکسۆنی کرد. له بنەڕەتدا ئەو کردەوەیه پێشنیارێکی سەرکەوتووانه بوو بۆ هاندانی پاشا، تا به ئاوازدانەری دەرباری پاشایەتیی هەڵی بژێرێ. هەروەها وێدەچێ ئەو مەسەلەیه بەشێك بێ له جموجۆڵه دوورودرێژەکانی باخ بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر له مشتومڕەکانی لەگەڵ ئەنجوومەنی شاری لایپزیکدا.

له ساڵی ١٧٤٧دا، باخ چووه دەرباری فرێدریکی مەزن له پۆتسدام. لەوێ پاشا "تێم"ێکی بۆ باخ ژەنی و بۆ ژەنینی فوگێك له سەر ئەو "تێم"ه مەیدانی خواست. باخ فۆگیکی سێ دەنگی له سەر پیانۆفورتەی فردریك لێ دا ـ که ئەم کاره لەو سەردەمەدا به داهێنان دەژمێردرا ـ و پاشان "پێشکەشی موسیقا"ی دا به پاشا که فۆگەکان، کانونەکان و تریۆیەك له سەر بنەمای "تێم"ێك که پاشا هەڵی بژاردبوو، له خۆ دەگرت. ئەو تریویه فۆگێکی شەش دەنگییەکه تێمەکەی بڕێك جیاوازی لەگەڵ تێمی هەڵبژێراوی پاشادا هەیه هەتا بۆ پێچاوپێچییه بەربڵاوترەکان لەبار بێ.

"هونەری فۆگ" چەندان مانگ بەر له مردنی نووسرابووو دیاره هێشتا به ناتەواوو مابۆوه. ئەو بەرهەمه ١٨ فۆگ و کانۆنی ئاڵۆزو پێچاوپێچ له خۆ دەگرێ که له سەر تێمێکی ساده ڕاوەستابوو. به گشتی وەك کۆی ئاکامەکانی تەکنیکه چەند دەنگییەکان (پۆلی فۆنیك) ناوی ئەو بەرهەمه، که شاکارێکه له گۆڕینی تێمەکان و پێش زەمینەی کنترپوئانییەکان، دەبەن.

سەرەتای ساڵی ١٧٤٩ نەخۆشی ئاومرواریی باخ زۆری لێ پیس کردبوو. ئەنجوومەنی شار تەنانەت بەر لەوەی بمرێ جێگری بۆ دیاری کرد، بەڵام ئاوازدانەری پیر هێشتا پاشەکشەی نەکردبوو. له کۆتاییدا لاوازیی بینایی ئەوەندە گوشاری بۆ هێنا و ئەزێتی کرد که ناچار بوو نەشتەرگەری بکا. پزیشکی جەڕاحی باخ، که یەکێك بوو له بەناوبانگترین پزیشکەکانی ئەو سەردەمەو تەنانەت چاوی هۆندێلی نەشتەرگەری کردبوو، ناوی (جان تبلور) بوو و ئینگلیسی بوو. به داخەوه نەشتەرگەرییەکەی له سەرچاوەی باخ سەرکەوتوو نەبوو دوویەمین نەشتەرگەری له ئاوریلی ساڵی ١٧٥٠دا کوێری کردو له ژوورێدا خستی.

# "ئاخ چ..."


ئاخ چ شێتێکی خوێن
شیرینم
ئەو دەمەی ئاگر فێری ئەوینم
دەکا
خۆ له هەتاو دەشارمەوه
ئەو دەمەی
خەرمانی خوێنم
بەگێژەڵووکەی مێژوودا دەکەم
ئاخ چ شێتێکی خوێن
شیرینم
ئەو دەمەی
له سەر بەرزاییەکان
چاوم دەکەم، به چرای
پیر چاوڵه بۆکانی دەشتایی
ئەو دەمەی
له شێوەردی غەریبی
گەزیزان دەچێنم
هەر ئەو دەمه
دەبمه شەوچلەی
پیسەرانی هەڵوەدایی
ئاخ چ...
ئەو دەمەی
له ئەشکەوتەکان
زەخمی تەشەنای دڵم
به دڵۆپەی وره سارێژ دەکەم
ئەو دەمەی خورەی کانییەکان
دەکەم به موسیقا و
قاسپەی خاسەکەوانم
به ئاوازی ڕازی دابڕانم
ئاخ چ شێتێکی خوێن
شیرینم
ئەو دەمەی
ئاسمان له لیفەییم پێزاره و
زەویش له ڕایەخیم وەڕەز
ئەو دەمەی
گاشه بەردەکانیش
له سەنیریم ڕادەکەن
ئاخ چ شێتێکی خوێن
شیرینم
ئەو دەمەی
ڕمبەڕمبی تۆپ و دەبابان
دەکەم به دەهۆڵ
قرمه قرم و ویزه ویزی
گوللان به چەپڵه ڕێزان
ڕەشبەڵەکی
گولله و خوێن و ژان له
جەستەم
بۆ گۆرانی ژین
هەروا چاوەڕوانی
دابەزینی بووکی ئاواتم
چ شێتێکی خوێن شیرینم
ئاخ چ شێتێکی خوێن
شیرینم
ئەو دەمەی
له گرمه گرمی گەرمای ئەوین
تەزووی خەزانێکی ناوەخت
چلی باڵآم دەئەنگێوێ
ئەو دەمەی
له شەڕی هەتاوان
ڕیش سپیمەو
سوولحی خوێنی سیاوەش
دەکەم
ئاخ چ...
ئەو دەمەی
له ئاسمانی ئارەزوو تریفەم
دەفڕێ
ئەو دەمەی
له حەوشەی ڕۆحم
بووکی ئاوات دەمرێ

تاهیر مەهابادی
٢٠٠٨/١٢/١٥

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No:500 20 Des 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# مێژووی ئەم دەورەیەی "کوردستان" بە وێنە



جەعفەر شەریعەتی(گەورەدێ ١٣٦٤)



گەڵاڵە بنکەی دەفتەری سیاسی(زستانی ١٣٦٢)



بەهاری ١٣٦٢، ئالان، گوندی دولکان، بنکەی رادیۆو رۆژنامە




هاوینی ١٣٦٣ /ئالان گوندی بەرتۆران/ بنکەی رۆژنامەی کوردستان(خێوەت دا)



لە راستەوە فەرهاد ئەکبەری، قاسم سوڵتانی، جەعفەر شەریعەتی، کامران حەداد (چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان)



شوکرە تەریق گەورەدێ ١٣٦٤



مامۆستا حەسەن زادە، جەعفەر شەریعەتی وەستا عەولا (گەلاڵە ١٣٦٢)



١ـ جەمیلە قادری ٢ـ حەیدەر ئیبراهیمی ٣ـ قادر وریا ٤ـ سەلاح مێهر پەروەر ٥ـ جەعفەر شەریعەتی ٦ـ رۆژین شریعتی ٧ـ کامران حەداد٨ـ عەلی لالە (١٣٧٨)



دیمەنێك لە ئامادە کردنی کوردستان



دیمەنێك لە کۆ کردنەوەی رۆژنامەی "کوردستان"




# عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیاننووسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی

**لەم دیمانە تایبەتەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسن زادە کە لە ماوەی ئەم دەورەیەدا لە بەرپرسان و هاوکارانی سەرەکیی "کوردستان" بووە ئاوڕ لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە دەداتەوەو ڕەخنەو سەرنجەکانی دەخاتە ڕوو.**

دیمانە: "کوردستان"

**بڵاوکرانەوەی "کوردستان" وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چ گرنگییەکی هەبوو و چەند کاریگەریی لە سەر پێشکەوتنی فەرهەنگیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەبوو؟**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەختی دەزانین بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. چونکە تا پێش دەورانی ژ. ك لە جێ دا بۆ ماوەیەکی زۆر بڵاوکراوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر باو نەبوو. دیارە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە پێش دا گۆڤاری کوردستان دەرچوو کە مانگانە بوو، بەڵام جاری وابوو بە دوو سێ مانگ جارێك دەردەچوو دواتر ڕۆژنامەی کوردستان دەردەچوو. ڕۆژنامەی کوردستان بە بێ شك هەم لە گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵك دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شك دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "کوردستان" بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.

**"کوردستان" لەو کاتەدا دەکرێ وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکرات و یان وەك بڵاوکراوەی ڕەسمیی کۆمار چاوی لێ بکرێ؟**

بە بێ شك ئەو وەختە ئێمە شتێکمان نیە کە ئۆرگانی حکومەتی کۆماری کوردستان بێ. لە واقیع دا ئەو بڵاوکراوانەی ئەو وەختە هەبوون ، چ ڕۆژنامەی کوردستان بێ چ گۆڤاری کوردستان چ بڵێین گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵەو ئەوانەو هیچیان بە ناوی ئۆرگانی حکومەت نەبوون. ئەمیان بۆ منداڵان بوو ئەویان بۆ لاوان بووە ئەویان ئۆرگانی حیزب بووە. لە بەر ئەوە نەقشی ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حکومەتیشی گێڕاوە هەرچەند ناوی ئۆرگانی ڕەسمیی دەوڵەتی لە سەر نەبووە و هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچووە.

**کوردستان سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەرچووە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج بەر لەوەی مۆمی دووەمین ساڵی تەمەنی خۆی داگیرسێنێ نەتوانی بەم شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە پچڕ پچڕی( بێجگە لەو ٢٥ساڵەی دوایی) لە تاراوگە بەشێوەی مانگانەو ٢حەوتووانە دەرچووە بەڕێزت وەك کەسێك کە نزیکەی ٤٠ ساڵ کە لە بەڕێوەبەرانی سەرەکیی کوردستان یان یاری نزیکی بووی دەکرێ ئاوڕێك لە قۆناخ و دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بدەیەوە؟**

ئەوەی کە وتت ڕۆژنامەی کوردستان لە ئەوەڵەوە بە شێوەی ڕۆژانە دەرچووە، کەمێك تەسحیحی دەوێ. ئەوەی من بزانم کوردستان هیچ وەختێکی بەشێوەی ڕۆژانە دەرنەچووە. لە دەورانی کۆمار دا ماوەیەك دوو ڕۆژ جارێك دەرچووە هەفتەی ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، جاری وابووە هەفتەی ٢ی ژمارەی لێ دەرچووە. یانی بە شێوەی ڕۆژانە ٦ ژمارە یان ٧ ژمارە لە هەفتەدا وەکوو هێندێك ڕۆژنامە دەردەچن قەتی ئەوە نەبووە. لە پاشانیش بەداخەوە نەك هەر ڕێكو پێکییەکەی ساڵە وەختی تێ وەرنەسووڕابۆوە، بەڵکوو دەرچوونەکەشی ساڵێکی تەواو نەکرد کە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە دەرچوون وەستا بەڵام ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستان بکەی دەورانی زۆر سەخت و دژواری بەجێ هێشتوون لە پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان کە کوردستانیش لە دەرچوون دەوەستێ بۆ ماوەیەك هەر لە جێ دا پچڕانێك هەیە، هەر دەرناچێ. پاشان هێندێك محاوەلە دەبن کە یەکێکیان لە ساڵی ٢٧ بەم لاوە هەولێك بوو کە هەر تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات دایان و شاراوەش نیە کە بە کۆمەکی حیزبی توودە بوو کە ٤ یان ٥ ژمارەی لە تەورێزێ لێ دەرچوو لە چاپخانەیەك کە وا بزانم هەر سەر بە حیزبی توودە بوو. ئەو جار عیددەیەك لەوانەی کە سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون بەڵام لە پاش جمهوری کوردستان ڕۆیشتبوون بۆ ئازەربایجانی شووڕەویی ئەو کات، لەوێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نزیکەی١٢ساڵان ڕۆژنامەی کوردستانیان دەردەکرد کە ڕۆژنامەیەکی تەواو موستەقیل نەبوو، هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەردەچوو. بەڵام لە ڕاستیدا هەر بە ئیمکاناتی حیزبی توودەو لە سێبەری کۆمەگی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شووڕەویدا دەردەچوو. وابزانم دەوری ١٣٠٠و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. ئەوەیان بە ڕۆژنامەیەکی ٤ لاپەرەیی دەردەچوو، ٣ لاپەڕی ئازەربایجانی بوو هەر ناویشی ئازەربایجان بوو یەك لاپەڕیشی کوردی بوو کە ناویشی کوردستان بوو. ئەوە دەورەیەکی، دەورەیەکی دیکەی دیوە کە لە دەرێ دەردەچوو کە ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی حیزب و دۆستانی حیزب وەك دوکتور قاسملوو، حەسەنی قزلجی و کەریمی حیسامی و عەلی گەلاوێژ هاوکارییان لەگەڵ دەکرد و هێندێك قەڵەمی دیکە کە ڕەنگە ئێستا ناوەکەیانم لە بیرم نەبێ دەریان دەکرد. ڕاستە فکرەکە هەر لە دەوروبەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەڵام ناوی ئۆرگانیان لە سەر دانەدەنا، تەنیا هەر ئەوەندەیان دەنووسی کە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ. ئەویشان بە چەند ساڵ (وابزانم سێ ساڵ کەمتر نەبوو لانیکەم) ٢٦ ژمارەی لێ دەرچوو کە لە ڕا دوو ژمارەشی هەر بە ٢٥ دەرچوو. لە بیریان چووبوو کە ئەوە ژمارەی ٢٦ە، دوو ژمارەیان هەر ژمارەی ٢٥ی لە سەر بوو. بەداخەوە ئەوانیش یەك لەوان بۆ خۆشم لە دەستم دا نین. ئاخر دەورەیشیان ئەو دەورەیەیە کە ئیستا دەردەچێ و بۆ ئەو ژمارەیە دەبێتەژمارەی ٥٠٠، ئەوە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩(فێوریەی ١٩٧١ )دا دەرچوو. ئەگەر دیققەت بکەی ئەویش ڕێکوپێك نیە. باسی ڕێکوپێکیی دوو دەیەی ئەخیرتان کرد ڕاستە لەسەریەك ڕێکوپێکترە، بەڵام ئەویش مانگانە بووە جاری وابووە دوو حەوتووانە بووە. ماوەیەکی زۆر مانگانە بوو بەڵام جاری وابوو سێ مانگان دەرنەدەچوو. لە بەر ئەوەی هەلومەرجی خەباتەکەی حیزبی دێموکرات کە ئەویش ئۆرگانی بوو هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار بوو ڕۆژنامەکەش مەجبوور بوو ببێتە تابعی ئەو هەلومەرجە. بۆیە زۆری ناموڕەتتەبی بە خۆیەوە دیوە.

**ئەو چەند ژمارەیەی کە لە تەورێز دەرچوون هەر درێژەی ئەو سەد وچەند ژمارەیە بوون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرچوون؟**

نەخێر ئەوان ژمارەی تایبەتییان لێ درا بوو یەك و دوو سێ و چوارو پێنج. پێنجەکەش زۆر مەعلووم نیە، بووەو بڵاونەبۆتەوە یان نەبووە؟ ئەوەی کە من لە بیرم بێ فەقەت چوار ژمارە کە هەر ژمارەی یەك ودوو سێی وچواریان لێ دەدرا. نەك تەسەلسولی زەمانی جمهوریی لێ بدرێ. هی زەمانی جمهوری ١١٣ ژمارەی مەعلوومە. ڕەوایەتێکیش هەیە کە ١١٤ ژمارەبووە، ژمارە ١١٤ەکە بڵاونەبۆتەوە یا خەڵك نەیدیوە. بە هەر حاڵ تەسەلسولی وی نەبووە.

**وەك دەزانین یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زاینی لە بەغدا بڵاوکرایەوە. بەو پێیەی کە هەر لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی بەرچاو بڵاوکراوەی کوردی لە باشووری کوردستان بڵاو دەکرایەوە دەکرێ بڵێی پێگەی "کوردستان" لە نێو ئەم بڵاوکراوانەدا چۆن بوو؟**

زۆر بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین کە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو وەخت (کە من پێی دەڵێم ڕۆژنامە بە مانای ئەوە نیە کە بەشێوەی ڕۆژانە دەرچووە. عادەتەن ئەو بڵاوکراوەیەی کە بە شێوەی وەرەق دەردەچێ پێی دەڵێن ڕۆژنامە ئەگەر بە دوو ساڵیش دەربچێ. مەجەللەش ئەگەر هەموو ڕۆژێ دەربچێ پێی دەڵێن مەجەللە) شتێك نەبوو کە لە نێو ڕۆژنامەکانی دیکە دا حیسابی بۆ بکرێ، چونکە هەر ئەو وەختی کە ئەو ڕۆژنامەیەمان دەردەکرد لە بەغدایە( دیارە ئیستا دەزانین کە لە بەغدایەدەرچووە ئەو وەختی نە دەگوترا لە بەغدایە دەردەچێ)، ڕۆژنامەی حەفتانە هەبوو بە بیست سەفحە دەردەچوو، بە ١٦ سەفحە دەردەچوو بەناوی "هاوکاری"، "برایەتی" دەردەچوو. گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچوون هەفتانە، مانگانە، وەرزانە و کتێب و شتی زۆر دەردەچوون. لەو بارەیەوە حەجمەکەی زۆر نەبوو. بەو حاڵە ڕۆژنامەی کوردستان لە دوو بارەوە زۆر زۆر لە نێو ڕووناکبیران و، ئەویش لە نێو بژاردەی ڕووناکبیران دا، موعتەبەر بوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە لە باری سیاسییەوە وەزنی باشی بوو، مقالاتی باشی تێدابوون، سەرنووسەرەکەی شەهیدی گەورەمان دوکتوور قاسملوو بوو. نووسەرەکانی دیکەشی نووسەری باش بوون لە سەر یەك. کەوابێ لە باری موحتواوە دەوڵەمەند بوو، ئیستقباڵی لێ دەکرا، زۆر باش بوو. لە باری دیکەوە، لە باری زمانەوە، تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵك دەیان نووسی (نەك ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیان نووسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێك دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو. بەداخەوە "کوردستان" لەو بارەیەوە هەم لەبەر ئەوە کەمێ بێ مبالاتیی تێدا دەکرێ لە باری زمانەوە، هەمیش لە بەر ئەوەیە کە نەشرییاتی دیکە زۆرەو ڕەنگە بڵێم ئەم شێوە نووسینە زاڵ بووە کە نەشرییاتەکەی دیکەی پێ دەردەچێ، ئەو بەرچاوییەی ئەو کات هەیبوو ئێستا نیەتی. ئەو وەختی لەگەڵ ئەوەی زۆر مەحدوود بوو، مانگانە بوو، لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو جێگەیەکی زۆر باشی هەبوو.



**"کوردستان" لە سەرەتاوە ڕۆژنامەیەکی حیزبی بووە تا ئێستا، هێندێك پێیان وایە ڕۆژنامەی حیزبی ڕۆژنامە نیە، ناتوانێ بە پێی پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی کار بکا. بە ڕای جەنابت "کوردستان" چەند توانیوێتی بە پێی ئەو هەورازو نشیوانەی لە مێژووی خۆیدا بوویەتی بە گشتی لە گەڵ پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی خۆی ڕێك بخا؟**

لە گەڵ ئەوەی کە خزمەتی ڕۆژنامەی کوردستان خزمەتێکی گەورەیە و جێی شانازییە، زۆری خزمەت بە فکرو ئەدەبیات و زمانی کوردی کردوە بە بێ شك، بەڵام ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە ڕۆژنامە نازانن. پێم وایە وەکوو ڕۆژنامە ڕۆژنامەیەکی خراپە یا دەکرێ پێی بڵێین کە هەر ڕۆژنامە نیە. بریا ناوێکی دیکەیان دانابا بۆ ئەو ڕۆژنامانە کە زمان حاڵی حیزبێکن ناویان لێ نەنابان ڕۆژنامە. چونکە ڕۆژنامە ئەوەیە لە گەڵ ژیانی کۆمەڵ سەروکاری هەبێ، تازەترین ئەخباری ڕۆژ، تازەترین ئیحتیاجاتی خەڵك، نەزەراتی جۆراوجۆری خەڵك بتوانێ بڵاو بکاتەوە. نیزیك بێ لە کۆمەڵانی خەڵك. ڕۆژنامەیەك کە لە ئەشکەوتێك دەردەچێ و ڕۆژنامەیەك کە بە دزی دەردەچێ بە حەفتەو چەند مانگ جارێك دەردەچێ و بە دزی بڵاودەبێتەوە قەت ناتوانێ خەسڵەتی ڕۆژنامەی هەبێ. لەو بارەیەوە ئەگەر نومرەی بدەمێ، نومرەکە لە سەد بگرم ڕەنگە هەر پێنجی بدەمێ، بەڵام وەکی دیکە بە ڕۆژنامەیەکی ڕووسوور و سەربەرزی دەزانم.

**لە قسەکانت دا ئاماژەت بە هێندێك لەو قەڵەمانە کرد لە"کوردستان"دا دەوریان بووە، دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ڕیزێك ناوی دوورودرێژ دەبینین، بەڵام لانیکەم دەکرێ یادێك لەو کەسانە بکەیەوە کە لە دەیەی یەکەمی "کوردستان"دا دەوریان هەبووە؟**

بەڕاستی ئەوانەی لە دەیەی یەکەم دا تێیان دا دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون. دەکرێ بڵێین شەهید دوکتۆر قاسملوو بوو، کاك کەریم حیسامی و قزڵجی بوون، کاك حەمەدەمین سیراجی بوو، خوالێخۆشبوو هێمن بوو، ڕەفیقێکمان شەهید بوو جەلال میراوەیی یان عوسمانی یەزدانپەناە خەڵکی میراوێی سەردەشت کە ساڵی ٥٨ شەهید بوو، کاك مەلا ڕەحمان بوو. بەڵام دەورەکانی دیکە ماشەڵڵا زۆرن ڕەنگە هەمووی لە بیر نەبن بەڵام لەوانەی کە زۆریان نەقش تێدا هەبوو دەتوانین جگە لە شەهید دوکتۆر شەڕەفکەندی هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئەو وەخت باس بکەین. بەڵام لە نووسەرەکانی دیکە دەتوانین کاك قادر وریا، کاك هەیاس کاردۆ، کاك برایم لاجانی ناو بەرین.

بەو پێیەی کە تۆ یان لە بەڕێوەبەرانی سەرەکی یان یاری نزیکی "کوردستان" بووی دەزانی لەو دەورەیەش دا وەکوو دەورەکانی دیکە دابڕان و وەستان هەبووە بە تایبەت پێش شۆڕشی ٥٧ و دوای شۆڕشی ٥٧. دەکرێ بڵێی کە ئەو وەستان و دابڕانانە چۆن بوون؟

# "کوردستان" و چه‌ند سه‌رنجێك


"کوردستان" نه‌خشێکی به‌رچاوی له‌ مێژووی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان بینیوه‌. هه‌م تریبون و زمانحاڵی کۆماری کوردستان بووه‌ و هه‌م ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووه‌. ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه‌ی وای کردوه‌ که‌ "کوردستان" له‌ ماوه‌ی ته‌مه‌نی پڕ له‌ که‌ند و له‌ندی خۆی و له‌ رێره‌وی سه‌ختی خه‌باتی کورد له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان دا رۆڵی به‌رچاوی سیاسی، کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتووریدا گێڕابێ و ئێستاکه‌ش ئه‌رك و به‌رپرسیاره‌تیی زیاترو گرینگتریش له‌ سه‌ر شانی خۆی هه‌ست پێ بکا.

به‌ بۆنه‌ی ئه‌م ژماره‌ تایبه‌تییه‌ی "کوردستان" چه‌ند پرسیارێکی گشتیمان له‌ گه‌ڵ چه‌ند خوێنه‌رێکی رۆژنامه‌که‌مان خستۆته‌ به‌ر باس و، سه‌رنج و تێبینییه‌کانی ئه‌و به‌رێزانه‌مان له‌ سه‌ر "کوردستان" و گۆڕانکارییه‌کانی به‌رده‌م ئه‌و رۆژنامه‌یه‌ وه‌رگرتووه‌و لێره‌شدا ده‌یخه‌ینه‌ به‌ر دیدی خوێنه‌رانی "کوردستان".

**دیمانه‌: عه‌لی بداغی**

**- "کوردستان" پاش ٥٠٠ ژماره‌ له‌ قۆناغی نوێی ته‌مه‌نی خۆیدا له‌ گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زمان حاڵی حیزبێکی سیاسیی و ئۆرگانی ته‌بلیغیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووه‌، له‌جێدا چه‌ند خزمه‌تی به‌ زمان و ئه‌ده‌بیاتی کوردی کردوه‌؟**

**مسته‌فا شه‌ڵماشی** (سه‌رنووسه‌رو ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی پێشووی "کوردستان"): "کوردستان" له‌ گه‌ڵ ئه‌وه‌ی زمان حاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووه‌، به‌ڵام له‌ قۆناغی مێژوویی جۆربه‌جۆردا نه‌خشی زۆر به‌رفراوانترو گه‌وره‌تری، سیاسی، فه‌رهه‌نگی و کۆمه‌ڵایه‌تی به‌ ئه‌ستۆ بووه‌. له‌ سه‌رده‌می کۆماردا جگه‌ له‌وه‌ی که‌ زمان حاڵی حیزب بووه‌، زمان حاڵی کۆماریش بووه‌. هه‌ر له‌و کاته‌دا رێچکه‌یه‌ك بووه‌، بۆ جێگیر کردن و به‌ستاندارت کردنی زمانی کوردی. له‌ دوای کۆمار له‌ قۆناغی جۆراوجۆردا به‌ ئاشکراو به‌ نهێنی رۆڵی ته‌نیا بڵاوکراوه‌ی کوردیی رۆژهه‌ڵاتی کوردستانی بینیوه‌و هه‌م ئه‌رکی بڵاوکردنه‌وه‌و په‌ره‌پێدانی زمانی کوردی له‌ سه‌رشان بووه‌و هه‌م ئه‌رکی بڵاوکردنه‌وه‌ی سیاسه‌ته‌کانی حیزب.



له‌ قۆناغی دوای ساڵی ١٩٦٩ که‌ حیزبی دێموکراتی کوردستان به‌ رێبه‌رایه‌تیی شه‌هیدی رێبه‌ر دوکتور قاسملوو پێی نایه‌ نێو سه‌رده‌مێکی تازه‌ له‌ تێکۆشانی خۆی و به‌شێوه‌یه‌کی مۆدێڕنتر خۆی دارشته‌وه‌، رۆژنامه‌ی کوردستان ئه‌رکێکی نه‌ته‌وه‌یی زۆر گرینگی وه‌عۆده‌ گرت و له‌ راستیدا له‌ باشووری کوردستان بوو به‌ وێنه‌ی هه‌ره‌ به‌رچاوی نووسینی پاراوو ره‌وانی کوردی. به‌ هاوکاری نووسه‌رانی گه‌وره‌ی زمانی کوردی وه‌ك مامۆستا عه‌بدوڵا حه‌سه‌ن زاده‌، مامۆستا هێمن، کاك هاشمی که‌ریمی، کاك جه‌لالی میراوه‌یی و کاك که‌ریمی حیسامی و به‌ نووسینه‌ ئاکادێمی و هه‌ڵسه‌نگاندنه‌ سیاسییه‌کانی رێبه‌ری شه‌هید دوکتور قاسملوو، رۆژنامه‌ی کوردستان ببوو بو سه‌رچاوه‌یه‌کی زانستی، زمانه‌وانی، سیاسی و فه‌رهه‌نگی بۆ رووناکبیرانی کوردستان به‌گشتی و رووناکبیرانی باشووری کوردستان به‌ تایبه‌تی.

هه‌ر بۆیه‌ ئێستاش ده‌بینین له‌ زۆر جێگا، وه‌کوو به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی گرینگی مێژوویی چاوی لێ ده‌کرێ. له‌ قۆناغێکیش دا که‌ حیزبی دێموکراتی کوردستان رۆڵی سه‌ره‌کیی له‌ جووڵانه‌وه‌ی رزگاریخوازانه‌ی گه‌لی کورد له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ده‌سته‌وه‌ بوو هێزی سه‌ره‌کیی به‌رهه‌ڵستکار له‌ به‌رانبه‌ر کۆماری ئیسلامی دا بوو رۆژنامه‌ی کوردستان له‌ ژێر بارێکی ئێگجار دژواریش دا ئه‌رکی خۆی به‌جێ ده‌گه‌یاند. من که‌ له‌و سه‌رده‌مه‌دا هه‌م وه‌ك نووسه‌رو هه‌م بۆ ماوه‌یه‌کێش وه‌ك سه‌رنووسه‌ر کارم تێدا کردوه‌، ئێستاش که‌ جارو بار چاوێك به‌ لاپه‌ڕه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی رۆژنامه‌ی کوردستاندا ده‌گێڕم، شانازی به‌ رۆڵی هه‌رچه‌ند بچووکیش به‌ڵام جێگای سه‌ربه‌رزیی خۆمه‌وه‌ ده‌که‌م.



**کاوه‌ ئاهه‌نگه‌ری:** که‌ باس له‌ ئه‌ده‌بیاتی کوردی و رۆڵی رۆژنامه‌ی کوردستان ده‌کرێ خێرا زه‌ینی مرۆڤ ده‌کێشرێ بۆ لای ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ له‌ حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێده‌کۆشن یان تێکۆشه‌ری ئه‌و حیزبه‌ بوون. وه‌کی بۆ خۆشتان ئاگادارن چه‌ند نووسه‌ر، ئه‌دیب و مامۆستای وێژه‌و ئه‌ده‌بی کوردی له‌ ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوون و هه‌ن، که‌وا بوو بێگومان بوونی ئه‌و که‌سانه‌ وه‌ك شاره‌زای ئه‌م بواره‌ ده‌توانێ رۆڵی گێڕابێت له‌ ئه‌ده‌بیاتی ره‌سمی حیزب به‌گشتی و رۆژنامه‌ی کوردستان به‌ تایبه‌تی وه‌ك ئۆرگانی ره‌سمیی ئه‌و حیزبه‌. ته‌نیا له‌ رێگای رۆژنامه‌ی کوردستانه‌وه‌ به‌ڵکوو مامۆستایانی زمان و ئه‌ده‌بی کوردیی نێو ریزه‌کانی حیزبی دێموکرات توانیویانه‌ له‌ رێگاو به‌ شێوه‌ی دیکه‌شه‌وه‌ خزمه‌تێکی به‌رچاویان هه‌بێ به‌ زمان و ئه‌ده‌بی کوردی.

**خالید محه‌مه‌دزاده‌** (ئه‌ندامی به‌رێوه‌به‌ری ماڵپه‌ری ٤ رۆژهه‌ڵات): له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌تا ئه‌م ساتانه‌ش زمان لای حیزبه‌ کوردییه‌کان ته‌نیا ئه‌بزارێکی ساده‌یه‌ بۆ ده‌ربڕین به‌ بروای من له‌ رۆژنامه‌ی کوردستان زۆرجار گرنگی دان به‌ زمان یا باشتر بڵێم گرنگیدان به‌ رێنووس و رێزمان خاڵی به‌رچاوی ئه‌و رۆژنامه‌یه‌ بووه‌. له‌ رۆژنامه‌ی کوردستان دا ئه‌وه‌نده‌ی بایه‌خ به‌ رێزمان و رێنووس دراوه‌ ئه‌وه‌نده‌ بایه‌خ به‌ ناوه‌رۆکی وتاره‌کان نه‌دراوه‌ واته‌ گرنگ نه‌بووه‌ که‌ ناوه‌رۆکی وتار چیه‌ به‌ڵام گرنگ بووه‌ رێزمان و رێنووست بپاراستایه‌، ده‌بووایه‌ ئه‌و مودیله‌ له‌ رێنووس و رێزمانت بپاراستایه‌ که‌ له‌ رۆژنامه‌دا په‌یره‌و ده‌کرا. دیاره‌ ئه‌و گرنگییه‌ش هه‌ڵگری بایه‌خدان به‌ هه‌موو زاراوه‌کانی زمانی کوردی و ده‌سته‌واژه‌ و وشه‌ی نوێ نه‌بووه‌. کارکردی زمان له‌م رۆژنامه‌یه‌ به‌رفراوان نه‌بووه‌.

به‌ڵام ئه‌و سنووردار بوونه‌ش لای ئه‌و رۆژنامه‌یه‌ به‌ گرنگیه‌وه‌ سه‌یر ده‌کرا. به‌هه‌رحال من پێموایه‌ یه‌کێك له‌ شانازییه‌کانی "کوردستان" پاراستنی مودێلێك له‌ زمانی کوردی بوو که‌ له‌ راگه‌یاندنی زۆرێك له‌ هێزه‌ کوردییه‌کان غایب بوو.

**جه‌ماڵ نه‌جاری** (سه‌رنووسه‌ری ماڵپه‌ری ده‌نگی کوردستان):

به‌ خۆشییه‌وه‌ ده‌توانم بڵێم رۆژنامه‌ی "کوردستان" له‌ بواری خزمه‌ت به‌ زمان و ئه‌ده‌بیاتی کوردی شوێن په‌نجه‌ی دیار و به‌رچاوه‌ و له‌ ماوه‌ی ده‌رچوونی خۆی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی توانیویه‌تی زمانحاڵی حیزبی دێموکرا تی کوردستان بێ، هه‌وڵیداوه‌ کار له‌ سه‌ر شێوه‌زاری کرمانجی خواروو بکا و به‌ جۆرێك وه‌ك زمانی ستانداردی راگه‌یاندن به‌ باشترین شێوه‌ و به‌ که‌مترین هه‌ڵه‌ ئه‌م شێوه‌زاره‌ بچه‌سپێنێ و بیکاته‌ زمانی ده‌ربڕینی خۆی و له‌م رێگه‌یه‌وه‌ خزمه‌تی باشی به‌ زمان و ئه‌ده‌بیاتی کوردی کردوه‌. ئه‌ویش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زمانی کوردی له‌ هه‌موو پارچه‌کانی کوردستان له‌ ژێر کاریگه‌ریی سێ زمانی فارسی و عه‌ره‌بی و تورکی دایه‌ و له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان خوێندن به‌ زمانی کوردی نیه‌، رۆژنامه‌ی "کوردستان" هه‌میشه‌ هه‌وڵیداوه‌ به‌ جیددی کار له‌سه‌ر زمانی کوردی و ئه‌و ئه‌ده‌به‌ ده‌وڵه‌مه‌ندی بکا و له‌

---

**درێژه‌ی:**

## عه‌بدوڵلا حه‌سه‌ن زاده‌: ئه‌دیبه‌کانی باشووری کوردستان ده‌یاننووسی ده‌بێ زمانی "کوردستان" بکرێته‌ نموونه‌ی نووسینی کوردی

له‌ پێش دا که‌ ئێمه‌ ده‌ستمان به‌و ده‌وره‌ تازه‌یه‌ کرده‌وه‌ ده‌وره‌یه‌ك بوو که‌ نه‌وعێك ئیستقراری هه‌بوو. نوێنه‌رایه‌تییه‌کمان له‌ به‌غدایه‌ هه‌بوو (نوێنه‌رایه‌تیی ره‌سمی نه‌بوو، به‌ڵام ماڵێکمان له‌وێ هه‌بوو ) له‌وێ ده‌رمان ده‌کرد. تا ژماره‌ی ٣٥ و ئه‌وانه‌ی باش بوو له‌ چاپخانه‌یه‌ك ده‌رده‌چوو رێکوپێك. له‌ پاشان وای لێ هات که‌ هێندێك ئاڵوگۆڕی سیاسی له‌ ناوچه‌که‌ دا رووی دا به‌ تایبه‌تی له‌ پێوه‌ندیی نێوان ئێران و عێراق دا. ئه‌و وه‌ختی عێراق لێی قه‌ده‌غه‌ کردین رۆژنامه‌ ده‌ربکه‌ین. مه‌جبوور به‌ تایپ ده‌مان نووسی ئه‌ویش به‌ تایپی ده‌ستی نه‌ك به‌ تایپی ئێستا، له‌ سه‌ر کاغه‌ز ده‌مان چه‌سپاندو ده‌مان نارد بۆ یه‌کێ له‌ پایه‌ته‌خته‌کان له‌وێ چاپ بێ. به‌ زه‌حمه‌ت بڵاو ده‌بۆوه‌. ژماره‌یه‌کم له‌ بیره‌ سێ چوار پایته‌ختی کردن تا ده‌رچوو. له‌ به‌غدایه‌ چاپ نه‌کرا، چووه‌ به‌یرووتێ، چووه‌ ئه‌ڵمانی (پایته‌ختی ئه‌و کات بۆن نه‌بوو بێرلین بوو) چووه‌ برلینێ چوو له‌ پاریس چاپ کرا. ئه‌و ده‌ورانه‌ی به‌ خۆوه‌ بینی. له‌ پاشان که‌ گه‌ڕاینه‌وه‌ وه‌زعه‌که‌ جۆرێکی دیکه‌ گۆڕا و گۆڕانێکی موسبه‌ت هاته‌ ئاراوه‌. ئێمه‌ گه‌ڕاینه‌وه‌ کوردستان. بۆ ماوه‌یه‌کی دیسان "کوردستان"یش ده‌رنه‌چوو. ئه‌و جار که‌ ده‌رچوو ماوه‌یه‌ك ده‌ستمان پێ کرد به‌ تایپ و به‌ پۆلی‌کۆپی ده‌رمان ده‌کرد، دوای چه‌ند مانگ چاپخانه‌یه‌کمان کڕی بۆ یه‌که‌مین جار حه‌وتانه‌ش ٢،٣ ژماره‌ی له‌ مه‌هاباد لێ ده‌رده‌چوو. جارێکی دیکه‌ که‌ مه‌جبوور بووین ئاواره‌ بینه‌وه‌، ده‌ربه‌ده‌ر بووینه‌وه‌ دووباره‌ په‌نامان بۆ تایپ و پۆکۆپی برده‌وه‌. به‌ کورتی بڵێم پاشان له‌ باری حه‌جمیشه‌وه‌، حه‌جمه‌که‌ی وه‌ختێك به‌ ئه‌ندازه‌ی حه‌جمی کتێب بوو، وه‌ختێك به‌ ئه‌ندازه‌ی A4 بوو، جا دوایه‌ کردمانه‌ A3 ئێستا حه‌جمه‌که‌ی حه‌جمی رۆژنامه‌یه‌کی مامناوه‌ندییه‌. زۆری ئه‌و ده‌ورانانه‌ به‌ خۆیه‌وه‌ دیون. ئێمه‌ جارێکی شتێکمان له‌ سه‌ر نووسیوه‌ که‌ ره‌نگه‌ هه‌ر من نووسیبێتم که‌ ده‌ڵێین "کوردستان" رۆژنامه‌ی تێکۆشه‌رانی کورده‌ و چاره‌نووسی له‌گه‌ڵ چاره‌نووسی ئه‌وان لێك گرێ دراوه‌، که‌ ئه‌وان ئاشکرا بوون ئه‌ویش ئاشکرا بووه‌، که‌ ئه‌وان نهێنی بوون ئه‌ویش نهێنی بووه‌، ئه‌وان ئیمکاناتێکیان هه‌بووه‌ ئه‌ویش هه‌یبووه‌. له‌ سه‌ر یه‌ك رۆژنامه‌ی کوردستان ئاوێنه‌یه‌ك بووه‌ له‌ خه‌بات وتێکۆشانی ئه‌ندامانی حیزبی دێموکرات.

**له‌ ده‌یه‌ی یه‌که‌م دا که‌ هه‌لومه‌رج له‌ چاو ئێستا شتێکی دیکه‌ بوو "کوردستان" چه‌نده‌ ده‌گه‌یشته‌وه‌ نێوخۆی وڵات و ده‌ست ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌بوو بی خوێننه‌وه‌؟**

ژماره‌یه‌کی زۆر مه‌حدوود ده‌چوو ره‌نگه‌ بکرێ بڵێین له‌ باشترین حاڵه‌ت دا ١٠٠ ژماره‌یه‌کی ده‌گه‌یشته‌وه‌ وڵات. به‌ڵام عه‌لاقه‌یه‌کی زۆر هه‌بوو له‌ نێو ئه‌وانه‌ی که‌ "کوردستان"یان به‌ ده‌ست ده‌گه‌یشت. ئه‌و وه‌خت زۆریش ئیمکانی کۆپی و ئه‌وه‌ نه‌بوو ره‌نگه‌ هه‌ڵکه‌وتوه‌ که‌ رۆژنامه‌یه‌ك ٥٠ که‌س یان ژماره‌یه‌کی زیاتر ده‌یان خوێنده‌وه‌. ئێمه‌ بۆ ئه‌وه‌ی بچێته‌وه‌ وڵات دوو جۆرمان چاپ ده‌کرد به‌شێك له‌ سه‌ر کاغه‌زی مه‌عمولیمان چاپ ده‌کرد به‌شێکی دیکه‌ش کاغه‌زێکی ته‌نك و قایم له‌ عه‌ینی کاتدا مقاوم که‌ به‌ نوشتاندنه‌وه‌ زوو خرا نه‌بێ، ئه‌وه‌مان ده‌نارده‌وه‌ وڵات. ئه‌وه‌ش هه‌ر قاچاغ بوو .

**ده‌زگای "ژین" به‌شێکی به‌رچاو له‌ ژماره‌کانی سه‌ردمی کۆماری چاپ و بڵاو کردۆته‌وه‌ ئه‌و هه‌وڵه‌ چۆن هه‌ڵده‌سه‌نگێنی؟**

له‌ باره‌ی "ژین"ه‌وه‌ بڵێم چی، بریا "ژین" ناوی خۆی گۆڕیبا کردبایه‌ بنکه‌ی ژیاندنه‌وه‌، نه‌ك بنکه‌ی "ژین". چونکه‌ ئه‌و بنکه‌یه‌ هه‌م "ژین"ی ژیاندۆته‌وه‌ هه‌میش زۆری دیکه‌ له‌ گۆڤارو رۆژنامه‌کان و به‌رهه‌مه‌ تاریخییه‌کانی نووسه‌رانی کوردی ژیاندۆته‌وه‌. خزمه‌تی بنکه‌ی "ژین" به‌ تایبه‌ت ئه‌و دوو برا به‌رێز و تێکۆشه‌ره‌ مامۆستا ره‌فیق ساڵح و مامۆستا سه‌دیق ساڵح ئه‌وه‌نده‌ به‌رچاوه‌ که‌ زمانی من له‌ تاریفی عاجزه‌. ئه‌وانه‌ له‌و که‌سانه‌ن ته‌نیا که‌سانێك نین به‌ڵام له‌و که‌سانه‌ن که‌ حه‌ق وایه‌ هه‌ر به‌ زیندوویی په‌یکه‌ری زێڕیان بۆ دروست که‌ی. به‌ش به‌ حاڵی خۆم هه‌ر ئه‌و کاره‌یان نا، هه‌رچی کردوویانه‌ به‌ خزمه‌تی گه‌وره‌و به‌ شاکار ده‌زانم. ئاره‌زووی ئه‌وه‌ ده‌که‌م ئه‌وان هه‌ر به‌رده‌وام بن، سه‌رکه‌وتنی زیاتریان بۆ به‌ ئاوات ده‌خوازم و زۆریشم پێ خۆشه‌ که‌ یادت کردنه‌وه‌.

**راسپارده‌ت بۆ به‌رێوه‌به‌رانی ئێستای "کوردستان" چیه‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ئاست ئه‌و چاوه‌روانیانه‌دا که‌ لێی ده‌کرێ ؟**

به‌ بێ شك له‌ گه‌ڵ هه‌موو سپاس و شانازیم به‌ زه‌حمه‌ت و تێکۆشانی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی رۆژنامه‌وه‌ ده‌بێ بڵێین که‌ رۆژنامه‌ی کوردستان نه‌ك هه‌ر وه‌کوو گوتم رۆژنامه‌ نیه‌ به‌ مانای واقیعیی که‌لیمه‌، به‌ڵام وه‌ك ئۆرگانی حیزبییش له‌ خواره‌وه‌ی ئینتزاراتی خه‌ڵکه‌ و له‌ خواره‌وه‌ی ئه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌بێ رۆژنامه‌ی حیزبێکی وه‌ك حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. که‌وابێ له‌گه‌ڵ ته‌قدیرم له‌ زه‌حمه‌ته‌کان ده‌بێ زه‌حمه‌تی زیاتر بکێشن، پتری پێوه‌ ماندوو بن، له‌ قه‌ڵه‌می دیکه‌ بگه‌ڕێن، ته‌نه‌وعی زیاتری پێ ببه‌خشن. له‌وانه‌ زیاتر ئه‌وه‌ی که‌ بۆ من زۆر موهیممه‌ مه‌سه‌له‌ی زمانه‌. چونکه‌ به‌ تایبه‌تی رۆژنامه‌ی کوردستان ده‌بێ ئه‌و نه‌قشه‌ی هه‌بێ که‌ زمانی سه‌حیحی کوردی، رێنووسی سه‌حیحی کوردی فێری خوێنه‌رانی کورد بکا. زۆر به‌ ئه‌ده‌به‌وه‌ ده‌ڵێم به‌ڵام ئێستا ره‌خنه‌ی پێ واریده‌، به‌ره‌و دواوه‌ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌، که‌لیماتی سه‌یر و سه‌مه‌ره‌ی تێدا ده‌بینم که‌ له‌ کوردی نه‌زانانه‌وه‌ فێریان ده‌بێ. له‌ حاڵێك دا که‌لیماتی ئه‌سیلی کوردیمان هه‌یه‌، که‌لیماتی نامۆ به‌ کار ده‌برێ. که‌متره‌ له‌ رۆژنامه‌کانی دیکه‌ به‌ڵام وادیاره‌ فێری بووین. له‌ هه‌مووی سه‌یرتر ئه‌وه‌یه‌ که‌لیماتێك ده‌بینم که‌ له‌ فارسی وه‌رگیراوه‌، کورده‌کانی باشوور به‌ غه‌ڵه‌ت وه‌ریان گرتوه‌. ئێمه‌ش ده‌چین غه‌ڵه‌ته‌که‌ی له‌وان وه‌رده‌گرینه‌وه‌. بۆ نموونه‌ که‌لیمه‌ی ئاماده‌باش که‌لیمه‌یه‌کی فارسییه‌، کورده‌کانی باشوور ده‌ڵێن ئاماده‌باشی که‌چی ئێمه‌ که‌ له‌ فارسیدا له‌وان واریدترین ئاماده‌باشی به‌ کار ده‌به‌ین، یان مه‌سه‌له‌ن "کجا مرحبا" به‌ کار ده‌به‌ین. که‌لیماتی وامان هه‌یه‌ حه‌ق وایه‌ "کوردستان" بژاری بکا که‌ له‌ باری ئینشاییشه‌وه‌ "کوردستان"ی ئێستا له‌ گه‌ڵ

**رۆژنامه‌ی کوردستان ده‌بێ ئه‌و نه‌قشه‌ی هه‌بێ که‌ زمانی سه‌حیحی کوردی، رێنووسی سه‌حیحی کوردی فێری خوێنه‌رانی کورد بکا. زۆر به‌ ئه‌ده‌به‌وه‌ ده‌ڵێم به‌ڵام ئێستا ره‌خنه‌ی پێ واریده‌، به‌ره‌و دواوه‌ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌، که‌لیماتی سه‌یر و سه‌مه‌ره‌ی تێدا ده‌بینم که‌ له‌ کوردی نه‌زانانه‌وه‌ فێریان ده‌بێ.**

کوردستانی پێشوو ئه‌و هه‌مووه‌ بێ ئیمکاناتییه‌ی ده‌ورانی سه‌ره‌تای ده‌رچوونی ئه‌و ده‌وره‌یه‌ ئه‌گه‌ر به‌راوه‌ردی بکه‌ین ده‌بینین هاتۆته‌ خوارێ.

ڕێگەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە جیا لە بابەتە سیاسییەکان وتار و بابەتگەلی جۆراوجۆر لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی بڵاو بکاتەوە و دەتوانم بڵێم بە گشتی ئەو زمانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" پێی دەنووسێ، گونجاوترین و بێ هەڵەترین زمانی ڕۆژنامەوانییە و بەداخەوە ئەمە لە ڕۆژنامەکانیتر نابینرێ. هەر لێرەشەوە ناکرێ ڕۆڵی ئەو دڵسۆزانە لەبەر چاو نەگرین کە بە پەرۆشەوە ڕۆژنامەی کوردستانیان تا ئەمڕۆ هێناوە، بێگومان کار کردن لەسەر زمان کار کردنە لەسەر نەتەوە و ڕۆژنامەش نووسینەوەی نەتەوەیە لەسەر کاغەز، کە من پێم وایە لەگەڵ هەموو کەموکوورییەکان ڕۆژنامەی کوردستان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لەم بوارەدا خزمەتی بەرچاوی کردوە.


**"کوردستان" چەندە توانیویەتی ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و هەڵگر و بانگەشەکەری گوتاری خەڵکی کوردستان بێ؟**

**کاوە ئاهەنگەری:** بە هۆی ئەوەیکە "کوردستان" زمانحاڵی ڕەسمیی حیزبێکی سیاسییە و نایاساییە لە وڵاتەکەیدا، بۆ وڵام بەم پرسیارە بارودۆخی "حدك"یش لە بەرچاو بگرین. بۆیە بێگوومان ئەو دۆخەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تێیدا دەژی، شوێن دانەر بووە لە زۆر بارەوە. بەڵام بە گشتی بۆ ئەم پرسیارە دەتوانم بڵێم کە چەند و چۆنیی حزووری حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ـ لە نێو خەڵکدا و ئاگادارییی ئەو حیزبە لە دۆخی ژیان و ئیش و ئازاری خەڵکێکی چەوساوە و خاکێکی بن دەست، دەتوانێ و توانیویێتی ڕەنگدانەوەیەکی جیددی بێ لە کەم و کەیفی ڕۆژنامەی کوردستان وەك زمانحاڵی ڕەسمی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت خەڵك و نیشتمان.

**مستەفا شەڵماشی:** دیارە نەخشی ڕۆژنامەی کوردستان بە پێی سەردەم و قۆناغی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە. لە سەر یەك دەتوانم بڵێم کە لە نێوان ویستە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان دا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و شان بە شان هەمیشە بووە. بە پێی ئیمکانات و گونجانی قۆناغی خەباتیش، بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی کوردستان هەمیشە هەوڵیان داوە کە ڕۆژنامەکە ئاوێنەیەکی باڵا نوێن بێ لە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوەی کە بۆ من هەمیشە جێگای شانازی و لێ وردبوونەوە بووە لە سەر ڕۆژنامەی کوردستان، چ ئەو کاتەی وەك نووسەر هاوکاریم لەگەڵ کردوە، چ ئەو کاتەی تەنانەت سەر نووسەری بووم و چ ئەوکاتەش کە بە داخەوە پەیوەندیم پێوەی نەماوە، ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە جێگای باوەڕی خوێنەرانی و خەڵکی کوردستان بووە. لە زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمیدا وەك بەڵگەنامە کەڵکی لێوەرگیراوە و باوەڕی پێ کراوە. کە وابێ بە ڕۆڵە گرنگەی کە ڕۆژنامەی کوردستان لە بانگەشە کردن بۆ ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دا وەعۆدەی گرتووە و بەو باوەڕەی کە ڕووناکبیرانی ئەو خەڵکە بە ڕۆژنامەکەیان هەبووە، بڵێین کە بەڵێ ڕۆژنامەی کوردستان هەڵگرو بانگەشەکەری وتارو گەفتومانی خەڵکی کوردستانە.

**جەماڵ نەجاڕی:** لە گەڵ ئەوەی ماوەی ٣٠ ساڵە ڕۆژنامەی کوردستان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووەو بە شێوەیەك دوور بوو لە خوێنەرانی خۆی. بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لە وەستان بکەوێ. لە گەڵ ئەوەشدا خوێنەری جیددی دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرێ کە ڕۆژنامەی کوردستان قۆناغی زۆر نالەباری بڕیوە تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە. دیارە

دەرکردنی ڕۆژنامەك پێویستی بە ئیمکاناتی زۆرە و بە بۆچوونی من ڕۆژنامەی کوردستان هەمیشە پەیامی ئەوە بووە کە دەنگی حەقبێژی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و ئەو خەم و مەینەتییانەی بە سەر نەتەوەکەماندا هاتووە لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە. لە هەمان کاتدا هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی بووەو لە سەر پرسە چارەنووسسازەکان لە بەشەکانیتر هەڵوێستی خۆی دەر بڕیوە و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی هیچ لایەنێك و بۆ ئەمەش دەکرێ بەڵگەی زۆر بێنینەوە کە لەم دەرفەتە کورتەدا ناگونجێ ئاماژە بە هەموویان بکەم.



**خالید محەممەدزادە:** زۆر بە کەمی ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردوە. گرفتی گەورەی "کوردستان" تا ئەو چەند ساڵەی دوایش بڵاونەبوونەوەی بووە لە نێو خەڵکدا. زۆر جار دۆستانی دەستەی نووسەران دەیانگوت ئێمە ڕۆژنامە بۆ ئارشیو چاپ دەکەین. ئەمە بە مانای ئەوە بوو کە ڕۆژنامە بڵاونەدەکرایەوەو بە دەستی خەڵکی نەدەگەیشت. ڕۆژنامەی کوردستان وەك هەموو ڕۆژنامە حیزبییەکان قەت نەیتوانیوە تریبوونی کۆمەڵگا بێ. بە هەر حاڵ بە حوکمی حیزبی بوونی، ڕۆژنامەی کوردستان ئەوەندە حیزبی بووە، کوردستانی نەبووە. بە هەر هۆیەك بێ نەیتوانیوە تریبوونی کۆمەڵگای کوردی لە ئێران بێ. ئەمەش بەرهەمی دیدی بەرپرسانی حیزبی بۆ کاری ڕۆژنامەی کوردستان بووە. نەیتوانیوە شوێنی گوفتومانی خەڵکی کوردستان بێ. دەتوانین بڵێین پێش ئەوەی تریبونی خەڵکی کوردستان بووبێ، تریبونێك بووە بۆ ئامۆژگاری کردنی خەڵکی کوردستان! گرفتی ئەو جۆرە ڕۆژنامانە یەك ئاراستەبوونیانە. ڕای جیاوازی تێدا نابینرێ. تەنانەت تریبونێکی ئازادیش نیە بۆ ئەندامانی حیزبەکەی چ بگا بەوەی سەکۆیەك بێ بۆ گوفتومانی خەڵکی کوردستان.

**پێگە و ستاتۆی "کوردستان" لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟**

**مستەفا شەڵماشی:** بێگومان ڕۆژنامەی کوردستان پێگەو ستاتۆتێکی بەرزی هەیە لە مەیدانی ڕۆژنامەوانی لە هەموو کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. هەڵبەت ئەو ستاتۆتە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێ. جاری وایە نەخشی تاقانەی مەیدانی هەبووە و جاری واشە یەکێك لە مۆرە سەرەکییەکان بووە. بەڵام ئێستاشی لە گەڵ بێ ڕۆژنامەی کوردستان گرنگیی خۆی لە دەست نەداوە و جێگای دیاری خۆی هەیە لە مەیدانی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا. ئێستا کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ڕێگا لە هەموو چالاکییەکی فەرهەنگی گرتووە، ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وڵات دیسان نەخشی سەرەکی وەردەگرن و لە نێویاندا کوردستان بێشك جێگای یەکەم دەگرێتەوە. مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان بە تەواوی پێگەی خۆی بزانێ و تەنیا وەك ئۆرگانێکی حیزبەکەی خۆ دەرنەخاو بگرە ڕۆڵی نەتەوەیی خۆی لە هەمووو بوارەکاندا ببینێ.

خالید محەممەدزادە: ڕۆژنامەی کوردستان لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی لە ئێران پێگەی خۆی هەیە، سەردەمی کۆماری کوردستان ڕۆڵی باشی هەبووە. بە تایبەت تۆ ناتوانی لە پۆلێنبەندی کردنی ڕۆژنامەوانی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لە بەر چاو نەگری. لە نێو ڕۆژنامە حیزبییەکان دیاریترین ڕۆژنامەی حیزبی نەتەوەیی بە حیساب دێ، کە زۆرترین قسەی بە نیسبەت ڕۆژنامە حیزبییەکانی دیکە لە سەر کورد کردوە.

**جەماڵ نەجاری:** دیارە سەدەیەك بە سەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا تێدەپەڕێ و لەم ماوەیەدا گەلێ ڕۆژنامە هاتوونەتە ئاراوەو لەو ناوەدا هەرکام بە نۆرەی خۆیان هەوڵیان داوە خزمەت بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بیکەن، بە باوەڕی من ڕۆژنامەی کوردستانیش ئەرکی ئەم خزمەتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتۆتە ئەستۆو ئەوەی کە سەرکەوتوو بووە، یان نا دەگەڕێتەوە سەر خوێنەرانی ڕۆژنامەکەو جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەڵسەنگاندنی پێگەی ڕۆژنامەی کوردستان کارێکی ئاسان نیەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیەو دەبێ بیرو بۆچوونی کۆمەڵانی خەڵك وەربگیرێو بە پێی ئەو قۆناغە سیاسییەی وەشانی کردووە پێگەی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دیاری بکرێ، بۆیە من هەڵسەنگاندنەکە بۆ خودی مێژوو دەهێڵمەوەو داهاتوو لە سەر ئەمە قەزاوەت دەکا.

کاوە ئاهەنگەری: ئێمە باس لە ڕۆژنامەیەك دەکەین کە لە لایەن حیزبێکی تاراوگەنشینەوە دەردەچێو نایاساییەو حیزبی بوون لە ئێراندا هیچ مەجالێکی یاسایی نیەو بەو پێیەش هاتوچۆی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێو دەستی خەڵك دا کارێکی نایاسییە. بۆ نموونە ئەوکات کە من ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی حیزب لە شاری بۆکان بووم، جارێك تازەترین ژمارەی کوردستانم لە کۆیەڕا هێناوە بۆکان و دەست بە دەست و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە لەوانەیە ئاخرین کەس کە ڕۆژنامەکەی دەدی نزیك بە دوو مانگێك لە دەرچوونی ڕۆژنامەکە گوزەرا بوو. کە وابوو بێجگە لە وتار، خەبەرو باسە بەڕۆژەکان تەواو کاتیان بە سەر چووبوو، بۆیە ناتوانین ڕۆژنامەی کوردستان وەك سەرچاوەیەکی ڕۆژانەی هەواڵ و خەبەر بۆ خەڵك بە حیساب بێنین، مەگەرئەندامان و لانگرانی نهێنی حیزب کە شتێکی جیایە. هاتنە ئارای کاناڵی ڕاگەیاندنی دیکە وەك تیڤی و ئینتێرنێت ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستان وەك کاناڵێکی هەواڵنێری بۆ خەڵکی کوردستان کەمتر دەکاتەوە. بۆیە بە باوەڕی من ڕۆژنامەی کوردستان زۆرتر لە باسی تیۆری و شرۆڤەکاریدا توانیویەتی و دەتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. وەك مێژووی ڕۆژنامەگەریش بێگومان ڕۆژنامەی کوردستان بەدوای تێپەڕ بوونی چەند دەیە لە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەندامێکی بڵێندباڵای مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردییە. نەك تەنیا "کوردستان" بەڵکوو بە سەرنجێکی سەر پێیی جێ پەنجەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بە زەقی دەردەکەوێ.

**"کوردستان" چۆن لە گەڵ گۆڕانکارییەکان لە زانستی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانیی سەردەمدا بەراورد دەکەی؟ ڕەخنەو پێشنیارت بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە "کوردستان" دا چییە؟**

**مستەفا شەڵماشی:** جێگای خۆشحاڵییە کە ئاڵو گۆڕە تکنیکی و فەرهەنگییەکان تا ڕادەیەك بە ڕوخساری ڕۆژنامەکەوە دیارن. بەڵام ئەوەندەی کە دەبینرێن بەس نین و زۆر ئیمکاناتی تکنیکی، پەیوەندییەکان و فەرهەنگی هەن کەتا ئێستا کەڵکی تەواویان لێ وەرنەگیراوە. لە باری نیوەڕۆکەوە پێویستە "کوردستان" هەوڵ بدا زۆرتر کەلێنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکەی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکاتەوە.لە باری تکنیکییەوە دەکرێ کاری زۆرتر هەم لە بواری دیزاین و هەم لە باری ستایلەوە بکرێ و ئاڵ و گۆڕی جوانتریشی بۆ بکرێ. لە باری پەیوەندییەوە پێویستە زۆرتر کەڵك لە گەورە ڕێگای دیجیتاڵ وەرگیرێ و بێ ئەوەی خەرج بچێتە سەر تیراژی ڕۆژنامەکە زیاتر بکرێ. بۆ ئەو مەسەلەیە تەنیا ئەوەندە بەسە کە ستافی ڕۆژنامە کۆمەڵێکی زۆرتر ئیمەیل کۆ کاتەوە و ڕاستەو خۆ ڕۆژنامەکەیان بۆ بەڕێ بکا.

**خالید محەممەدزادە:** بە داخەوە "کوردستان" نەیتوانیوە بە پێی گۆڕانکاریەکانی ڕۆژنامەوانی هەنگاو بنێت. ئەگەر ڕۆژنامەیەکی باش بۆ حیزبەکەی بووبێت، (گومانم هەیە) ئەوە ڕۆژنامەیەکی دڵخواز بۆ خوێنەر نەبووە. هەڵەیەکی گەورە دەکەن پێتان وابێت خوێنەر لە بەر (حدك) ڕۆژنامەی "کوردستان" دەخوێنێتەوە. خوێنەر زانیاری دەوێت. جا (کوردستان) ئەو زانیارییە بدات یا هەر ڕۆژنامەیەکی دیکە. بەراستی ئەگەر ڕۆژنامەی ئیدئۆلۆژیکیمان لەم سەردەم مابێ، ئەوە خوێنەری ئیدئۆلۆژیکمان نەماوە. خوێنەر بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕوو لە هەموو تریبونێك دەکات کە مافی خۆیەتی. ڕۆژنامەوانی سەردەم وێڕای پێویسبوونی بە ئیمکاناتی سەردەم پێویستی بە ڕۆژنامەنووسی سەردەم هەیە نەك وتارنووس. کە "کوردستان" لە هەر دوو بوارەکە بێبەش کراوە. ڕۆژنامەوانی سەردەم پێویستی بە کارکردن بە یاساو نۆرمەکانی ڕۆژنامەوانی سەردەم هەیە نەك یاسای نەنووسراوی حیزبی و زەوقی بەرپرسان. حیزبی بوونی "کوردستان" بیانویەك بووە بۆ زیندانیکردنی ئەو ڕۆژنامەیە. ئێمە لە قۆناغێکدا ین بێ ڕاگەیاندن ناتوانین بژین. کەواتە هیچ بیانویەك نیە بۆ بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندنی تەمبەڵ و شەرمێون. بە بڕوای من لە ناو (حدك) ترسێکی گەورە لە ئازادی ڕاگەیاندن هەیە. تا ئەو ترسەش نەڕەوێتەوە مەحاڵە چاوەڕوانی زیاترمان لە ڕاگەیاندنی (حدك) بێت. نابێت کارکردی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەراورد بکرێت لە گەڵ ڕۆژنامەیەکی ئۆردوگانشینی وەك خۆی. دەبێت بچێتە شەڕی ڕۆژنامە بە ناوبانگەکانی دیکە بۆ یەکەم بوون لە ڕۆژنامەوانی کوردی.

**کاوە ئاهەنگەری:** ئاستی زانستی ڕۆژنامەوانیی پێوەندییەکی تەواوی بە ئاستی پێشکەوتەیی و پەرەسەندنی وڵاتەوە هەیە، بۆیە هەر وەکی ناکرێ و ناتوانین ئاستی زانستی ڕۆژنامەوانیی نیشتمانێکی بندەست لە وڵاتێکی دواکەوتوو و نائازاددا لە گەڵ وڵاتێکی ئازاد و پێشکەوتوودا بەراوردبکەین، باشتر وایە کە ڕۆژنامەی "کوردستان"یش

لە گەڵ ڕەقیبان و لە وڵاتەکەی خۆیدا هەڵسەنگێندرێ و باسی لێوە بکرێت. بە لە بەر چاو گرتنی هەموئەم کەم و کوڕیی و بەربەست و گیر و گرفتانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێت، بەڵام هەتا ڕۆژنامەیەکی حرفەیی مەودایەك هەیە کە زۆر هۆکاری وەك تاراوگەبوون، نایاساییبوون لە ئێراندا، کەم و کوڕی لە باری ماڵی و هەبوونی دامودەزگای پرۆفیشیوناڵ...هتد، هەمووی ئەوانە دەتوانن لە پانتای کارو چالاکیی کەم و کەیفی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا شوێندانەر بن.

**جەماڵ نەجاری:** دیارە بەراوردکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە گەڵ ڕۆژنامەوانی سەردەم دەکەوێتە خانەی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییەی کە باسم کرد، بەڵام لەوایاندا بە باوەڕی من ڕۆژنامەی "کوردستان" هەوڵی جیددی نەداوە و ئەوەندەی بایەخ بە ناوەڕۆك و زمانی ڕۆژنامەکەی داوە، بایەخی بە لایەنی ڕۆژنامەوانی سەردەم نەداوە، چونکە یەکێك لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامەوانی سەردەم ئەوەیە کە هەواڵ و ڕووداوەکان بە خێرایی و لە ماوەیەکی دیاریکراو بە خەڵك ڕابگەیەندرێ و ئەو وتارو بابەتانەی بڵاودەبنەوە ئاوێنەی هزرو بیری خەڵك بێت، ڕۆژنامەی "کوردستان" لە بەر ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە تێیدا ژیاوە مانگێ دوو جار واتە ١٥ ڕۆژ جارێك دەرچووە و لەم لایەوە نەیتوانیوە بە خێرایی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتد، بە خوێنەرانی خۆی بگەیەنێت، چونکە لەو سەردەمەی ئێستادا ڕۆژنامەگەری ئەلکترۆنی پێگەیەکی بەهێزی لە ناو خەڵکدا هەیە و ئاستی هوشیاری خەڵکیش پەرەی سەندووە و خەڵك چاوەڕوانی زیاتریان لە ڕۆژنامەی "کوردستان" هەیە و دڵنیام خەڵك بەوەی ئێستا بڵاودەبێتەوە تەنیا بە چاوی ڕۆژنامەیەکی حیزبی سەیری دەکەن و لە مەیداندا بە باوەڕی من خەڵك لە پێشەوەن و ڕۆژنامەی"کوردستان" دەبێت لە گەڵ هەموو کەموکوڕییەکان ئاڵوگۆڕی جیددی لە شێوازی دەرچوونی خۆی بکات و خۆی لە گەڵ زانستی ڕۆژنامەوانی سەردەمدا بگونجێنێ و بۆ ئەمەش پێویستە ڕاگەیاندن بە کەسی کارامە و شارەزا و پسپۆڕ بسپێردرێ و پارە و ئیمکاناتی باشی بۆ تەرخان بکردرێ لەم قۆناغەی ئێستادا کە لە باشووری کوردستان دەردەچێت لانیکەم بە شێوەی هەفتانە بڵاوبکرێتەوە، چونکە لە گەڵ هەر ئاڵوگۆڕییەکی سیاسی لە ئێران بە بۆچوونی من دەبێ حیزبی دێموکراتی کوردستان توانای ئەوەی هەبێت ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەر بکات و بۆ ئەمەش هەر لە ئێستاوە پێویستە بایەخی زیاتر بە بەشی ڕاگەیاندن بدرێ و پلان و بەرنامەی دوارۆژ دیاری بکرێت و جۆرێك لە سیستەمی دامەزراندن لە بەشی ڕاگەیاندن بخرێتە بەر باس و کەسانی بە توانا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لە ئێستاوە پێویستە حیزب ئاڵوگۆڕی جیددی لە ڕاگەیاندنی خۆیدا بکات، وەك چۆن ڕاگەیاندنی خۆی ئاڵوگۆڕی جیددی بەسەردا هاتووە.



# ئازیزانی لە دەستچووی کاروانی ئەم "کوردستان"ە

**قادر وریا**

مێژووی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەشێکی گرنگ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێك دێنێ. ئەم مێژووە، بە قەرا مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە. چونکە هەر لە یەکەم ساڵی دامەزرانی حیزبەوە، بڵاو بوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەستی پێکردوە و وەك ئەو حیزبەی ڕۆژنامەکە، زمانحاڵی بووە، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و، سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپ و هەوراز و لێژێك درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.

کە دەڵێم ئەم مێژووە بەشێکی گرنگە لە مێژووی حیزب، وشەی گرنگم بە ڕێکەوت نەهێناوە. گرنگییەکە لە چەند بارەوەیە:

یەکەم، لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژووی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ڕێبەران و داڕێژەرانی سیاسەتەکانی حیزب، لە بەرپرسان و نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون و، وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامە، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن، بۆچوون و ڕوانینی ئەوان بووە. ئەگەرچی زۆربەی ئەو نووسینانە بە داخەوە ناوی نووسەرەکانیان لە سەر نیە، بەڵام بە هۆی ئەوانەوە تێ دەگەین کە سیاسەتداڕێژان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە چلۆن سەیری ڕووداو و ئاڵوگۆڕ و پرسەکانی سەردەمی خۆیان کردوە.


دووهەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی لە ٤ و٣ دەیەی یەکەمی تەمەنیدا ناوەندێکی تایبەت بۆ ڕاگرتن، پاراستن و تۆمار کردنی بەڵگەنامە سیاسییەکانی خۆی نەبووە. لاپەڕکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو ماوەیەدا بەشێکی بەرچاو لەو بەڵگەنامانەیان گرتۆتەخۆ و، ڕوانین و هەڵوێستی ڕێبەریی حیزب بەرامبەر بە ڕووداوەکانی سەردەمیان تێدایە و، ئاگادار بوون لەوان، بۆ نووسینەوەی مێژووی حیزب پێویستە. هەر بۆ وینە ئەوانەی لێکدانەوەیان لە بارەی جمهوریی کوردستان کردوە پتر لە هەر شتێکی دیکە پشتیان بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە بەستوە.

سێهەم، فۆرم، قەوارە، دیزاین، پیتچنی و جۆری چاپی ڕۆژنامە لە هەر سەردەمێکدا نیشاندەری ئەو بارودۆخەیە کە ڕۆژنامەی تێدا بڵاو بۆتەوە و، حیزبەکە، خەباتی تێدا کردوە. وردبوونەوە لەوان، تێمان دەگەیەنێ کە لە چ هەلومەرجێكدا و بە چ ئیمکاناتێك کاری چاپ و بڵاو کردنەوە کراوە.

چوارم، ڕۆژنامەی "کوردستان" هەر لەو کاتەدا کە پەروەردەی دەستی سیاسییەکان و ڕووناکبیرانی قەڵەم بەدەستی ئەو حیزبە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا بووە و جێ پەنجەی ئەوانی لە بواری جیاوازدا (بیرو زەوقو شێوازی نووسین و زمانەوانی و....) پێوە دیارە، قوتابخانەی پەروەردە کردنی بە دەیان ئۆگری نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی بووە. زۆر لەوانەی گرۆگاڵی نووسینیان لە قوتابخانەی "کوردستان"دا دەست پێ کردوە و یەکەم نووسینەکانیان لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو بۆتەوە، دواتر لە ئاستی ڕاگەیاندنی کوردیدا بوون بە ناوێکی دیار و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارێکی بەوەجیان لێ دەرچووە.

دەرچوونی ژمارە ٥٠٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان" دەرفەتێکە بۆ ئەوەی، بە ڕێزەوە یادی ئەو کەسانە بکەینەوە کە لە درێژایی ئەو مێژووەدا، لەم ڕۆژنامەیەدا خزمەتیان کردوە. بەو هۆیەوە کە ئەو کەسانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان ساڵانێك لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان کردووە یەکجار زۆرن، لەم بۆنەیەدا تەنیا یادێك لەوانە دەکەینەوە کە لەم دەورەیەدا، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کاریان کردوەو بەداخەوە تا ئێستا لە ژیان دا نەماون.

**عوسمان یەزدانپەنا (جەلال میراوەیی)**




عوسمان یەزدانپەنا کە لە نێو هاوڕێیانیدا بە جەلال میراوەیی ناسرابوو، لە یەکەم ژمارەکانی ئەم دەورەیەی کوردستان ڕا (کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ ڕا دەست پێ دەکا)، لە ڕۆژنامە، کاری فەننی و ئامادەکردنی کردوە. جەلال تا سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و تا شەڕی سێ مانگە، کار لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی درێژە پێدا. بێجگە لە کاری پیتچنی و تەکسیر، بە نووسین و وەرگێڕان و ئامادە کردنیش لە ژمارەکانی ساڵانی ١٣٤٩ تا ١٣٥٨ی "کوردستان"دا بەشداریی چالاکانەی هەبووە. مانگی خەرمانانی ١٣٥٨ لە کاتی گەیاندنی یارمەتی بۆ هاوڕێیانی پێشمەرگەی لە نزیك "گرژاڵ" دەکەوێتە نێو بۆسەی ستوونێکی نیزامی کە هێرشیان کردبووە سەر ئەو ناوچەیەو زەبرێکی قورسیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لێ درابوو. هەر بۆیە کاتێك جەلال میراوەیی دەکەوێتە دەستیان، هەر ئەو ڕۆژە شەهیدی دەکەن.

**دوکتۆر سوڵتان وەتەمیشی**


دوکتۆر سۆڵتان وەتەمیشی کە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کومیتەی ناوەندیشدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵ بژێردرا بوو، وەك ئەندامانی دیکەی دەفتەری سیاسی لەم دەورەیەدا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان " بووە. بەو جۆرەی لە مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادەم بیستوە، لەو ژمارانەی "کوردستان" کە لە ساڵانی ١٣٥٢ ـ ١٣٥٠دا بڵاو بوونەوە، نووسینی دوکتور وەتەمیشی هەیە. ناوبراو ساڵی ١٣٥٢ لە پێوەندی لە گەڵ پسپۆرییەکەیدا (پزیشکی نەشتەرگەر) دەچێتە وڵاتی لیبی و لەم ڕۆژنامەیە دوور دەکەوێتەوە. دوکتور وەتەمیشی لەمێژ ساڵە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام بە داخەوە بەروونی نازانم لە چ ساڵێك دا کۆچی دوایی کردوە.

**مامۆستا هێمن موکریانی**



حەمەدەمینی شێخولئیسلامی موکری (هێمن موکریانی) کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش دا، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بە شێعرە نیشتمانی و جوانەکانی، دەڕازاندەوە، لە یەکەم ژمارەکانی ئەم دەورەیەی "کوردستان"ڕا ١٣٤٩ (١٩٧١) دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی. مامۆستا هێمن لەو کاتەوە تا بەهاری ١٣٥٩ کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دادەبڕێ بە شێعرو نووسین و دەسگرتن و ڕێنوێنیی ئۆگران و هاوکارانی ئەم ڕۆژنامەیە لە باری ئەدەبی و زمانەوانییەوە، چالاکانە هاوکاریی بەرەو پێشچوونی "کوردستان" دەکا.

**د. عەبدولڕەحمان قاسملوو**



بەر لەوەی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ لە بەغدا بڵاو بێتەوە، لە ئورووپا، دەورەیەکی دیکەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەردەچوو کە دوکتور قاسملوو، بە هاوکاریی کۆمەڵێك سیاسی و ڕووناکبیری نیشتمانپەروەری کورد، دەری دەکرد. دیارە ئەو دەورەیە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەر نەبوو تەنیا لە ژێر ناوەکەی دەنووسرا "لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ". پێشنیاری دەست پێکردنی دەورەیەکی نوێ "کوردستان"و پشتگرتنی، دەگەڕێتەوە بۆ دوکتور قاسملوو کە بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و پێکهاتنی هەلومەرجی نوێ لەو وڵاتە، قۆناغی خۆڕێکخستنەوەو زیندووکردنەوەی حیزی دێموکراتی کوردستانی لە بەردەم حیزب دا دەدەی. د. قاسملوو جگە لەوەی سەرنووسەرو ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٣٤٩ تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) بوو، هەتا کاتی شەهید بوونی (هاوینی ١٣٦٨) لە نووسین بۆ ئەم ڕۆژنامەیەو، ڕێنوێنی، هاوکاری و پشتیوانیی جۆراوجۆری دەستەی نووسەران و کادری فەنیی "کوردستان" غافڵ نەبوو. وتووێژو وتارو نووسینەکانی دوکتور قاسملوو، لە نێو بابەتەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا لە باری نێوەڕۆك و بەرزیی ئاستی لێکدانەوە جێگایەکی تایبەتیان هەیە.


**د. سادق شەڕەفکەندی**



د. سادق شەڕەفکەندی دوای بەجێ هێشتنی زانکۆی تاران و گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە سەر داوای ڕێبەرایەتیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩دا، بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ئەرکی سەرنووسەریی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی گرتە ئەستۆ. کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی کورد، کە بە شێوەی زنجیرە، ساڵانی ١٣٥٩و ١٣٦٠و ١٣٦١ لە "کوردستان" بڵاو بوونەوە، بە یەکەم نووسینەکانی دوکتور شەڕەفکەندی لەم ڕۆژنامەیەدا دەژمێردرێن.

لە دوای کۆنگرەی ٨ی حیزب (زستانی ٦٦) جارێکی دیکە ئەرکی سەرنووسەریی ڕۆژنامەو بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی کەوتەوە سەر شانی دوکتور شەڕەفکەندی و، هەتا شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە پووشپەڕی ١٣٦٨، وەك نووسەر و سەرنووسەر لەم ڕۆژنامەیەدا کاری کرد. هەڵبژاردەیەك لەو ژمارانەی دوکتور شەڕەفکەندی لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا بڵاوی کردوونە، لە دە ساڵەی شەهیدبوونیدا، لە گەڵ کۆمەڵێك وتاری دیکەی کە لە ڕادیو دەنگی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە، کراون بە کتێبێك. لە وتاری "کوردستان، سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان" کە لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا بڵاوبۆتەوە، ئاماژە بە ڕۆڵی د. شەڕەفکەندی لە بەرەو پێشبردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا کراوە.

**عەبدوڵڵا شەریفی**



کاك عەبدوڵڵا شەریفی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب، لەو لاوە شۆڕشگێڕو تێگەیشتووانە بوو کە لە ڕۆڵ و بایەخی نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی و پێویستیی مرۆڤی سیاسی و خەباتکار بە نووسین، ئاگادار بوو. لە نێوان کۆنگرەی ٨ بۆ ٩ی حیزب ساڵی (١٣٦٩)، بوو بە هاوکاری دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان". وێڕای بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران و بەشداری لە باسە سیاسییەکاندا بە نووسینی وتار، هاوکاریی ڕۆژنامەی دەکرد.ئەم هاوکارییە هەتا کاتی شەهید بوونی لە ٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٣ بەر دەوام بوو. دەبێ بگوترێ تێکۆشان لە مەیدانەکانی دیکە (تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و بەڕێوەبردنی هێزو کومیتەکانی حیزب لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کاتێکی زۆر کەمی بۆ هاوکاریی ئەو لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"دا دەهێشتەوە. بەو حاڵەش، لە هاوکاریی ڕۆژنامە دریغی نەدەکردو بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی لەم ڕۆژنامەیەدا بۆ خۆی بە شانازی دەزانی.

**تاهیر حوسێن پوور**



کاك تاهیر حوسێن پوور ، خەڵکی دێی سەرگێزی شنۆ بوو. ئەو کاتەی لە ئێران خوێندکاری زانکۆ بوو، ببووە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. کاتێك ناچار بوو خوێندنی زانکۆ بەجێ بێڵێ و ڕووی کردە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب، و لە فێرگەی سیاسی - نیزامی بەشداری دەورەی سەرەتایی بوو، هەم لە باری ڕێکوپێکی و ڕەوشتەوە، هەم لە باری سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەکاندا، لە یەکەمەکانی دەورەکەیان بوو. هەر بۆیە سەرەتای ساڵی ١٣٧٧ بۆ کار لە بەشی فەننی ڕۆژنامە، داوامان کرد نەقڵی لای ئێمەی بکەن. لە ماوەی کار لە ڕۆژنامەشدا، نموونەی دڵسۆزی، ماندوویی نەناسی و ڕێکوپێکی بوو، بێجگە لە کاری پیتچنی و کاری فەننیی دیکە، دەستی کردبوو بە ئامادە کردنی بابەت. تا دەهات پتر تێکەڵ بە کارەکانی ڕۆژنامە دەبوو. هاوینی ١٣٧٨، دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەی تایبەت بە ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، لە سەر داوای کادرە تەشکیلاتییەکانی ناوچەی شنۆ و پێداگریی خۆی، بۆ مەئمووریەتی تەشکیلاتی و بە کۆمەڵێك ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە چووە ئەو ناوچەیە. بەڵام بەداخەوە لەم سەفەرە نەگەڕایەوەو لە نزیك "شێخان" کەوتە کەمین و گیانی لە دەست دا.

**سەید سەلام عەزیزی**



سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە بەهاری ساڵی ١٣٧٢وە هاوکاری لە گەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەست پێ کرد. کاك سەلام وێڕای بەشداری لە کۆبوونەوە و باسەکانی دەستەی نووسەراندا و، سەرەڕای کار و بەرپرسایەتیی دیکەی حیزبی، بەگوێرەی توانا، بەشداریی لە نووسینی وتار و بابەت بۆ ڕۆژنامەدا دەکرد و هێندێك جاریش ئەگەر لە زمانی عەرەبییەوە پێویستیمان بە وەرگێڕانی بابەتێك هەبا وەری دەگێڕایە سەر زمانی کوردی هاوکاریی کاك سەلام لە گەڵ "کوردستان" تا کاتی کۆچی ناوەختی لە پووشپەڕی ١٣٦٨دا درێژەی هەبوو.

**کەریم حیسامی**



مامۆستا کەریم حیسامی، لەو نووسەرو وەرگێڕانە بوو کە لە دەورەی پێشتری "کوردستان" کە لە ئورووپا بڵاو ببۆوە، لە گەڵ دوکتور قاسملوودا هاوکاری کردبوو. لە سەرەتای ئەم دەورەیەی ئێستاش ڕا واتە لە یەکەم ژمارەوە کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ (فێوریەی ساڵی ١٩٧١) بڵاو بۆتەوە، وەك ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و وەك ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە، کاری نووسین و وەرگێڕانی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کردوە. هاوکاریی ئەم نووسەرو وەرگێڕە بەتوانایە لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران درێژەی هەبوو.

**عوسمان ڕەحیمی**



دوایین ئازیزی لە دەستچووی "کوردستان" کاك عوسمان ڕەحیمییە کە خەرمانانی ١٣٨٦ بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد. کاك عوسمان هەم لەو ڕۆژنامەیەدا کە لە ژێر ناوی "کوردستان" وەك ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بڵاو دەبۆوە، هەم لەو دەورەیەی ئێستای "کوردستان" لە نێوان کۆنگرەی ١٢ ـ ١٣دا وەك ئەندامی دەستەی نووسەران، کاری نووسین و وەرگێڕانی کردوە و کۆمەڵێك نووسین و وەرگێڕانی پڕ نێوەڕۆك و جوانی وەك یادگار لە پاش بەجێ ماون.

بە بۆنەی دەرچوونی پێنجسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای "کوردستان"، بە ڕێز و ئەمەگناسییەوە بیری ئەو ئازیزە لەدەستچووانەی ڕۆژنامەکەمان دەکەینەوە و ناو و یادو تایبەتمەندییە بەرز و جوانەکانیان لە کۆڕی تێکۆشەرانی سەنگەری "کوردستان"دا بەرز ڕادەگرین.